

لە یادی شازدەی ئابدا،

سڵاو و درود بۆ گیانی پاکی دامەزرێنەری پارتیمان رێبەری نەتەوەیی بارزانی نەمر و کاکە ئیدریسی هەمیشە زیندوو.

بەیاننامەی پارتی دیموکراتی کوردستان لە حەفتاو چوارەمین ساڵیادی دامەزراندنیدا

هەوڵەکانی پارتی بۆ ئەوەیە هەموو تواناکان یەکبخرێن لە پێناو پاراستنی شکۆ و بەرژەوەندییە بااڵکانی گەلی کوردستان



لەمین ساڵیادی دامەزراندنی پارتی دیموکراتی کوردستان

74

١٦ی ئابی ١٩٤٦ - ١٦ی ئابی ٢٠٢٠

تا ژیان بەردەوام بێ، خەبات بەردەوامە

ماسك بەستن

XEBAT


خەبات

رۆژنامەیەکی سیاسیی رۆژانەیە
ئۆرگانی پارتی دیموکراتی کوردستانە

ژمارە(5987) یەکشەممە 16ی ئابی 2020 "16" لاپەڕە "500" دینار

لە پەیوەندییەکی تەلەفۆنیدا سەرۆک وەزیرانی هەرێمی کوردستان و سەرۆک وەزیرانی عێراقی فیدرال لە سەر چەند هەنگاوێکی سەرەکی بەرەو چارەسەرکردنی کێشەکان رێککەوتن

بڕیاردرا بە پێی دۆخی دارایی ئێستای عێراق، لە نزیکترین کاتدا گوژمەی 320 ملیار دینار وەک بەشە موچەیەک لە بەغداوە بۆ هەرێم بنێردرێت



دوێنێ شەممە 2020/8/15 لە پەیوەندییەکی تەلەفۆنیدا، مەسرور بارزانی سەرۆک وەزیرانی هەرێمی کوردستان و مستەفا کازمی سەرۆک وەزیرانی عێراقی فیدرال، کێشەکانی نێوان هەولێر و بەغدایان تاوتوێ کرد.

لەم پەیوەندییەدا جەخت لەوە کرایەوە کە دەستووری عێراق بنەمای چارەسەریی هەموو کێشەکانە و هەر رێککەوتنێک، دەبێت ڕەچاوی تایبەتمەندییەکانی هەرێمی کوردستان و بەرژەوەندیی گشت گەلانی عێراق بکات. هەر لەو پەیوەندییەدا هەردوولا ئاماژەیان بە پێشڤەچوونی ڕەوتی دانوستانەکان کرد، کە بەرهەمی دانوستانی چەندین مانگی شانەدانوستانکارەکانی هەردوولا بوو. لە سەر بنەمای ئەو لەیەکگەیشتنانەش، لە سەر چارەسەریی هەنوکەیی کێشەی موچەخۆرانی هەرێم رێککەوتن و بڕیاردرا ، بە پێی دۆخی دارایی ئێستای عێراق، لە نزیکترین کاتدا گوژمەی 320 ملیار دینار وەک بەشە موچەیەک لە بەغداوە ڕەوانەی هەرێم بکرێت. هەردوولا جەختیان لە بەردەوامیی دانوستانەکان بە ئاراستەی چارەسەریی هەموو کێشەکان کردەوە.

پەیامی پیرۆزبایی ڕێزدار مەسرور بارزانی بە بۆنەی 74ەمین ساڵیادی دامەزراندنی پارتی و لە دایکبوونی جەنابی سەرۆک بارزانی:

دامەزراندنی پارتی ڕۆحی بەرگریکردن و خۆڕاگری لە ناخی هەموو نیشتمانپەروەرێکدا زیندوو کردەوە

ڕێزدار مەسرور بارزانی پەیامێکی بەبۆنەی هەفتاو چوارەمین ساڵیادی دامەزراندنی پارتی دیموکراتی کوردستان و لە دایکبوونی سەرۆک بارزانی بڵاو کردەوە. مەسرور بارزانی لە پەیامەکەیدا ڕایگەیاندووە: دامەزراندنی پارتی وەک گەورەترین و سەردەمیانەترین حزبی دیموکرات و جەماوەری، لە فراوانترین پانتایی جوگرافی لە سەرتاسەری کوردستان، وەرچەرخانێک بوو لە خەباتی ڕزگاریخوازی گەلەکەماندا، کە هەمو ئازادیخوازێکی لە ژێر چەتر و ڕێبەرایێتی باوکی نەتەوەییمان بارزانی نەمر کۆ کردەوە و ڕوحی بەرگریکردن و خۆڕاگری لە ناخی هەمو نیشتمانپەروەرێکدا زیندوو کردەوە.

(دەقی پەیامەکە لە ل٣بخوێنەوە)

مەحمود محەمەد: لەبەر ڕێکارەکانی تەندروستی گردبوونەوە و مەڕاسیم ئەنجام نادەین



مەحمود محەمەد گوتەبێژ و ئەندامی مەکتەبی سیاسی پارتی دیموکراتی کوردستان، بەبۆنەی ٧٤ ساڵەی یادی دامەزراندنی پارتی ڕایگەیاند، یادکردنەوەی جەماوەری بۆ ساڵیادی دامەزراندنی پارتی، لە شێوەی گردبوونەوە و مەڕاسیمە جەماوەرییەکان، بەڕێوەناچن و، تەنیا لە ڕێگەی کەناڵەکانی میدیاوە بە شکۆوە ئەم یادە بەجۆش و خرۆشە لە نێو دڵ و دەروونی گەلە خۆڕاگرەکەمان و کادیر و لایەنگران و جەماوەری پارتی، بەرز و پیرۆز ڕادەگرێت.

(زیاتر لە ل٢بخوێنەوە)

یەکەمەکانی هەرێمی کوردستان تایبەت بە خەبات دەدوێن

14

ئەنجامی تاقیکردنەوە گشتییەکان ڕاگەیەنراو لە 144142 قوتابی 47328 قوتابی لە خولی یەکەم دەرچوون

6



دەوک...

بە گوژمەی 76 ملیار دینار ژمارەیەک پرۆژەی خزمەتگوزاری تەواوبوون

بەیاننامەی پارتی دیموکراتی کوردستان لە حەفتاو چوارەمین سالیادی دامەزراندنیدا

هەوڵەکانی پارتی بۆ ئەوەیە هەموو تواناکان یەکبخرێن لە پێناو پاراستنی شکۆ و بەرژەوەندییە باڵاکانی گەلی کوردستان

سازش لەسەر کەرکووک و ناوچە کوردستانییەکانی دیکەی دەرەوەی ئیدارەی هەرێم و هیچ مافێکی گەلەکەمان ناکەین



هاوڕێتیانی خۆڕاگری کوردستان
پێشمەرگە جوامێرەکان و کەسوکاری سەربەرزی شەهیدان
کادر و ئەندام و لایەنگران و جەماوەری تێکۆشەری پارتیان...

حەفتاو چوار ساڵ لەمەوبەر، پارتی دیموکراتی کوردستان لە هەناوی شکست و نائومێدی گەلی کوردستان لە دوای جەنگی دووەمی جیهانی دامەزرا و، توانی لە ناو شەوە زەنگی نائومێدیدا چرای ئومێد بۆ گەلی کوردستان دابگیرسێنێتەوە، هەر لەسەرەتای دامەزراندنیشەوە بوو بەو مینبەرەی کە دوور لە دیاردەی ناوچەگەری و جیاوازی ئایدیۆلۆژی و نەتەوەیی و ئایینی، چوارچێوەیەکی نیشتمانی بۆ وجودی کوردبوون و کوردستانی بوون دروست بکات و، ببێتە ئەو رەشاڵەی کە تەواوی کوردستانیان بە جیاوازییەکانیشەوە پێکەوە کۆبکاتەوە.

پارتی جیا لەوەی بە ئیلهامی فیکری رابەری نەتەوەیەان مستەفا بارزانی و سروشتی گیانی لێبوردەیی و پێکەوەژیانی نەتەوە و ئایینە جیاوازەکانی کوردستان، بەهاوکاری کۆمەڵێك رۆشنبیر و سیاسی تێکۆشەری گەلەکەمان، ڕێبازی بزووتنەوەی رزگاریخوازی کوردستانی دارشت، لە هەمانکاتدا پارتی بەرهەمی هەموو ئەو ئەزموونە کەڵەکەیەبوو کە ڕێبەرەکەی لە شۆڕشە جیاوازەکانی کوردستان و بەشداریکردنی لە کۆماری کوردستان لەگەڵ هەڤاڵەکانی بەدەستیان هێنابوو، هەر بۆیە لەگەڵ دامەزراندنی پارتی، قۆناغێکی تازە بۆ بیرکردنەوەی نیشتمانی و نەتەوەیی لەسەرتاسەری کوردستاندا هاتە ئاراوە و، زەمینەیەکی ئەوتۆی دروستکرد کە لەناو جیاوازی ئایدیۆلۆژی و نەتەوەیی و ئایینیدا، ئیرادەیەکی نیشتمانی ئەو تۆ بێتە بوون کە هەر هاونیشتمانیەکی کوردستان لە چوارچێوەی بزووتنەوەی رزگاریخوازی کوردستاندا هەست بەبوون و شکۆی خۆی بکات.

پارتی دیموکراتی کوردستان لەسەرەتای دامەزراندیەوە مەبەستی بوو بە کۆکردنەوەی هەموو تواناکان هێز بداتە هاوڵاتیان و مافەکانیان و، ڕێگەی ئاشتی و دیالۆگ و لێکتێگەیشتنی هاوبەشی بۆ چارەسەرکردنی کێشەکان بە ڕێگەیەکی ڕاست زانیووە، هەر لەم ڕوانگەیەشەوە بوو، پارتی و ڕێبەرەکەی، پێشوازیان لە شۆڕشی چواردەی تەممووزی ١٩٥٨ و دەستوورە کاتیەکەی کۆماری عێراق کرد، کە تیایدا ڕاشکاوانە دانیان بەوەدا نابوو (عێراق نیشتمانی هاوبەشی کورد و عەرەبە)، بەڵام کاتێك لایەنی بەرامبەر لەمە پاشگەز بووەوە، ئەوا پارتی ڕابەرایەتی شۆڕشی مەزنی ئەیلوولی کرد و ماوەی ٩ ساڵ لە خەباتی چەکداری و دانوستاندنی بەردەوامدا بوو تا ریککەوتنی ١١ی ئادار ١٩٧٠ ئیمزا کرا و، لەناو بەندەکانی ڕێککەوتنەکەشدا مافی هاونیشتمانیانی کوردستان بە تەواوی ئایین و نەتەوە جیاوازەکانیەوە چەسپێنرا. ئەمەش هۆکاری ئەوەیە کە لەسەرەتاوە هەتا ئێستاش جوگرافیای کوردستان لەناو سەرکردایەتی و کۆی ڕێکخستنەکانی پارتی ڕەنگدانەوەیەکی دیارو بەرچاوی هەیە.

لەدوای پیلانگێڕی دەوڵەتانی ئیقلیمی و پشتیوانەکەنیان و، نسکۆی ساڵی ١٩٧٥، پارتی دیموکراتی کوردستان، هەموو تواناکانی خۆی خستەگەڕ و جارێکی دیکە سەنگەرەکانی بەرگری لە شۆڕشی گوڵانی پێشکەوتنخوازدا ئاوەدانکردەوە و، لەناو ئایدیۆلۆژیەتی جیاواز و فرەحزبی کوردستانیشدا، توانی ئیرادەیەکی نیشتمانی دروستبکاتەوە بۆ بەدیهێنانی مافە ڕەواکانی گەلەکەمان، بیگومان ئەمەش لە دامەزراندنی بەرەی جود و دواتریش بەرەی کوردستانییەوە هاتە ئاراوە، ئەو بەرەیەی پێشڕەوایەتی ڕاپەرینی ساڵی ١٩٩١ ی گەلەکەمانی کرد و هەنگاوی بۆ هەڵبژاردن و دامەزراندنی پەرلەمان و حکوومەتی هەرێمی کوردستان هەڵگرت، کە ئەمانەش سەرەتای گۆڕینی شەرعیەتی شۆڕشگێڕی بۆ شەرعیەتی یاسایی و، هەنگاوی یەکەمی دیموکراتیزەکردن و بیناکردن و ئاوەدانکردنەوەی کوردستان بوون.

ئەزموونی حوکمڕانی هەرێمی کوردستان لەگەڵ ئەوەی لەبەر کۆمەڵێك هۆکاری بابەتی و زاتی بێ کەموکورتی نەبووە، بەڵام بەرەوامی و پاراستن و سەرکەوتنی ئەم ئەزموونە بووبە هۆکاری سەرەکی داننان بە قەوارەی شەرعی و دەستووری هەرێم لە دوای ڕووخانی ڕژێمی عێراق لە ساڵی ٢٠٠٣ و، نووسینەوەی دەستووری عێراقی فیدراڵدا، کە ئەمەش دەستکەوتێکی گرنگی دیکە بوو بۆ گەلەکەمان هاتەدی، هەر بۆیە پارتی دیموکراتی کوردستان وێڕای ئەوەی کە بە هەموو شێوەیەك داکۆکی لەمافە دەستوریەکانی گەلی کوردستان دەکاتەوە، لە هەمانکاتدا بە ئیلهام وەرگرتن لە فەلسەفەی دامەزراندیەوە هەموو هەوڵێکیشی خستۆتە گەڕ بۆ یەکڕیزی و یەکگرتوویی نێو ماڵی کوردستانی و تەبایی نێوان لایەنە سیاسیەکان، بۆ ئەوەی هەمووان پێکەوە ئەم کیانە بەڕێوەببەین و بپارێزین و، داکۆکی لەمافە ڕەواکانی گەلی کوردستان بکەین.

هەڤاڵانی تێکۆشەر

باروودۆخی سیاسی ئێستای جیهان و ناوچەکە و عێراق، باروودۆخێکی ناسەقامگیر و ئاڵۆزە، بەشێکی بەهۆی ئەو گۆڕانکارییانەیە کە لە هاوکێشە سیاسییە ئیقلیمی و نێودەوڵەتییەکان هاتوونەتە ئاراوە و، بەشێکیشی بەهۆی بڵاوبوونەوەی ڤایرۆسی کۆرۆناوەیە، کە لە هەردوو باردا کوردستان بەشێکە لەو واقیعە و دەبێت مامەڵە لەگەڵ ئەو هاوکێشە ئاڵۆز و قەیرانە هەمەجۆرانەدا بکات، ستراتیژییەتی سەرۆك مەسعود بارزانی و سەرکردایەتی پارتی دیموکراتی کوردستان بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ ئەم دۆخە لەسەر ئەو بنەمایە داڕێژراوە و، لەبەر ڕۆشنایی بەرژەوەندییە باڵاکانی گەلی کوردستان مامەڵە لەگەڵ کۆی قەیران و هاوکێشە ئیقلیمی و نێودەوڵەتییەکان دەکات، هەوڵەکانی پارتی بۆ ئەوەیە هەموو تواناکان یەکبخرێن لە پێناو پاراستنی شکۆ و بەرژەوەندییە باڵاکانی گەلی کوردستان و، کیانی سیاسیی هەرێمی کوردستان، لەم پێناوشدا سازش لەسەر کەرکووك و ناوچە کوردستانییەکانی دیکەی دەرەوەی هەرێم و هیچ مافێکی گەلەکەمان ناکەین و، بۆ بەدیهێنانی ئەم ئامانجانەش هەموو هەوڵێك خراوەتە گەڕ بۆ ئەوەی لە چوارچێوەی دەستووری عێراقدا کێشەکانی نێوان هەرێم و حکوومەتی فیدراڵ چارەسەر بکرێن و بگەینە چارەسەرێکی گشتگیر و ڕێککەوتنێکی پتەو، هەروەها لەسەر ئاستی پەیوەندییەکانی هەرێمیش لەگەڵ دەوڵەتانی دراوسێ، هەر لەسەرەتای دامەزراندنی پەرلەمان و حکوومەتی هەرێمی کوردستانەوە، هەوڵەکانمان بەو ئاراستەیە بوون کە لەسەر بنەمای دراوسێیەتی باش و بەرژەوەندی دووڵایەنەی هاوبەش پەیوەندییان لەگەڵ دراوسێکانی هەرێم هەبێت و ڕێگە نەدەین دەست لەکاروباری ناوخۆی هیچ لایەك وەربدرێ، بۆ ئەمەش هەموو ڕێگەیەکمان گرتۆتەبەر و سەرەڕای هاوسۆزشیان بۆ چارەسەری کێشەکان لە ڕێگای ئاشتی و بە شێوەیەکی دیموکراتیانە و دیالۆگ، داواشمان لە تەواوی لایەنە سیاسیەکانی پارچەکانی دیکەی کوردستان کردووە کە ڕیز لە سەروەریی هەرێمی کوردستان بگرن و بیانوو نەدەنە دەوڵەتە هاوسێکانی هەرێم، لەبەر ئەوەی ئەم کیانە سیاسییە جێگەی ئومێدی هەموو تاکێکی کوردستانە لە هەر شوێنێکی ئەم جیهانە بێت.

هاوڵاتیانی نازیزی کوردستان

پارتی دیموکراتی کوردستان دڵنیایە ئەگەر قوربانیدان و خۆڕاگری خەڵکی قارەمانی کوردستان نەبوایە ئەم دەستکەوتانە بەدەست نەدەهاتن و، ئێستایش بە پشتیوانی ئێوە نەبێ ناتوانێت قەیرانەکان تێپەڕێنێت و، کیانی سیاسیی هەرێمی کوردستان پارێزراو بێت، لەمڕۆماندا کە بەهۆی بڵاوبوونەوەی ڤایرۆسی کۆرۆنا و ناسەقامگیری لە پرۆسەی سیاسی عێراقدا، قەیرانی ئابووری بەرۆکی هەرێمی کوردستانی گرتووە و، کاریگەری لەسەر بژێویی و ژیانی ڕۆژانەی هاوڵاتیان دروست کردووە، هەموو هەوڵەکان بۆ تێپەڕاندنی ئەم قەیرانانە لەگەڵ لایەنە کوردستانییە دڵسۆزەکان خراونەتە گەڕ بۆ پشتیوانیکردنی سەرۆکایەتی هەرێم و حکوومەتی هەرێمی کوردستان لە جێبەجێکردنی پرۆژەی چاکسازی و چارەسەرکردنی کێشەکان لەگەڵ حکوومەتی فیدراڵی عێراق، هاوکات بەداخەوە هەندێك دەنگمان گوێ لێ دەبێت کە لەپێناوی مەبەستی تایبەتی خۆیان هەوڵدەدەن ئەم قەیرانانە بقۆزنەوە و پێگەی هەرێمی کوردستان لەناو پرۆسەی سیاسی عێراق و ناوچەکەشدا لاواز بکەن، بەئامانجی دروستبوونی ناسەقامگیری سیاسی لەکوردستان و، ناچارکردنی دەسەڵاتی سیاسی لە هەرێمدا کە سازش لەسەر مافە دەستووریەکانی گەلی کوردستان بکات، بەڵام پشت ئەستوور بە خۆڕاگری و قارەمانییەتی خەڵکی کوردستان، پارتی دیموکراتی کوردستان لەکاتێکدا هەموو هەوڵی خۆی خستۆتەگەڕ بۆ چارەسەرکردنی ئەم کێشانە بەڕێگەی دیالۆگ و لە چوارچێوەی دەستوور، دڵنیاییش دەدەین کە هەرگیز لەسەر مافە ڕەواکان و بڕیار و خواستی گەلی کوردستان کە لە پرۆسەیەکی دیموکراسیدا تەعبیریان لێکردووە، سازش ناکەین.

پزیشکان و کارمەندانی تەندروستی لە هەرێمی کوردستان

لەم بۆنەیەدا، بەپێویستی دەزانین سوپاسی ڕۆڵی جوامێرانەی ئێوەی پزیشك و کارمەندانی تەندروستی بکەین کە لەماوەی چەند مانگی ڕابردوو تا ئەمڕۆش شەونخوونی زۆر بۆ بەرەنگاربوونەوەی ڤایرۆسی کۆرۆنا دەکێشن و گیانی خۆتان خستۆتە مەترسییەوە بۆ ئەوەی خەڵکی کوردستان سەلامەت بێ و نەبنە قوربانیی ئەم ڤایرۆسە کوشندەیە، لەم ئەرکە پیرۆزەشتاندا چەندین پزیشك و کارمەندی تەندروستی تووشی ئەم نەخۆشیە بوون و، بەداخەوە هەندێکیشیان گیانیان لەدەستدا، لێرەوە دوای چاکبوونەوەی خێرا بۆ تووشبووان دەکەین و درود بۆ گیانی ئەو پزیشك و کارمەندانە دەنێرین کە لە پێناوی سەلامەتی گەلەکەیان گیانی خۆیان بەخشی. هەروەها داوا لە تێکڕای هاوڵاتیانی کوردستانیش دەکەین، پابەندی ڕێنماییە تەندروستییەکان بن و خۆیان بپارێزن لەم پەتایە کە پشتیوان بە خوا بەسەرکەتوویی لێی دەرباز دەبین، هاوکات ڕۆڵی هێزەکانی پێشمەرگە و پۆلیس و دامودەزگا ئەمنیەکانی ناوخۆی کوردستان بەرزدەنرخێنین کە لەم ڕووەوە و، بۆ هاوکاری جێبەجێکردنی ڕێککارەکانی خۆپارێزی لە خۆبوردوانە ئەرکەکانیان هاوتەریبی لایەنە پەیوەندیدارەکانی دیکە بەجێگەیاندووە.

هەڤاڵان و جەماوەری سەربەرزی پارتیان

لە یادی ٧٤ ساڵەی دامەزراندنی پارتی دیموکرتی کوردستان، جێگەی شانازییە بۆ تێکڕای ئەندامان و جەماوەری پارتی کە پارتەکەتان پێش ٧٤ ساڵ بووبە هەڵگری مەشخەڵی بزووتنەوەی رزگاریخوازی کوردستان و، هەتا ئێستایش جێگەی متمانە و ئومێدی تێکڕای گەلی کوردستانە کە ئایندەیەکی گەشیان بۆ مسۆگەر بکات، ئەم شکۆیەی پارتی فەرزی کردووە لەسەرمان کە لەم یادەدا بەڵێن بۆ ڕێبەری نەتەوەیەان مستەفا بارزانی و کاك ئیدریسی ئەندازیاری ئاشتی و داڕێژەری بناغەی پێکهێنانی بەرەی کوردستانی و، تێکڕای شەهیدانی بزووتنەوەی رزگاریخوازی کوردستان نوێکەینەوە و، بەڵێن بدەین پارێزەری ئەو ئامانجانە بین کە پارتی لە پێناویاندا دامەزراوە.

هەر لەم بۆنەیەدا، سەری ڕێز و نەوازش بۆ تەواوی شەهیدانی بزووتنەوەی رزگاریخوازی کوردستان سەروەریان بارزانیی نەمر و کاك ئیدریسی هەمیشە زیندوو دادەنوێنین، سڵاو بۆ شەهیدانی هێزی پێشمەرگە و دامودەزگا ئەمنییەکانی کوردستان کە بە خوێنی خۆیان ئەفسانەی تیرۆریستانی داعشیان بەتاڵکردەوە و بۆ جیهانیان سەلماند کە هێزی پێشمەرگەی کوردستان مەحاڵ دەکاتە واقیع.. سڵاو بۆ قارەمانیەتی ئەو پێشمەرگانەی ڕێگەیان نەدا قەوارەی هەرێمی کوردستان بکەوێتە ژێر پۆستاڵی داگیرکەران.. سڵاو بۆ بە کێتی ئافرەتان و بۆ ئەو شێرە ژن و دایکە شەهیدانەی هەزاران قارەمان و ڕۆڵە جەربەزەیان بۆ نەتەوەکەیان پەروەردە کردووە.. سڵاو بۆ قوتابیانی سەرەڕمی شۆڕش و لاوانی شوڕەی پۆڵایەن.

سڵاو بۆ کادیر و ئەندامە خۆڕاگرەکانی پارتی کە وێڕای جوامێرییان لە ڕووبەڕووبوونەوەی داگیرکەران و ناحەزانی کوردستان، بەرگەی باری سەختی ئابووریان گرتووە و سەلماندیان شکۆی نەتەوەیی لەسەروو هەموو شتێکی دیکەوەیە، هەر ئەم دڵسۆزی وخۆڕاگریەشتانە هێز و ئیرادەی بەردەوام بە پارتی دەبەخشێ تا بە پشتیوانی گەلی کوردستان هەمیشە ڕووبەڕووی تەحەدییەکان ببێتەوە و قەیرانەکان تێپەڕێنێت.

هەر شەکاوە بێت ئاڵای پارتی دیموکراتی کوردستان
بژی کورد بژی کوردستان...

مەکتەبی سیاسی پارتی دیموکراتی کوردستان
١٦ی ئابی ٢٠٢٠

مەحموود محەمەد: لەبەر ڕێکارەکانی تەندروستی گردبوونەوە و مەڕاسیم ئەنجام نادەین

بەجۆش و خرۆشەوە لەنێو دڵی گەلە خۆڕاگرەکەمان و کادیر و لایەنگران و جەماوەری سەربەرزی پارتی یادی شازدەی ئاب بەرز ڕادەگرین



مەحموود محەمەد گوتەبێژ و ئەندامی مەکتەبی سیاسی پارتی دیموکراتی کوردستان، بەبۆنەی ٧٤ ساڵەی یادی دامەزراندنی پارتی رایگەیاند، یادکردنەوەی جەماوەری بۆ ساڵیادی دامەزراندنی پارتی، لە شێوەی گردبوونەوە و مەڕاسیمە جەماوەرییەکان، بەڕێوەناچن و، تەنیا لە ڕێگەی کەناڵەکانی میدیاوە بە شکۆوە ئەم یادە بەجۆش و خرۆشە لە نێو دڵ و دەروونی گەلە خۆڕاگرەکەمان و کادیر و لایەنگران و جەماوەری پارتی، بەرز و پیرۆز ڕادەگرێت.

مەحموود محەمەد گوتەبێژ و ئەندامی مەکتەبی سیاسی پارتی دیموکراتی کوردستان، لە لێدوانێکدا بە ماڵپەڕی فەرمیی پارتیی ڕاگەیاندووە: سەرەتا گەرمترین پیرۆزبایی ئاراستەی خانەوادەی سەربەرزی شەهیدان و، پێشمەرگە قارەمانەکان و کادیر و لایەنگران و جەماوەری سەربەرزی پارتی و سەرجەم گەلی کوردستان دەکەین، ١٦ی ئاب، ساڵیادی پارتەکەمان، وەك ڕۆژێکی میژوویی و پڕ شکۆ، ڕووداوێکی گرینگی میژوویی سەر گۆڕەپانی سیاسی و تێکۆشانی کوردستان بوو کە لەسەر دەستی بارزانیی نەمر پارتی دیموکراتی کوردستان وەك پارتی سەرجەم دیالێکت و دەڤەر و پێکهاتەکان، سنووری دەستکردەکانی بڕی و، وەك پارتێکی نەتەوەیی و کوردستانی کۆکراوە لەسەرجەم چین و توێژەکان وەرچەرخانێکی میژوویی و سیاسی و نەتەوەیی خوڵقاند.

مەحموود محەمەد ڕاشیگەیاندووە: ئەم ڕووداوە میژووییە قەزیەی کوردی لەسەر جیوگرافیا کردە دیفاکتۆ و وەك سەکۆی خەباتی سیاسی و تێکۆشانی ڕزگاری لە ڕیزبەندی ڕووداوەکانی میژووی کوردستان، مژدەبەخشی سەرکەوتن لە دوای سەرکەوتنی بۆ گەلی کوردستان تۆمار کرد، گیانی پێکەوەژیان و ئازادی و دیموکراتی و لە دایکبوونی فکری تێکۆشان بۆ سەرخستنی قەزیەی کوردستانی، گیانفیدایی بۆ پارێزگاریکردن لە ناسنامەی کورد و کوردستان بە خوێن و تێکۆشان لە دەستکەوتە بەنرخەکانی دامەزراندنی پارتەکەمانە بۆ کوردستانیان..

لە لێدوانەکەیدا مەحموود محەمەد گوتەبێژی فەرمیی پارتی ڕاشیگەیاندووە: پارتی دیموکراتی کوردستان، لە قۆناغی شۆڕشگێڕیی ئەیلوولی مەزن و ڕێککەوتنامەی یازدەی ئادار مافی ئۆتۆنۆمی و شۆڕشی گوڵانی پێشکەوتنخواز و سەرهەڵدانی ڕاپەڕین لە دژی ستەمکاری ڕژێمی پێشووی عێراق، سەدان داستانی مەزن لە شاخ و، دواتر قۆناغی ئاوەدانی لەشار و داکۆکیکردن لە مافە ڕەواکانی گەلی کوردستان لەسەرجەم قۆناغەکانی ڕزگاری بە خوێنی هەزاران شەهید بۆ ڕێگەی سەربەخۆیی کوردستان و ریفراندۆم و پاراستنی کوردستان لە هەڕەشەکان و سەقامگیری و ئاسایش و ڕاگرتنی شکۆی کوردستانیان و دەستکەوتەکانی ئەمڕۆ و دروستکردنی ئاسۆیەکی ڕوونتریش بۆ داهاتووی کوردستان، ئەم پارتە بەردەوامەوە و پێداگرتر دەبێت.

مەحموود محەمەد تەئکیدیشی کردەوە کە لەگەڵ ئەوەی بە شکۆوە لە ١٦ی ئابی هەموو ساڵێکدا ساڵیادی پارتی دیموکراتی کوردستان بەرز و پیرۆز ڕادەگرین، هاوکات لەم ساڵدا بە لەبەرچاوگرتنی ڕەوشی ئابووری و تەندروستی هەرێمی کوردستان و پابەند بوون بە ڕێککارەکانی خۆپارێزی لە پەتای ڤایرۆسی کۆرۆنا، یادکردنەوەی جەماوەری بۆ ساڵیادی پارتی، لە شێوەی گردبوونەوە و مەڕاسیمەکانی گردبوونەوەی خەڵك و جەماوەر، بەڕێوەناچن و، تەنیا لە ڕێگەی کەناڵەکانی میدیاوە ئەم یادە بەجۆش و خرۆشە لە نێو دڵ و دەروونی گەلە خۆڕاگرەکەمان و کادیر و لایەنگران و جەماوەری سەربەرزی پارتی دیموکراتی کوردستان، بەرز و پیرۆز ڕادەگرین...

پەیامی پیرۆزبایی رێزدار مەسرور بارزانی بە بۆنەی 74ـەمین ساڵیادی دامەزراندنی پارتی و لە دایکبوونی جەنابی سەرۆک بارزانی:

دامەزراندنی پارتی رۆحی بەرگریکردن و خۆڕاگری لە ناخی هەموو نیشتمانپەروەرێکدا زیندوو کردەوە

پارتی و بارزانی بوون بە ڕەمزی داکۆکیکردن لە مافە ڕەواکانی خەڵکی کوردستان، هەر بۆیەش پەلاماری دوژمنان پێش هەموو لایەک بۆ سەر پارتییە



رێزدار مەسرور بارزانی پەیامێکی بەبۆنەی هەفتاو چوارەمین ساڵیادی دامەزراندنی پارتی دیموکراتی کوردستان و لە دایکبوونی سەرۆک بارزانی بڵاو کردەوە. مەسرور بارزانی لە پەیامەکەیدا رایگەیاندووە: دامەزراندنی پارتی وەك گەورەترین و سەردەمیانەترین حزبی دیموکرات و جەماوەری، لە فراوانترین پانتایی جوگرافی لە سەرتاسەری کوردستان، وەرچەرخانێك بوو لە خەباتی ڕزگاریخوازی گەلەکەماندا، کە هەمو ئازادیخوازێکی لە ژێر چەتر و ڕێبەرایەتی باوکی نەتەوەییمان بارزانی نەمر کۆ کردەوە و ڕۆحی بەرگریکردن و خۆڕاگری لە ناخی هەموو نیشتمانپەروەرێکدا زیندوو کردەوە. ئەمەش دەقی پەیامەکەیە:

پیرۆزبایی هەفتاو چوارەمین ساڵیادی دامەزراندنی پارتی دیموکراتی کوردستان و لە دایکبوونی ڕێبەری نەتەوەیی و نیشتیمانیمان جەنابی سەرۆك بارزانی لە هەموو کوردستانییەکی تێکۆشەر و دڵسۆز و بە تایبەتی هەموو لایەنگر و ئەندام و سەرکردایەتی پارتی دەکەم.

دامەزراندنی پارتی وەك گەورەترین و سەردەمیانەترین حزبی دیموکرات و جەماوەری، لە فراوانترین پانتایی جوگرافی لە سەرتاسەری کوردستان، وەرچەرخانێك بوو لە خەباتی ڕزگاریخوازی گەلەکەماندا، کە هەموو ئازادیخوازێکی لە ژێر چەتر و ڕێبەرایەتی باوکی نەتەوەییمان بارزانی نەمر کۆ کردەوە و ڕۆحی بەرگریکردن و خۆڕاگری لە ناخی هەموو نیشتمانپەروەرێکدا زیندوو کردەوە.

بە درێژایی مێژووی پڕ سەروەریی ڕووبەڕووبونەوەی زوڵم و ستەم و پاراستنی ناسنامەی نەتەوەیی گەلەکەمان، پارتی خاوەنی سەدان داستان و سەرکەوتنە و چەندین دەستکەوتی مێژوویی بۆ گەلی کوردستان بە دەستهێناوە و قەڵایەکی پۆڵایین بووە بۆ هەموو خەڵکی کوردستان لە هەموو پارچەکاندا و هەموو ئازادیخوازێك لە سەرتاسەری ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا.

پارتی و بارزانی بوون بە ڕەمزی داکۆکیکردن لە مافە ڕەواکانی خەڵکی کوردستان، هەر بۆیەش پەلاماری دوژمنان پێش هەموو لایەك بۆ سەر پارتییە. بەرواری نەگۆڕی پارتی لە خەباتی بەردەوام و خۆنەچەماندن، وای کرد لە گەڵ لایەن و پارتە تێکۆشەرەکانی دیکە، کیانی کوردستانی بێتە سەرنەخشەی سیاسەتی جیهانی.

سەرۆك بارزانی وەك ڕابەرێکی نیشتیمانی، چ لە بەرەکانی شەڕ دژی دوژمنان و تیرۆریستان و چ لە سەر ئاستی دیپلوماسیی جیهانی، ئیرادەی گەلی کوردستانی سەرخست و پێکەوەژیانی گەلانی لە کوردستان زیاتر بەرجەستە کرد و ئومێد و بڕوا بەخۆبوونی گەلەکەمانی بە مافە ڕەواکانی زیندوو کردەوە.

ئەمڕۆ لە کاتێکدا ئەم یادە دەکەینەوە کە هەرێمەکەمان و ناوچەکە، گیرۆدەی قەیرانی سەختی تەندروستی و ئابووری بووەتەوە، باشترین ڕێکار بۆ تێپەڕاندنی ئەم دۆخە، بەر لە هەر شتێك یەکڕیزی و تەبایی ناوخۆی کوردستانە، هیوادارم گشت لایەك، بەرپرسیارانە تواناکانمان یەك بخەین بۆ ئەوەی وەك هەمیشە، بە سەر کۆسپ وسەختییەکان زاڵ بین و هەموو کێشەکانی دەڤەرەکەش لە ڕێگەی ئاشتی و گفتوگۆوە چارەسەر بکەین.

لەم بۆنەیەدا بە تایبەتی پیرۆزبایی لە خانەوادەی سەربەرزی شەهیدان و کەسوکاری ئەنفالکراوان و کیمیابارانو و زیندانییانی سیاسیی گەلەکەمان دەکەم. ئەم یادە پیرۆزە پایەدار بێت و هیوای تەمەندرێژی بۆ جەنابی سەرۆك بارزانی دەخوازم و ئومێدەوارم لە ژێر ڕێبەرایەتی ئەودا، گەلەکەمان بە هەموو ئاواتەکانی بگات.

ئەنجوومەنی وەزیران بارودۆخی دارایی و دۆخی مووچەی هەرێمی کوردستان تاوتوێ دەکات

حکوومەتی فیدراڵی زیاتر لە سێ مانگە ئامادە نییە هیچ بڕەپارەیەک وەک مووچەی مووچەخۆرانی هەرێم بنێرێت

ئەنجوومەنی وەزیران داوا دەکات حکوومەتی فیدراڵی ڕێز لە ماف و شایستە دەستوورییەکانی هەرێمی کوردستان بگرێت



ئەنجوومەنی وەزیران بڕیاریدا لە سەرەتای حەفتەی داهاتووەوە بڕیار لە میکانیزم و چۆنێتی دابەشکردنی مووچە بدات بۆ ئەوەی دەست بە دابەشکردنی مووچە بکرێت بە پێی ئەو توانا داراییەی لە بەر دەستە. ئەنجوومەنی وەزیران هەروەها هەردوو وەزیری ناوخۆ و پێشمەرگەی ڕاسپارد، بەداواداچوون بۆ گرفت و کێشەی دەروازە سنوورییەکان بکەن لە پێناو ڕێگریکردن لە هەر سەرپێچی و کارێکی نایاسایی کە لەو دەروازانە ئەنجام بدرێت.

ڕۆژی چوارشەممە ١٢/٨/٢٠٢٠ ئەنجوومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان بە سەرپەرشتی مەسرور بارزانی سەرۆکی ئەنجوومەنی وەزیران و بەشداریی قوباد تاڵەبانی جێگری سەرۆك وەزیران، لە ڕێگەی ڤیدیۆ کۆنفرانسەوە کۆبوونەوەکەدا گفتوگۆ دەربارەی دۆخی دارایی ئێستای هەرێمی کوردستان و ئەنجامی پرۆسەی گفتوگۆی نێوان حکوومەتی هەرێمی کوردستان و حکوومەتی فیدراڵی کرا. ئەنجوومەنی وەزیران لە کاتێکدا هەوڵەکانی شاندی دانوستانکاری حکوومەتی هەرێمی کوردستان لەگەڵ حکوومەتی فیدراڵی بە باشی هەڵدەسەنگێنێ، بەجۆرێك حکوومەتی هەرێمی کوردستان هیچ بیانوویەکی دەستووریی و قانونی و دارایی نەهێشتووەتەوە بۆ گەیشتن بە ڕێککەوتن و لە پێناو دابینکردنی مووچە و شایستە داراییەکانی مووچەخۆرانی هەرێمی کوردستان، هەموو مەرجەکانی حکوومەتی فیدراڵی کە لە چوارچێوەی دەستووردان قبوڵ کردووە، بەڵام بەداخەوە حکوومەتی فیدراڵی زیاتر لە سێ مانگە ئامادە نییە هیچ بڕە پارەیەك وەك مووچەی مووچەخۆرانی هەرێم بنێرێت کە ئەمەش وای کردووە حکوومەتی هەرێم، نەتوانێت شایستەی دارایی مووچەخۆرانی خۆی خەرج بکات، بەم هۆیەوە دۆخ و گوزەرانێکی نالەبار بۆ مووچەخۆرانی هەرێم دروست بووە، سەرەڕای ناهەمواریی بارودۆخی تەندروستی. ئەمەش لە کاتێکدایە کە بە پێی یاسا بەرکارەکانی عێراق، هەرێم هاوشێوەی بەشەکانی دیکەی عێراق، مافی خۆیەتی ئەو بەشە مووچەیەی کە بۆی خەرج دەکرا وەربگرێت و پێویستە جیاوازی لە نێوان هاوواڵتیانی هەرێمی کوردستان و بەشەکانی دیکەی عێراق نەکرێ لە خەرجکردنی شایستەی دارایی مووچەخۆران کە ئەمەش دەستووری عێراق وەك بنەما جێگیری کردووە. بۆیە ئەنجوومەنی وەزیران بە تووندی نیگەرانیی و ناڕەزایی خۆی بەرامبەر بەو هەڵوێستە نەرێنییەی حکوومەتی فیدراڵی دەربڕیوە و داوا دەکات بە دەنگ هەوڵەکانی حکوومەتی هەرێمی کوردستانەوە بێت و کێشەکان لە سەر بنەمای دەستوور چارەسەر بکات و ڕێز لە ماف و شایستە دەستوورییەکانی هەرێمی کوردستان بگرێت و پابەندبوونە دەستوورییەکانی بەرامبەر هەرێمی کوردستان جێبەجێ بکات.


ئەنجوومەنی وەزیران لە هەمانکاتدا ئامادەیی خۆی بۆ چارەسەری کێشەکان بە شێوەیەکی بنەڕەتی لە چوارچێوەی دەستوور دووپات دەکاتەوە و شاندی باڵای دانووستانکاریشی ڕاسپارد درێژە بە دانووستانەکان بدەن لە پێناوی گەیشتن بە ڕێککەوتن بە تایبەتیش کە لە ماوەی ڕابووردوو هەرێم ئامادەیی خۆی دەربڕیوە بۆ جێبەجێکردنی پابەندییە دەستوورییەکانی لە بواری نەوت و دارایی و ئەوە بەرپرسیارێتی حکوومەتی فیدراڵیە لە بەرامبەردا ماف وشایستەی دارایی هەرێم ڕانەگرێت. هەروەها داوا لە سەرۆك کۆماری عێراق و وەزیر و نوێنەرانی هەرێمی کوردستان لە ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق دەکات کە داکۆکی لە ماف و شایستە دارایی و دەستوورییەکانی خەڵکی هەرێمی کوردستان بکەن.

بە پێی یاسا هەرێم هاوشێوەی بەشەکانی دیکەی عێراق مافی ئەو بەشە موچەیەی هەیە کە لە بەغداوە تەرخان دەکرا

سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان سەرەخۆشی لە سیاسەتڤانی عێراقی میسال ئالوسی دەکات

مەسرور بارزانی سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان لە پەیوەندییەکی تەلەفۆنیدا، سەرەخۆشی لە سیاسەتڤانی عێراقی میسال ئالوسی کرد بە بۆنەی کۆچی دوایی دایکییەوە. سەرۆکی حکوومەت هاوخەمی خۆی پێ ڕاگەیاند و هیوای خواست، خوای مەزن گیانی دایکی بە بەهەشت شاد بکات و ئارامیی و دڵنەواییش بە بنەماڵەکەیان ببەخشێت.

سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان پیرۆزبایی لە قوتابییە یەکەمەکانی قۆناغی دوازدەی ئامادەیی سەر ئاستی هەرێمی کوردستان دەکات



ئێوارەی ڕۆژی چوارشەممە 2020/8/12 مەسرور بارزانی سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان، لە ڕێگەی چەند پەیوەندییەکی تەلەفۆنی جیاوە، پیرۆزبایی لە یازدە قوتابی یەکەمی قۆناغی 12ی ئامادەیی (زانستی-وێژەیی - پیشەیی- ئیسلامی) بۆ ساڵی 2019-2020 لە سەر ئاستی هەرێمی کوردستان کرد.

سەرۆکی حکوومەت پیرۆزبایی و دەستخۆشی لە یەك بە یەکی یەکەمەکان کرد و هیوای سەرکەوتنی بۆ خواستن کە توانیویانە سەرەڕای دۆخی سەختی ئابووری و ئەو دۆخەی نەخوازراوەی بە هۆی بڵاوبوونەوەی ڤایرۆسی کۆرۆناوە هاتووەتە ئاراوە، بەڵام ئەو سەرکەوتنە گەورەیەیان بەدەستهێناوە و بە پلەی یەکەم دەرچوون. ئەمەش لیستی یەکەمەکانی سەر ئاستی هەرێمی کوردستان:

1 ـ ڤانیا شێرکۆ حەسەن فەرەج
– هەڵەبجە - زانستی – کۆی گشتی نمرە: 700 تێکڕا: 100

2 ـ لەنیا فەلاح حەسەن مەحموود
– هەڵەبجە - زانستی - کۆی گشتی نمرە: 700 تێکڕا: 100

3 ـ حەسەن ئامانج بورهان محەمەرەشید
- هەولێر – زانستی - کۆی گشتی نمرە: 700 تێکڕا: 100

4 ـ دەریا سلێمان عەلی تاهیر
– دهۆك – زانستی - کۆی گشتی نمرە: 700 تێکڕا: 100

5 ـ سارا بەردخان محەمەد عەبدوڵڵا
– هەولێر – وێژەیی - کۆی گشتی نمرە: 690 تێکڕا: 98 و پۆینت 57

6 ـ دەرباز ئیسماعیل حوسێن عەلی
– سلێمانی – وێژەیی - کۆی گشتی نمرە: 690 تێکڕا: 98 و پۆینت 57

7 ـ مینا زاهیر مستەفا خەلیل
– سلێمانی – خوێندنی ئیسلامی - کۆی گشتی نمرە: 874 تێکڕا: 97 و پۆینت 11

8 ـ حەسیبە جەمال عومەر ڕەمەزان
– هەولێر – ئامادەیی پیشەیی کشتوکاڵ - کۆی نمرە: 827 تێکڕا: 91 و پۆینت 89

9 ـ زەینەب عەبدولکەریم ئەحمەد سەعید
– سلێمانی - ئامادەیی پیشەیی گەشتوگوزار - کۆی گشتی نمرە: 760 تێکڕا: 95

10 ـ میر ڕەحیم کەریم حەمە ساڵح
– سلێمانی - ئامادەیی پیشەسازی - کۆی گشتی نمرە: 750 تێکڕا: 93 و پۆینت 75

11 ـ لەنجە هیدایەت عەبدولڕەحمان عوسمان
– سلێمانی - ئامادەیی بازرگانی - کۆی گشتی نمرە: 629 تێکڕا: 89 و پۆینت 86

لە یادی شازدەی ئابدا، سڵاو لە گەلی خۆڕاگری کوردستان کە هەمیشە پشت و پەنا و سەرچاوەی هێزی پارتیمان بوون..

پەیامی پێرۆزبایی

سکرتێری گشتیی YNDK بۆ
سەرۆک مەسعود بارزانی بەبۆنەی ١٦ی ئابەوە

بۆ بەڕێزمان جەنابی سەرۆک مەسعود بارزانی ڕێبەری بزاڤی ڕزگاریخوازی نیشتمانی کوردستان

سڵاوێکی برایانەی گەرم ...

بەناوی خۆمان و مەکتەبی سیاسی و کۆمیتەی سەرکردایەتیی یەکێتی نەتەوەیی دیموکراتی کوردستان YNDK، بەبۆنەی ڕۆژی لەدایکبوونی جەنابتان و هەفتاو چوارەمین سالّیادی دامەزراندنی پارتی دیموکراتی کوردستان، جوانترین پیرۆزبایی ئاراستەی جەنابتان و بەڕێزان لە مەکتەبی سیاسی و ئەنجوومەنی سەرکردایەتی و تەواوی کادرو ئەندامان و جەماوەری PDK دەکەین و هیوای بەردەوامی و پێشڤەچوون و سەرکەوتنی زیاترتان بۆ دەخوازین.

بێگومان لەکاتێکدا کە یادی دامەزراندنی PDK دەکەینەوە کوردستان و ناوچەکە لە ڕەوشێکی زۆر ناسك و هەستیاردان و، هەموو ڕۆژهەڵاتی ناڤین لەبەردەم کۆمەڵێ ئەگەرو پێشهات و گۆڕانکاری مەزندان، بۆ خۆئامادەکردن بۆ ئەم ڕەوشە پێویستیان بە ڕێکخستنەوەی ناوەندی سیاسی کوردستان و یەکڕیزی و یەکدەنگی هەموو لایەنە سیاسییەکان و تەواوی پێکهاتەکانی گەلی کوردستانە، بۆ ئەمەش جەنابتان وەك هەمیشە دەتوانن ڕۆڵێکی کاریگەر و مەزن ببینن، بە باوەڕی ئێمە پێکهێنانی (ئەنجوومەنی باڵای سیاسیی کوردستان) دەبێتە فاکتەرێکی بەهێز بۆ یەکڕیزی و یەکدەنگی و ڕێکخستنەوەی نێوماڵی کوردستان، لەم ڕووەوە جەنابتان دەتوانن ڕۆڵی کۆکردنەوەی تەواوی هێزو لایەنەکان ببینن، لەم پێناوەشدا ئێمە وەکو YNDK ئامادەی هەموو جۆرە هاوکاری و پشتوانییەکین.

لەکۆتاییدا؛ هیوای تەمەن درێژی و تەندروستییەکی باش بۆ جەنابتان و پێشڤەچون و سەرکەوتنی زیاتر بۆ PDK دەخوازین و، جەختدەکەینەوە سەر پتەوکردن و پێشڤەبردنی پەیوەندی هاوخەباتی و برایانەی نێوانمان لەپێناو زیاتر خزمەتکردن و پێشڤەبردنی دۆزی ڕەوای گەلی کوردستان و گەیشتنیان بە مافە ڕەواکانمان .. لەگەڵ ڕێزو خۆشەویستی دووبارەماندا .


هەر بژین و سەرکەوتووبن بۆ کوردو کوردستان.

بۆ دڵسۆزتان / غەفوور مەخموری

سکرتێری گشتیی یەکێتی نەتەوەیی دیموکراتی کوردستان

٢٠٢٠/٨/١٦

سەرۆکی پەرلەمان پەیامێکی پیرۆزبایی ئاراستەی پارتی دیموکراتی کوردستان دەکات



بەبۆنەی ٧٤ مین سالّیادی دامەزراندنی پارتی دیموکراتی کوردستان، د.ڕێواز فایەق سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان، پەیامێکی پیرۆزبایی ئاراستەی بەڕێزان سەرۆك و ئەندامانی مەکتەبی سیاسی و ئەنجوومەنی سەرکردایەتیی پارتی دیموکراتی کوردستان کرد. ئەمە دەقی پەیامەکەیە:

بەڕێزان سەرۆك و ئەندامانی مەکتەبی سیاسی و ئەنجوومەنی سەرکردایەتیی پارتی دیموکراتی کوردستان

بەبۆنەی ٧٤ مین سالّیادی دامەزراندنی پارتی دیموکراتی کوردستان، گەرمترین پیرۆزبایی خۆمان ئاڕاستەی بەڕێزتان و سەرجەم ئەندامان و لایەنگرانی پارتی دەکەین و هیوای بەردەوامی و سەرکەوتنتان بۆ دەخوازین..

بەڕێزان. دیارە ساتەوەختی ئەم سالّیادە هاوکاتە لەگەڵ چەندین پرسی ئالّۆزو قورسی بواڕەکانی سیاسی، ئابووری و تەندروستی و هەرێمی کوردستان لەسەر هەموو ئاستەکان لەگەڵ تەحەدیاتی گەورە ڕووبەڕووە، هەموو ئەمانەش لێیان دەخوازێت کە ململانێی سیاسی و بەرژەوەندیی حیزبی و کێشە لاوەکییەکان وەلابنێین بەئاڕاستەی چارەسەر و لێکتێگەیشتنی هاوبەش هەنگاو بنێین، زمانی دیالۆگ و یەکتری قبوڵکردن بکەین بەبەماو پێشمەرجی هەر گفتوگۆ و هەوڵێکی چارەسەر بەئاراستەی پارێزگاریکردن لە قەوارەی سیاسیی هەرێم و پاراستنی سەروەرییەکانی و ئەوڵەویەت دان بەدۆزی ڕەوای گەلەکەمان لەناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێم و ئارامی و سەقامگیریی هەرێمی کوردستان و خزمەتکردنی کوردستانییان و چارەسەرکردنی کێشەکانی بواری مووچەو خزمەتگوزارییەکان.

ئومێدەوارم ئەم یادە ببێتە هەوێنی لێکتێگەیشتنی زیاترو یەکخستنی ڕیزەکان و دۆزینەوەی خاڵی هاوبەش لەپێناو بەرژەوەندیی باڵای میللەتەکەمان و بەدیهێنانی خواست و داخوازییەکانی هاووڵاتییان.

جارێکی تر پیرۆزباییتان لێدەکەم هەر سەرکەوتووبن.

د.ڕێواز فایەق

سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان

وەزارەتی دارایی حکوومەتی هەرێمی کوردستان وەڵامی بەیاننامەیەکی وەزارەتی دارایی حکوومەتی ئیتیحادی دەداتەوە:

وەزارەتی دارایی عێراق تەگەرەی خستووەتە بەردەم ڕێککەوتنی هەولێر و بەغدا

خشتەی شیکردنەوەی پشکی کوردستان لە بودجەی عیراق و بڕی تەمویل کراو بۆ کوردستان

(ترلیۆن دینار) 2014 -2019

بودجەی ساڵی	ڕێژە	پشکی کوردستان	بڕی تەمویل کراو	بڕی تەمویل نەکراو
2014	1 ئایاری 2013	19.999.616	2.280.000	17.719.616
2015	17	14.817.000	2.476.000	12.341.000
2016	17	12.570.000	0	12 570.000
2017	17	11.605.028	0	11.605.028
2018	12.67	6.767.173	3.175.403	3.591.770
2019	12.67	9.783.026	5.439.130	4.343.896
کۆی گشتی		75.541.843	13.370.533	62.171.310

تمویلات رواتب موظفين من وزارة المالية الاتحادية لغاية ٢٠١٩/١٢/٣١

اشهر	المبالغ المستلمة	رقم الكتاب	التاريخ
ك٢	٣١٧,٥٤٠,٤٦٥,٠٠٠	٩٥٨	٢٠١٩/٠١/١٥
شباط	٣١٧,٥٤٠,٤٦٥,٠٠٠	٣٣٢٠	٢٠١٩/٠٢/١٣
اذار	٧٢٤,٨١٩,٠٠٠,٠٠٠	٥٤١٦	٢٠١٩/٠٣/١١
نيسان	٤٥٣,٦٠٠,٠٠٠,٠٠٠	٨٧٥١	٢٠١٩/٠٤/١٧
ايار	٤٥٢,٩٠٠,٠٠٠,٠٠٠	١٠٩٩٠	٢٠١٩/٠٥/١٤
حزيران	٤٥٣,٣٠١,٠٠٠,٠٠٠	١٣٢٦٤	٢٠١٩/٠٦/١٦
تموز	٤٥٣,٠٠٠,٠٠٠,٠٠٠	١٦٣٥٠	٢٠١٩/٠٧/٢٣
اب	٤٥٣,٢٣٠,٠٠٠,٠٠٠	١٨٤٢٢	٢٠١٩/٠٨/٢١
ايلول	٤٥٣,٣٠٠,٠٠٠,٠٠٠	٢٠٣٣٩	٢٠١٩/٠٩/١٦
تشرين الاول	٤٥٣,٣٠٠,٠٠٠,٠٠٠	٢٢٤٨٧	٢٠١٩/١٠/١٣
تشرين الثاني	٤٥٣,٣٠٠,٠٠٠,٠٠٠	٢٥٤٦٤	٢٠١٩/١١/١٧
كانون الاول	٤٥٣,٣٠٠,٠٠٠,٠٠٠	٢٧٠٥١	٢٠١٩/١٢/٠٩
المجموع الكلي	٥,٤٣٩,١٣٠,٩٣٠,٠٠٠		

موچەی ئەرمانیەران و دام و دەزگاکانی حکومەتی هەرێم

ز	بڕی پارە	وەزارەتەکان
١	١٣٣,٠٦١,٠٠٠,٠٠٠	وەزارەتی پێشمەرگە
٢	١٤٩,٥٠٥,٠٠٠,٠٠٠	پەروەردە
٣	١١,٧٢٢,٠٠٠,٠٠٠	و. دارایی و ئابووری
٤	٥٠,٥٢٠,٠٠٠,٠٠٠	و.تەندروستی
٥	٨٥٥,٠٠٠,٠٠٠	و.کاروباری شەهیدان
٦	٣٥,٦٣٧,٠٠٠,٠٠٠	کەس و کاری شەهید و ئەنفالکراوان
٧	٢,٥١٦,٠٠٠,٠٠٠	زیندانە سیاسیەکان
٨	٤,١٩٩,٠٠٠,٠٠٠	و.کاروباری کۆمەڵایەتی
٩	١٢,٨٣٩,٠٠٠,٠٠٠	کەم ئەندامان
١٠	٣,٧٦٩,٠٠٠,٠٠٠	ئەنجوومەنی دادوەری
١١	٤,٧٨٧,٠٠٠,٠٠٠	و.دادِ
١٢	٢,٠٨٠,٠٠٠,٠٠٠	و.سامانە سروشتیەکان
١٣	٧,٨١٤,٠٠٠,٠٠٠	ئەوقاف و کاروباری ئاینی
١٤	٤١,٩٢٩,٠٠٠,٠٠٠	خوێندنی باڵا تویژینەوەی زانستی
١٥	١٧٨,٤٨٩,٠٠٠,٠٠٠	ناوخۆ
١٦	٦٢,٩٩٧,٠٠٠,٠٠٠	ئەنجوومەن و دەزگای ئاسایش
١٧	٢٣,٠١٢,٠٠٠,٠٠٠	و.شارەوانی و گەشت و گوزار
١٨	٤,٢١٧,٠٠٠,٠٠٠	گواستنەوەوگەیاندن
١٩	١٧,٨٥٠,٠٠٠,٠٠٠	کارەبا
٢٠	٨٠٨,٠٠٠,٠٠٠	پلاندانان
٢١	٨,٩٥١,٠٠٠,٠٠٠	کشتوکال و سەرچاوەکانی ئاو
٢٢	٢٣٧,٠٠٠,٠٠٠	مافی مرۆڤ
٢٣	٢٦٧,٠٠٠,٠٠٠	دەستەی دەسپاکی
٢٤	٣٩٢,٠٠٠,٠٠٠	دەستەی وەبەرهێنان
٢٥	٢٩٠,٠٠٠,٠٠٠	دەستەی ژینگە
٢٦	٩٤٦,٠٠٠,٠٠٠	دەزگای مین
٢٧	١١١,٠٠٠,٠٠٠	ناوچەکانی دەرەوەی هەرێم
٢٨	٧٤٩,٠٠٠,٠٠٠	دیوانی چاودێری دارایی
٢٩	٥٦٨,٠٠٠,٠٠٠	کۆمسیۆنی باڵای هەڵبژاردنەکان
٣٠	٤,٦٧٢,٠٠٠,٠٠٠	و.ئاوەدانکردنەوەونیشتە جێکردن
٣١	٤,٦٨٩,٠٠٠,٠٠٠	و.ڕۆشنبیری و لاوان
٣٢	٢,٢٦٥,٠٠٠,٠٠٠	بازرگانی و پیشەسازی
٣٣	١,١٥٥,٠٠٠,٠٠٠	سەرۆکایەتی هەرێم
٣٤	١,٦٣٠,٠٠٠,٠٠٠	سەرۆکایەتی ئەنجوومەنی وەزیران
٣٥	١,٨٢٠,٠٠٠,٠٠٠	سەرۆکایەتی پەرلەمان
٣٦	١١٦,٥٦٠,٠٠٠,٠٠٠	خانەنشین (شارستانی و سەربازی)
	٨٩٣,٩٠٨,٠٠٠,٠٠٠	هەشت سەد و نەوت و سێ ملیار و نۆسەد و هەشت ملیۆن دین

وەزارەتی دارایی حکوومەتی هەرێمی کوردستان بە ڕاگەیەندراوێك وەڵامی ڕاگەیەندراوەکەی دوێنێی وەزارەتی دارایی حکوومەتی عێراقی فیدراڵ دەداتەوە. وەزارەتی دارایی ڕاگەیەندراوەکەی بە زمانی عەرەبی ئاراستەی وەزارەتی دارایی عێراق کردووە و لە بەشێکیدا هاتووە «حکوومەتی هەرێمی کوردستان لەو کاتەوەی کە لە پەرلەمانی کوردستان متمانەی پێ بەخشراوە، سیاسەتی چارەسەرکردنی ریشەیی سەرجەم کێشە هەڵپەسێردراوەکانی لەگەڵ حکوومەتی عێراق لە چوارچێوەی بنەماکانی دەستووری عێراق گرتووەتەبەر». لە بەشێکی دیکەی ڕاگەیەندراوەکەدا وەزارەتی دارایی هەرێم ڕایگەیاندووە کە حکوومەتی هەرێمی کوردستان هەنگاوی کردەیی ناوە و لە ١٦ی تەممووزی ٢٠١٩دا سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان یەکەم سەردانی بۆ بەغدا ئەنجامدا و سیاسەتی حکوومەتی هەرێمی بۆ گەیشتن بە چارەسەری ریشەیی لە بارەی کێشە هەڵپەسێردراوەکانی نێوان هەولێر و بەغدا ڕوونکردەوە و هەردوولا ڕێککەوتن دەستوور بکرێتە بنەوانی سەرەکی بۆ چارەسەری سەرجەم کێشەکان.

لە ڕاگەیەندراوەکەدا وەزارەتی دارایی حکوومەتی هەرێمی کوردستان بە چەند خاڵێك وەڵامی ناوەڕۆکی ڕاگەیەندراوەکەی دوێنێی دارایی عێراقی داوەتەوە کە ئەمانەی خوارەوەن:

یەکەم: لە بەیاننامەکەیدا وەزارەتی دارایی عێراق دەڵێت شایستە داراییەکانمان نارددوون و نەگەیشتووەتە دەست فەرمانبەران، بەڵام ئەوە ڕاست نییە و بەڵگەی هاوپێچی بڕە پارەکانی حکوومەتی ئیتیحادی لە ٢٠١٤ەوە تا نیسانی ئەمساڵ خراونەتەڕوو، بە بەراورد لەگەڵ ئەو بڕانەی پێویست بووە بیانێرێت. ئەگەر حکوومەتی ئیتیحادی شایستەی دارایی نەنێرێت بە تەواوی کاریگەری لەسەر پێدانی مووچە لە کاتی خۆیدا دەبێت. هەر بۆیە حکوومەتی هەرێم ناچار بووە پەنا بەرێت بۆ پڕکردنەوەی ئەو کورتهێنانە و بە تەواوی حکوومەتی ئیتیحادی مووچەی مانگەکانی (٥، ٦، ٧، ٨)ی ٢٠٢٠ی نەنارددووە و ئەمەش کاریگەری نەرێنی لەسەر دابەشکردنی مووچە کردووە.

دووەم: دارایی عێراق هەرێم تۆمەتبار دەکات، گوایە بە گوێرەی ماددەی ١١٤ی دەستوور پابەندبوونی خۆی جێبەجێ نەکردووە و نەرمی نەنواندووە بۆ گەیشتن بە ڕێککەوتن لە بارەی دەروازە سنووریەکان، بەڵام ئەوە وەزارەتی دارایی عێراقە هۆکاری نەگەیشتنە ڕێککەوتنە، نەك ئێمە. جەختیشدەکەینەوە ئیدارەدانی بەرژەوەندی هاووڵاتییانە کانی ناکات.

گومرگەکان لە هەرێم پێچەوانە نییە لەگەڵ ماددەی ١١٤ی دەستوور و بە تەواوی پێوەی پابەندبووین. بەڵام دارایی عێراق ڕەتیکردووەتەوە لەو بارەیەوە کار بە دەستوور بکرێت و پێچەوانەی دەستوور و سیستمی فیدراڵی و لەسەر بنەمای ناوەندێتی ڕەفتاری کردووە. کێشەکە ئیدارەی گومرگ نییە، بەڵکو کێشەی هەولّدانی دەسەڵاتی ناوەندە بۆ ئیستغلالکردنی ڕەوشی ئابووری لە هەرێمی کوردستان و وروژاندنی هەست و سۆزی فەرمانبەران بۆ هێنانەدی ڕوانگەی خۆی لە بارەی سەپاندنی ئیرادەی خۆی بەسەر هەرێمی کوردستاندا بە پێچەوانەی دەستوور.

سێیەم: وەزارەتی دارایی ئیتیحادی بانگەشەی ئەوە دەکات، لە هەرێمدا فەرمانبەر هەبووە داوایکردووە مووچەی ببەسترێتەوە بە بەغداوە، سەرەڕای بوونی ئەو داوایە و ڕاستی ئەو داواکارییە، بەڵام سەرنجی وەزارەتی دارایی بۆ ماددەی ١١٧ی دەستوور ڕادەکێشین کە دانی بە هەرێم و دەسەڵاتەکانیدا ناوە وەك هەرێمێکی فیدراڵ لە چوارچێوەی عێراقی ئیتیحادیدا و باسکردنی ئەو بابەتەش ئاماژەیە بۆ بوونی نیازی ئیستغلالکردنی ڕەوشی ئابووری هەرێم لە پێناو ئامانج و ئاراستەیەکدا کە خزمەتی سەقامگیری وڵات و بەرژەوەندی هاووڵاتییەکانی ناکات.

چوارەم: وەزارەتی دارایی عێراق، هەرێم بەوە تۆمەتبار دەکات، گوایە بەوە ڕێگە بە ئیدارەدانی دەرەکی دەدات بە ئەنجامدانی هەناردەی نەوت بە ئاراستەی دەرەوە بەبێ ڕەزامەندی حکوومەتی فیدراڵ، بەڵام ئەوە ڕاستییەکەی ئەوەیە کە هەرێم بە پێچەوانەی ئەوەی وەزارەتی دارایی عێراق باسی دەکات، هیچ ڕێگرییەکی لە ڕێگەی هەناردەکردنی نەوتەوە نەکردووە و هەرێم بە ڕەزامەندی خۆی و بەبێ ڕەزامەندی حکوومەتی فیدراڵ نەوتی هەناردەکردووە و هەناردەشی دەکات.

پێنجەم: وەزارەتی دارایی عێراق، هەرێم بەوە تۆمەتبار دەکات، گوایە بڕی ٢٥٠ هەزار بەرمیل نەوتی ڕۆژانە بە ئاراستەی دەرەوە هەناردەکردووە بەبێ ڕەزامەندی حکوومەتی فیدراڵ، بەڵام ئەوە ڕاستییەکەی ئەوەیە کە هەرێم بڕی ١٥٠ هەزار بەرمیل نەوتی ڕۆژانە هەناردەکردووە و ئەو بڕەی تر بۆ بەرهەمهێنانی کارەبا بەکاردێنێت.

شەشەم: وەزارەتی دارایی عێراق، هەرێم بەوە تۆمەتبار دەکات، گوایە بڕی ٤٠٠ هەزار بەرمیل نەوتی ڕۆژانە بە ئاراستەی دەرەوە هەناردەکردووە و هەرێم بڕی ٢٥٠ هەزار بەرمیل نەوتی ڕۆژانە هەناردەکردووە و ئەو بڕەی تر بۆ بەرهەمهێنانی کارەبا بەکاردێنێت.

بەشی ڕۆژنامەوانیی دەزگای ڕۆشنبیری و ڕاگەیاندنی پارتی بۆ ڕاگەیەندراوەکەی ئەنجوومەنی جێبەجێکردنی یەکگرتووی ئیسلامی کوردستان

ڕۆژی ١٢ـی ئابی ٢٠٢٠، ئەنجوومەنی جێبەجێکردنی یەکگرتووی ئیسلامی کوردستان، ڕاگەیاندراوێکی دەربارەی دۆخی هەرێمی کوردستان بڵاوکردووەتەوە، لەو ڕاگەیەندراوەیاندا بەشێوەیەکی نالۆژیکانە کۆمەڵێك تۆمەتی بێبنەمایان ڕیزکردوون و ئاراستەی حکوومەتی هەرێمی کوردستانیان کردووە، ئەمەش وەك ئەوەی تا ئێستاش یەکگرتوو لە بەشێکدا خۆی بەشداری دامودەزگاکانی حکوومەت نەبێت، لەمەش زیاتر ئەنجوومەنی یەکگرتووی ئیسلامی بەس لە بڵاوبونەوەی ڤایرۆسی کۆرۆنا دەکات، ئەمە لەکاتێکدا کە حکوومەتی هەرێمی کوردستان لەسەرەتاوە هەموو ڕێگەیەکی بۆ تەشەنە نەکردنی ئەم پەتایە گرتووەتە بەر، بەڵام سەرکردایەتی یەکگرتووی ئیسلامی گاڵتەیان بە هەوڵەکانی حکوومەت دەکرد و، لە سۆشیال میدیاوە ڕایاندەگەیاند کە ڤایرۆسی کۆرۆنا بوونی نییە و حکوومەت بۆ مەبەستی تایبەتی خۆی ئەم ڕێوشوێنە تونداندەی گرتووەتە بەر! سەبارەت بە بژێوی هاووڵاتیان و مووچەی فەرمانبەرانی کوردستانیش، ڕاگەیەندراوەکەی یەکگرتوو لەجیاتی ئەوەی وەك حزبێکی سیاسی کوردستانی هاوکار و پشتگیر بێت بۆ ئەوەی هەموو هەوڵەکان یەکبخرێن و ئەم قەیرانە تێپەڕێنین و، ئامادەباشی دەربڕین بۆ چارەسەرێکی بابەتیانەی ئەم کێشانە، هەوڵی چەواشەکاریان خستووەتە گەڕ و تۆمەتی بێ بنەما دەدەنە پاڵ هەوڵەکانی حکوومەت و، دەیانەوێت قەیرانی دارایش هاوشێوەی پەتای کۆرۆنا وەك کارتێکی سیاسی بۆ مەرامی حزبی بەکاربهێنن. هەروەك لەبەشێکی دیکەی ڕاگەیەندراوەکەدا باس لە پرۆسەی چاکسازی دەکەن و دەیانەوێت خۆیان وا نیشان بدەن کە پەرۆشی چاکسازین، دیارە پرۆسەی چاکسازی وەك پرۆسەیەکی گشتگیر لە چوارچێوەی یاسادا دەستی پێکراوە و، پرۆسەکە لەوە گەورەترە کە بکرێتە موزایەدەیەکی سیاسی بێ بنەماو و بەکارهێنرێت بۆ ئەوەی خۆیان وەك داهێنەری چاکسازی وێنا بکەن و، وای نیشانبدەن کە هەنگاوی جیددی بۆ پرۆسەی چاکسازی هەڵنەگیراوە.

ئەوەی بۆ ئێستای باردۆخی هەرێمی کوردستان ئەوڵەویەتە، ئەوەیە کە هاوتەریب لەگەڵ هەوڵەکانی حکوومەتی هەرێمی کوردستان لایەنە کوردستانییە دڵسۆزەکان لە هەوڵی چارەسەرکردنی کێشەکاندابن لەگەڵ حکوومەتی فیدراڵی عێراق، بەپێچەوانەوە ئەو کەڵێنەی ئێوەومانان دەیخەینەڕوو، لایەنی دیکە گرەوی لەسەر دەکەن و،جێگەی خۆیەتی ئەوەش بڵێین، لەگەڵ ئەوەی حکوومەتی بەغدا خۆی لە گەیشتن بەڕێککەوتنی کۆتایی لەگەڵ حکوومەتی هەرێم دەدزێتەوە، بەشێك لە ناوخۆش هاوکاری ڕەوایەتییدان بەو خۆدزینەوەیەی بەغدان و، ئامانجیانە باردۆخی هەرێم ئاڵۆز بێت بۆ ئەوەی سوودی لێوەربگرن، کە ئەمەش یاریکردنە بە ژیان و گوزەرانی هاووڵاتیان و تاسەر هاووڵاتیانی پێ چەواشە ناکرێت.

لە کۆتاییدا ڕێگا دروستەکە بۆ چارەسەرکردنی گرفتە سیاسی و ئابوورییەکان و جێبەجێکردنی یاسای چاکسازی، یەکدەستی و قوڵکردنەوەی گیانی هاریکاری و پێکەوەیی سەرجەم هێز و لایەنە کوردستانییەکانە نەك مزایەدەکردن و گوتاری بێ کردار، بۆیە دووپاتی دەکەینەوە کە خزمەتکردن و باشکردنی گوزەرانی هاوڵاتیان و ڕەخساندنی زەمینەیەکی سیاسی و کۆمەڵایەتی و دەرونی گونجاوی شایستەی گەلی خۆڕاگری کوردستان بە مزایەدەکردن و تۆمەت بەخشینەوە نایەتەدی وەك چۆن لە ڕابردووش مزایەدەپییەکان هیچیان بۆ خەڵك و خۆشیان بەدەستنەهێناوە...

بەشی ڕۆژنامەوانیی دەزگای ڕۆشنبیری و ڕاگەیاندنی

پارتی دیموکراتی کوردستان

١٣ـی ئابی ٢٠٢٠



پەیامی پیرۆزبایی جێگری سەرۆکی پەرلەمان بەبۆنەی یادی 74 ساڵەی دامەزراندنی پارتی دیموکراتی کوردستان



بەبۆنەی یادی ٧٤ ساڵەی دامەزراندنی پارتی دیموکراتی کوردستان، هێمن هەورامی جێگری سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان، پەیامێکی پیرۆزبایی ئاراستەی سەرۆك مەسعود بارزانی و تەواوی هەڤاڵانی پارتی دیموکراتی کوردستان کرد. ئەمەش دەقی پەیامەکەیە:

پیرۆزبایی یادی ٧٤ ساڵەی دامەزراندنی پارتی دیموکراتی کوردستان

بەبۆنەی یادی ١٦ی ئاب، رۆژی دامەزراندنی پارتی دیموکراتی کوردستان لەسەر دەستی مستەفا بارزانیی نەمر، باوکی رۆحیی نەتەوەیی گەلەکەمان و تێپەڕبوونی ٧٤ ساڵ، جوانترین پیرۆزبایی ئاراستەی سەرۆك مەسعود بارزانی و تەواوی هەڤاڵانی پارتی دیموکراتی کوردستان دەکەم.

پارتی وەك حزبێکی پێشەنگ هەر لەسەرەتای دروستبوونییەوە زیاتر لەحزبێکی سیاسی بووەو وەك بزوتنەوەیەکی کوردستانییانە لەسەر بنەمای دیموکراسییەت و پێکەوەژیان و ئازادی و دادپەروەریی کۆمەڵایەتی بۆ رزگاریی نیشتیمانی و نەتەوەیی تەواوی وزەو تواناکانی کوردستانییانی یەکخست و لە خەباتی سیاسی، کۆمەڵایەتی و رۆشنبیری و دواتر بەهەڵایسساندنی شۆڕشی مەزنی ئەیلوول بەرگری و خەباتی پێشمەرگانەی لەسەرانسەری باشووری کوردستان وەها ئاراستەو رابەرایەتی کرد کە بووەهۆی ئەوەی بۆ یەکەمجار لەمێژووی ناوچەکەدا رژێمی ئەو کاتی عێراق لەچوارچێوەی رێککەوتننامەی ١١ی ئاداری ١٩٧٠دا دان بەمافەکانی گەلی کوردستاندا بنێت و هەرئەوەش ببێتە بنەمایەك بۆ فیدراڵییەتی هەرێمی کوردستان لەقۆناغەکانی دواتردا.

پارتی بەهەڵگیرساندنەوەی شۆڕشی گوڵان لەدوای نسکۆی ١٩٧٥ەوە جارێکی دیکە هاوکات لەگەڵ هێزو لایەنە تێکۆشەرەکانی دیکەی کوردستان ئیرادەو ئومێدی وەبەر خەڵکی کوردستان دایەوەو دواجار بەکاری پێکەوەیی و بناغەدانەری بەرەی کوردستانی سەرکەوتنی راپەڕینی پڕ شکۆی ئاداری ١٩٩١ی گەلەکەمانی لێکەوتەوە. مێژوو شاهێدی ئەوەیە کە سەرۆك مەسعود بارزانی لەرۆژانی راپەڕینە مەزنەکەی گەلەکەمان لەئاداری ١٩٩١ لەوتارێکیدا لەشاری کۆیە داوای کرد هەڵبژاردنێکی ئازاد بکرێ و گەلی کوردستان نوێنەرانی خۆیان هەڵبژێرن و حوکمڕانیی دیموکراسی و سەروەریی یاسا بچەسپێ. بەشداریی پارتی وەك حیزبێکی گەورەو سەنگینی کوردستان و سەرخستنی یەکەم هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان لەئایاری ١٩٩٢ هاتە ئارا، لەو کاتەوە تائێستا پارتی وەك هێزێکی سیاسیی گەورەی ناو پەرلەمانی کوردستان هاوشان لەگەڵ تەواوی هێزە تێکۆشەرەکانی دیکەی کوردستان لەپێشخستنی خەباتی پەرلەمانی و یاسادانان و چاودێری و پێکەوە هەڵکردن و کارکردن بۆ جۆشدان و بەردەوامیی دیموکراسییەت لەسەر ئاستی کەلتوورو میکانیزم، رۆڵی هەرە لەپێشی گێڕاوە.

لەهەلومەرجێکدا ئەم یادە پڕشکۆیە دەکەینەوە کەهەرێمی کوردستان بەقۆناغێکی هەرە سەخت و پڕ لەهەرەشەو ئاستەنگی ئابووری، تەندروستی و سیاسی لەگەڵ حکوومەتی عێراق و خێرایی و ئاڵۆزی و تێکچڕژاویی هاوکێشە هەرێمایەتی و نێودەوڵەتییەکاندا تێدەپەڕێت. ئەمەش ئەرکی پارتی قورستر دەکات بەوەی لەگەڵ سەرجەم هێزو لایەنە بەڕێزەکانی دیکەی گۆڕەپانی کوردستان بەلایەنەکانی دەسەڵات و ئۆپۆزسیۆنەوە مکومتر و بەگیانی کوردستانییانەی بەرپرسیارانە لەپێناسەی قۆناغەکەو دەستنیشانکردنی سەرچاوەی هەرەشەکان و مکومتربوون لەسەر چاکسازیی ریشەیی هەمەلایەنە لەسێکتەرە جیاجیاکان و گەیشتنە رێککەوتنێکی هاوسەنگ لەسەر بنەمای مافە دەستوورییەکانمان لەگەڵ بەغدا بەر بەئاڵۆزتربوونی دۆخەکە بگیردرێ.

جاریکی دیکە یادی ٧٤ ساڵەی دامەزراندنی پارتی پیرۆزبێت و سڵاو بۆ گیانی پاکی بارزانیی نەمر دامەزرێنەرو رابەرو سەرکردەی مێژوویی گەلەکەمان.

سڵاو بۆ رابەرایەتیی سەرۆك مەسعود بارزانی دەنێرین کە وەك سەرکردەیەکی مێژوویی گەلەکەمان سەرکردایەتیی پێشمەرگەو مقاومەتی گەلەکەمانی کرد لە تێکشاندنی ئەفسانەی داعش و سەرخستنی ئەنجامدانی ریفراندۆم.

هێمن هەورامی
جێگری سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان

پەیامی پیرۆزبایی سکرتێری پەرلەمان بەبۆنەی یادی 74 ساڵەی دامەزراندنی پارتی دیموکراتی کوردستان



بەبۆنەی یادی ٧٤ ساڵەی دامەزراندنی پارتی دیموکراتی کوردستان، مونا نەبی قەهوەچی، سکرتێری پەرلەمانی کوردستان، پەیامێکی پیرۆزبایی ئاراستەی سەرۆك مەسعود بارزانی و ئەندامانی مەکتەبی سیاسی و سەرکردایەتیی پارتی دیموکراتی کوردستان کرد، ئەمەش دەقی پەیامەکەیە:

رێزدار/ سەرۆك مەسعود بارزانی
بەڕێزان/ ئەندامانی مەکتەبی سیاسی و سەرکردایەتیی پارتی دیموکراتی کوردستان

بەبۆنەی ٧٤ـەمین ساڵڕۆژی دامەزراندنی پارتی دیموکراتی کوردستان جوانترین و گەرمترین پیرۆزبایی خۆمان ئاڕاستەی بەرێزتان و ئەندامانی مەکتەبی سیاسی و سەرکردایەتی و سەرجەم کادرو ئەندام و پێشمەرگە قارەمانەکان و خانەوادەی سەربەرزی شەهیدان و سەرجەم لایەنگرانی پارتی دیموکراتی کوردستان دەکەین، هیوای هەمیشە سەرکەوتن و بەردەوامیتان بۆ دەخوازین.

هیواخوازین ئەم یادە مەزنە ببێتەمایەی یەکڕیزی و تەباییی سیاسیی نێوان سەرجەم هێزو لایەنە سیاسییە کوردستانییەکان بەمەبەستی زیاتر فەراهەمکردنی سەقامگیریی سیاسی و ئەمنی و ئابووری و سەرخستنی پڕۆژەی چاکسازی و تێپەڕاندنی ئەو دۆخە نالەبارەی کەئێستا هەرێمەکەمان تێیدا گوزەر دەکات، هەروەها ببێتەمایەی پتەوبوونی پێکەوەژیانی ئاشتییانەی نێوان سەرجەم پێکهاتەکان و هاندەرێکی بەهێزبێت بۆ بەدیهێنانی ئارامی و ئاسوودەیی و خۆشگوزەرانیی زیاتر بۆ خەڵکی کوردستان. دووبارە پیرۆزباییتان لێدەکەین و ئومێدمان هەمیشە سەرکەوتنتانە.

منی نبی قەهوچی
سکرتێری پەرلەمانی کوردستان

پیرۆزبایی بزووتنەوەی کۆماریخوازانی رۆژهەڵاتی کوردستان بە بۆنەی 74ـەمین ساڵڕۆژی دامەزرانی پارتی دیموکراتی کوردستان

زۆر بەڕێزان جەنابی سەرۆك و سکرتێری پارتی دیموکراتی کوردستان
ئەندامانی هێژای سەرکردایەتی و مەکتەبی سیاسی

١٦ی ئاب، ٧٤ـەمین ساڵیادی دامەزراندنی پارتی دیموکراتی کوردستانە، ئەو پارتەی کە لە پڕۆسێسی دامەزراندن، شکڵگرتن و پەرەگرتنیدا وەك پارتێکی مۆدێرن و سەردەمیانە، بە کردەوە توانی ئەرك و رەسالەتی ئۆرگانیزەکردنی ریزەکانی گەل بەجێ بگەێنێ و لەراستای تەبدیلی ئیرادەی گەلی مافخۆرایی کورد، بە ئیرادەیەکی سیاسی/ نەتەوەیی و شوورناسخوازانە، بەرپرسانە رۆلی پارتێکی مێژووساز و پر لە شانازی و سەروەریسازانە بنوێنێت.

ئاشکرایە کە پارتی دیموکرات لە مێژووی ٧٤ ساڵ ژیان و تێکۆشانی سیاسیدا، تووشی قۆناغەکۆلیکی پر لە هەوراز و نەشیو، لێژاو لە سەرکەوتن و داکەوتن هاتووە، بەڵام سەرئەنجام لە ئەنجامی پەیڕەوکردنی سیاسەتی نەتەوەخوازانە، حەکیمانە و جەماوەرپەسەندیدا، بە هەماهەنگی و هاوکاری دەگەڵ لایەنەکانی دیکەی گۆڕەپانی خەبات، توانی لە بەرەکانی شەڕ و ئاشتی و حەوزەی هەلسوکەوتی سیاسی و دیپلۆماسیدا، رێگا و رەوڕەوەی خەباتی سەختی کورد و کوردایەتی بەرەو ئاسۆی سەرکەوتن و لوتکەی هیوا و ئامانجەکانی نەتەوەیی کورد هیدایەت بکات، و لە ئەنجامدا عەمەلەن شکڵێکی مومکین لە سەروەری سیاسی کوردان، لەسەر ئاستی ئەسڵی مافی دیاریکردنی چارەنووس لە باشووری کوردستاندا، بچەسپێنێت.

سەروەرییەك کە لەڕێیر هیدایەتی حەکیمانەی سەرۆك بارزانی،و بەشداری چالاکانەی نیشتیمان خۆشەویستان و دانی دەنگی نێزیك بە ٩٣ «بەڵێ»ی خەڵك لە پرۆسێسی رێفراندۆمی ٢٠١٧/٩/٢٥ دا، بەرەو ساغکردنەوەی دەوڵەت/نەتەوە-دیموکراتیك، و راگەیاندنی «کیانی سەربەخۆی کورد» لە باشووری کوردستان، جەهەتدار کرابوو، بەڵامم مەخابن ئەم پرۆژەی دەوڵەت/ نەتەوەسازییە لە ئەنجامی موئامەرە و ساتوسەودای بەرژەوەندیخوازانەی زلهێزانی جیهانی و ناوچەیی و هەروەها کارەساتە دڵتەزێن و چاوەروان نەکراوەکەی کەرکووك، ئیمکانی بە ئەمری واقیعکردنی، لێ قەتیس کرا.

بزوتنەوەی کۆماریخوازانی رۆژهەڵاتی کوردستان، دەگەڵ ئاراستەکردنی پیرۆزبایی بەبۆنەی ٧٤ هەمین ساڵڕۆژی دامەزرانی پارتی دیموکراتی کوردستان، و هەروەها بەبۆنەی لەدایکبوونی بەڕێز سەرۆك مەسعود بارزانی، پیرۆزبایی لە بەڕێزیان و سەرکردایەتی پارتی و گشت ئەندام و لایەنگران و پێشمەرگە قارەمانەکانی بەرەکانی شەر و ئاشتی، و هەروەها گشت خەڵکی نیشتیمانپەروەری کوردستان دەکات.

بەڕێزان..

بزووتنەوەی کۆمایخوازانی رۆژهەڵاتی کوردستان، ٧٤ ساڵ مێژوویی پارتی دیموکراتی کوردستان لە پێناو دەستەبەرکردنی سەروەری سیاسی و بە ئەمری واقیعکردنی ئەسڵی مافی دیاریکردنی چارەنووس لە شکڵی مومکینی هەنووکەیی خۆیدا، واتە « دەستەبەرکردنی سەروەری سیاسی لە شکڵی دامەزراندنی حکومەتێکی نیوەسەربەخۆی خاوەن کەسایەتی حقوقی لەئاستی ناوچەیی و جیهانی «دا، بە گرینگ وەسف دەکات و دەقەبلێنێ، وە هەر لەم راستایەشدا تێکۆشانی گشت رەهەندی و ماندوونەناسانەی سەرۆکی مەسعود بارزانی لەپێناو دامەزراندنی دەوڵەت/نەتەوە، و راگەیاندنی سەربەخۆیی کوردستانی باشوور، بەرز و پیرۆز، وە مێژووساز دەنرخێنێت.

دەگەڵ رێزمان

شووڕای هەماهەنگی/ بزووتنەوەی کۆماریخوازانی رۆژهەڵاتی کوردستان
٢٠٢٠/٨/١٥

رۆڵی یەکێتی لاوان لە مێژووی 74 ساڵەی پارتی دیموکراتی کوردستاندا



مەیسەر ئەیلی*


بە شانازییەوە یەکێتی لاوانی دیموکراتی کوردستان لە ڕووی دیسپلینی حزبییەوە سەر بە مەکتەبی جەماوەریی و پیشەییەکانی پارتی دیموکراتی کوردستانە لەوێیەوە ئاراستە و پەیامەکانی سەرۆك و سەرکردایەتی پارتیی بۆ دێت. لە مێژووی ٦٧ ساڵەی یەکێتی لاوانی دیموکراتی کوردستان کە لەسەر راسپاردەی بارزانیی نەمر دامەزراوە تا ئێستا، یەکێتی لاوان لە سەرجەم قۆناغەکاندا، پێ بە پێ لە کۆی بزاڤی رزگاریخوازیی کورد بەسەرپەشتی پارتی دیموکراتی کوردستان پێویستی پێبان بووبێت، بەو پەڕی ئامادەییەوە، بە ئیرادەی بەرخودان لەوێ بووینە و رۆڵمان بینیوە چ لە خەباتی شۆڕشگێڕی چ لە دوای ڕاپەڕین تا ئەنجامدانی ریفراندۆمی سەربەخۆیی بە رابەرایەتی جەنابی سەرۆك مەسعود بارزانی، بۆیە لە میانەی ٧٤ ساڵەی خەباتی پارتی دیموکراتی کوردستان لە هەموو قۆناغەکاندا ئەندامانی یەکێتی لاوان شان بە شان لەگەڵ پیشمەرگە و شۆڕش و لە دوای ڕاپەڕین لە کاتی ئاوەدانی و کەمپینەکانی هەڵبژاردن بەشداربوونە ئەگەر مێژووەکەمان هاوبەشیش نەبێت ئەوا بەشێك بوونە بۆ ئەوەی پەیام و خەباتی نەپچڕاوەی پارتی و سەرۆك بارزانی سەرکەوێت لەو پێناوەشدا بە شانازییەوە قوربانی و شەهیدمان بۆی داوە، لە ئێستادا کە بارودۆخی کوردستان گۆڕاوە لە قۆناغێکی سەختداین، بەهەمان شێوە بەردەوامین و رۆڵێکی باش لە پێشەنگی لاوانی کوردستاندا دەبینن لە خزمەت کردنی لاوان و هۆشیار کردنەوەیان.

تێڕوانینی پارتی دیموکراتی کوردستان بۆ یەکێتی لاوان جگە لە باکگراوندە مێژوویییەکەی کە جەنابی سەرۆك بارزانی بە «قوتابخانەی پێگەیاندنی نیشتیمانپەروەران» شوبهاندووە لە پەیڕەو و پڕۆگرامەکەیدا ڕەنگی داوەتەوە و چەندین برگە و مادەی بۆ ئەم مەبەستە تەرخان کردووە کە خاڵی جەوهەرییەن بۆ خزمەتی لاوانی کوردستان.

یەکێتی لاوان کە ئۆرگانێکی گرنگی پارتی دیموکراتی کوردستانە لە مێژوو و لە ئێستاشدا ئاراستە کردنی و پەیامی پارتی و سەرۆك بارزانی بۆ یەکێتی لاوان تەنیا ئاراستەیەکە کە لە چوارچێوەی نیشتیمانی و کوردایەتیی لە لایەك، خزمەتکردنی لاوان و چارەسەرکردنی کێشە و ئاریشەکانی لاوان لە لایەکی تر، ئەوە تێڕوانینی پارتی دیموکراتی کوردستانە، چونکە ئاینەدەی هەر گەلێك پەیوەستە بە توێژی لاوان، بۆ گەیشتن بە داهاتوویەکی باشتر، هەموو ئەوانەش وای کردووە لەگەڵ ناوهێنانی یەکێتی لاوانی دیموکراتی کوردستان زاکیرەمان بچێتەوە سەر پارتی دیموکراتی کوردستان. پیرۆز بێت ٧٤ ساڵەی ساڵیادی لە دایکبوونی سەرۆك بارزانی و یادی دامەزراندنی پارتی دیموکراتی کوردستان.

***سکرتێری یەکێتی لاوانی دیموکراتی کوردستان**

پیرۆز بێت یادی 74 ساڵەی دامەزراندنی پارتی دیموکراتی کوردستان



پەروین مستەفا

حەفتا و چوار ساڵ بەر لە ئێستا و لەڕۆژێکی وەك ئەمڕۆ باوکی ڕۆحیمان بارزانیی نەمر پارتی دیموکراتی کوردستانی دامەزراند. ئەو پارتەی تا ئەمڕۆکە بووە بە سومبولی تێکۆشان و بەرخودان و هێنانەدی خەونی چەندین ساڵەی میللەتەکەیان کورد و گەیشتن بەئامانجەکانی..

لەو رۆژەوەی بارزانیی نەمر ئەو پارتەی دامەزراندووە تا ئێستا سەدان بەربەست و هەوارز و نشێو هاتوونەتە بەردەم ئەم پارتە، بەڵام لەبەرئەوەی ئەم پارتە لەناو هەناو و واقیعیەتی گەلێکی پڕ لەهیوا لەدایکبووە هیچیان نەیانتوانیووە لەتێکۆشان و گەیشتن بەخەونی میللەتەکەی رابگرن.

لەو ڕۆژەدا پارتێك دامەزرا لەسەر دەستی سەرکردەیەك و باوکی نەتەوەیەك لەهەمان کاتدا سەرکردەیەك لەدایك بوو، کەبوو بەشانازی نەتەوەیەك تاکورد لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بگەیەنێت بە کەناری ئارامی و کورد و پێشمەرگەی بەجیهان ناساند وایکرد پێشمەرگە ببێت بەجێگەی متمانەی وڵاتانی دنیا و وەك هێزێکی هاوپەیمانی باوەڕی پێبکرێت.

پارتێك پر لە مێژووی شکۆداری و لە قوربانی و زوڵم و زۆرداری، پارتی بوون بۆیە شانازیەکی گەورەیە، چونکە کوردایەتی ڕاستەقینە و مرۆڤایەتی ڕاستەقینە و پێگەیاندنی رۆڵەی وڵاتەکی پڕە لەسەروەری و قوربانی دان بۆ مافێکی ڕەوا. پارتی دیموکراتی کوردستان لەو رۆژەوە بەکردار سەلماندوویەتی تاکە حزبە لەکوردستان تەواوی کارو چالاکی و پرۆژە خزمەتگوزارییەکانی لەپێناو خۆشگوزەرانی میللەتەکەیدا بێت و خەڵکی کوردستان خاوەن ئیرادەی خۆی بێت و کوردستانێکی بەهێزی کردووە بەدروشمی تێکۆشان.

بارزانی باوك بەدرێژایی مێژوو و خەباتی هێندەی باوەڕی بەشۆڕشی جەماوەری هەبووە هێنده باوەڕی بەحزبایەتی نەبووە. دوای ئەویش جەنابی سەرۆك درێژە پێدەری ڕێبازی باوك بووەو هەمیشە بەدوای ئازادی میللەتەکەی بووە و داکۆکیاری هێنانەدی خەون و تێکۆشانی میللەتەکەی بووە لە ڕابردوو و ئێستا و داهاتووشدا.

بەم بۆنە شکۆدارە گەرمترین پیرۆزبایی لە ڕابەر و مەرجەعی کورد سەرۆك بارزانی دەکەم هەم وەکو کچە شەهیدێکی سەنگەر و هەم کچە پێشمەرگەکی رۆژانی سەخت کەزیندانی سیاسی و ئاوارەیی و تەعریب و هەموو جۆرە ناحەقیەکی بینی تەنها لەبەر ئەوەی کە کورد بوو بەشانازیەوەش پارتی بوو. بەڵێن دەدەم تا دوا هەناسەم درێژە پێ دەری خەبات و قوربانی دان بین و دڵسۆزانە بۆ وڵاتەکەمان خەبات بەکەبن و تاسەربەخۆی کوردستان.

خوازیارم لەم ڕۆژەدا گشت حزب و لایانە سیاسییەکان یەك بگرن و واز لەیەکتر شکاندن بهێنن و لەخەمی قوربانیدان و گەیشتن بەخەونی چەندین ساڵەی میللەتەکەیان دابین کە بەدەستی دوژمنان دەیان ساڵە قوربانی دەدات و لەهەموو قۆناغەکاندا هەوڵی قڕکردنیانداوە. پێویستە ئەم ئەزموونە کەبەخۆین شەهیدان تائێستا هاتووە بەفیڕۆی نەدەن. پێکەوە بوون و یەك هەڵوێستی نەمان گەیەنێت بەکەناری ئارامی نەك پەرتەوازەیی و هەوڵدان بۆ سڕینەوەی یەکتر.

تائێستا ڕێگایەکی زۆر و سەختمان بڕیووە بۆ گەیشتن بەو خەونە ڕێگایەکی کەمیان لەبەردەم ماوە بۆ ئەوەی بەسەر هەموو ناخوشیەکان زاڵبین و لەئەنجامدا وڵاتەکی ئارام و پر لەشانازی و پێکەوە ژیان دروست بکەین، کەئەمەش ئامانجی هەموولایەکمانە . بۆی کورد و بۆی کوردستان بەرز و پیرۆز و گەشاوە بێ ئەم یادە و ئەم پارتە پڕ شکۆدارە و کوردستان ئاوەدان بێت.

له یادی شازدەی ئابدا، سوورین لەسەر بنیاتنانی کوردستانێکی بەهێز.

پرسەنامە

برای بەڕێز مەسعود پەرێشان

بەخەم و پەژارەیەکی زۆرەوە، هەواڵی کۆچی دوایی سەرپەرشتیاری پەروەردەیی مامۆستا (ئەمجەد جەوهەر)مان پێگەیشت. کە دەکاتە بۆ هاوکارمان شاعیر و



رۆژنامەنووس مەسعود پەرێشان. مامۆستا ئەمجەد، جگە لەوەی لەبواری پەروەردە چالاک بوو، هونەرمەندێکی دەستڕەنگینیش بوو، سەرەتای قۆناغی دوای ڕاپەڕین، لە 1993 وەک خۆشنووس لە دەزگای ڕۆژنامەنووسیی برایەتی و خەبات کاری دەکرد. بەناوی سەرنووسەر و ڕۆژنامەنووس و کارمەندانی ڕۆژنامەکەمان، پرسە و سەرەخۆشیتان لێ دەکەین، لە خوای گەورە داواکارین خوالێخۆشبوو بە بەهەشت شاد بکات و سەبر و ئارامی بە ئێوە و خانەوادەی بەڕێز و کەسوکارتان ببەخشێت و دوا ناخۆشیتان بێت.

•••

خانەوادەی خوالێخۆشبوو ڕۆژنامەنووس سەدرەدین قەراجی

بە خەم و پەژارەیەکی زۆرەوە هەواڵی کۆچی دوایی کادیر و ڕۆژنامەنووس(سەدرەدین خدر سەیدا) ناسراو بە (سەدرەدین قەراجی) مان پێگەیشت، کاک سەدرەدین ماوەیەک وەک ڕۆژنامەنووسێکی بەشدار کاری پەیامنێری بۆ ڕۆژنامەکەمان دەکرد.



بەناوی سەرنووسەر و ڕۆژنامەنووس و کارمەندانی ڕۆژنامەکەمان، پرسە و سەرەخۆشی لە خانەوادەی خوالێخۆشبێ دەکەین، لە خوای گەورە داواکارین بە بەهەشتی شاد بکات و سەبر و ئارامی بە خانەوادە و کەسوکاری ببەخشێت.

انا لله وانا اليه راجعون

دهۆک...

بە گوژمەی 76 ملیار دینار ژمارەیەک پرۆژەی خزمەتگوزاری تەواوبوون



بڕیکاری وەزارەتی شارەوانی و گشتوگوزار ڕایدەگەیەنێت، سەرەڕای بەردەوامیی قەیرانی دارایی، حکوومەتی هەرێمی کوردستان لە تەواوی شار و شاۆچکەکان، بۆ جێبەجێکردنی پرۆژەی خزمەتگوزاری بەردەوامە. دەشڵێت، ئەولیەتی سەرەکی بۆ ئەو پرۆژانە ئەوەیە، کە خواستی هاووڵاتیانی لەسەر هەیە، وەکو ئاو و ئاوەڕۆ و دروستکردنی شەقام و نۆژەنکردنەوە و قیرتاوکردن فراوانکردنی ڕووبەری سەوزایی و خاوێنکردنەوەی ژینگە.

کوردۆ شابان، بە مالپەڕی فەرمیی پارتی دیموکراتی کوردستان ڕاگەیاند: لە سنووری پارێزگای دهۆك بۆ ساڵی 2019 ژمارەیەکی زۆری پرۆژەکان جێبەجێ کراون، بەشێکی تریش ئێستا لە قۆناغی کارکردندان، بە گوژمەی 76 ملیار دینار لەلایەن حکوومەتی هەرێمی کوردستان پرۆژەکان تەرخان کراون، کاری سەرەکیش لە پرۆژەکان ئەوەیە، کە ڕاستەوخۆ بۆ هانیشتمانیان پێویستن. کوردۆ ئەوەیشی ڕاگەیاند: ئێستا پاکێجی پێنج پرۆژە لە قۆناغی جێبەجێکردندان بە گوژمەی 76 ملیار دینار لەسەر بودجەی پلانی وەبەرهێنانی وەزارەت، کە کۆمپانیایەك جێبەجێ دەکات، ڕێژەی تەواوبوونی دوو پرۆژە کۆتاییان هاتووە و دووی دیکەش بە ڕێژەی 85% و 11% جێبەجێ کراون. ناوبراو دەشڵێت: نزیکەی 45 پرۆژەی جۆراوجۆر لەسەر بودجەی 17%ی شارەوانییەکان جێبەجێ دەکرێن، پرۆژەیەکی تریش بە گوژمەی 65 ملیۆن دینار لەسەر بودجەی ڕێکخراوی GIZ ئەلمانی ئەنجام دەدرێت. جەختی لەوەش کردەوە: لە پارێزگای دهۆك بە داهاتی شارەوانیی ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا و ئەندازەی پارکەکان، 7 پرۆژەی تر بە گوژمەی 809 ملیۆن دینار جێبەجێ دەکرێن و 29 پرۆژەی دیکەش لەسەر پێشینەی بەردەوام بە کۆی گوژمەی ٥٦٥ ملیۆن دینار ئەنجام دراون.

گوتیشی: بڕی 14943 تۆن قیڕی بەرهەمهاتوو لەلایەن کارگەی قیڕەوە کە بۆ پرۆژەکانی نۆژەنکردنەوەی شەقام و قیرتاوکردن لە سنووری شارەوانیی پارێزگای دهۆك بەکار هێنراوە، هاوکات گرینگیی تایبەت بە ڕێژەی سەوزایی دراوە لە پارێزگاکەدا، ئێستا ڕێژەی سەوزایی گەیشتووەتە 13%.

بەتایبەت کە ئێستا لەچەند خاڵێکی گومرگیدا ناڕوونی هەیە و بەشێك لە داهاتەکانیشان دیار نین.

بەڕێوبەرایەتی چاودێری گومرگەکان ڕاستەوخۆ سەر بە وەزارەتی دارایی دەبێت و لە سەرجەم خاڵە گومرگییەکانی هەرێمی کوردستان بەرپرس دەبێت لە چاودێریکردنی بازرگانی و کوالێتی و ئەو مامەڵانەی لە ڕێگەی ئەو خاڵە سنووریانەوە دەکرێن و ئەمەش وادەکات کۆتایی بهێنێت بە بۆشاییە یاسایی و بێسەروبەرییەی لە بەشێك لە خاڵە سنووریەکاندا هەیە.



ڕێکخستنەوەی خاڵە گومرگییەکان خێراتر دەکرێت

حکومەتی هەرێمی کوردستان دەستیکردووە بە ڕێکخستنەوەی کاری دەروازە سنووریەکان و گومرگەکان لەو چوارچێوەیەشدا بڕیاری کردنەوەی بەڕێوبەرایەتی چاودێری گومرگی درا، کە سەر بە بەڕێوبەرایەتی گشتی گومرگی هەرێمی کوردستانە. وەزارەتی دارایی و وەزارەتی ناوخۆ ڕاسپێردراون بە دانانی میکانیزم و ڕێکخستنی کارەکانی ئەم بەڕێوبەرایەتیە لە خاڵە گومرگییەکان.

عەبدولحەکیم خەسرەو، سەرۆکی فەرمانگەی هەماهەنگی و بەدواداچوون لە ئەنجوومەنی وەزیرانی گووتی: دەست بەهەموو ڕێکارەکان کراوە بۆ ڕێککەوتنی کاری گومرگ و خاڵە سنووریەکان و بە تایبەتیش دیاریکردنی میکانیزمی کارکردنی ئەو بەڕێوبەرایەتییە. وەزارەتی دارایی و وەزارەتی ناوخۆ کار لەسەر میکانیزمی کارەکانی ئەم بەڕێوبەرایەتییە دەکەن و ڕێگری لە هەموو کارێکی نایاسایی و بێ سەروبەری خاڵە سنووریەکان دەکەن.

محەمەد ئیلخانی، بڕیارەدەری لیژنەی دارایی پەرلەمانی کوردستانیش جەختیکردەوە، بە دروستکردنی بەڕێوبەرایەتی چاودێری گومرگی بۆ چاودێریکردنی دەروازە سنوورییەکان سەرجەم ئەو کێشە و گرفتانەی کە هەیە لە خاڵە سنووریەکان چارەسەر دەکرێن،

وەزارەتی شارەوانی:

تیمەکانی هەولێر دەستیان بە دروستکردنی ئاوەڕۆ کردووە



گوتەبێژی وەزارەتی شارەوانی حکومەتی هەرێمی کوردستان دەڵێ، شارەوانی هەولێر لە سنووری پارێزگای هەولێر کۆمەڵێك پرۆژەی ئاوو ئاوەڕۆ دروست دەکات.

کوردۆ شابان، بۆ مالپەڕی فەرمیی پارتی دیموکراتی کوردستان گوتی: تیمەکانی سەر بە سەرۆکایەتیی شارەوانیی هەولێر، لە چەند شوێنێکی شارەکە دەستیانکردووە بە دروستکردنی ئاوەڕۆ لە گەڕەك و شەقامە سەرەکییەکان، وەك دروستکردنی ئاوەڕۆی هەردوو گەڕەکی گەورەی ڕۆشنبیری و فەرمانبەران. گوتەبێژی وەزارەتی شارەوانی حکومەتی هەرێمی کوردستان گوتیشی: دروستکردنی ئاوەڕۆی لوولەیی لە سیمی خاتونئاواوە و دروستکردنی پرۆژەی ئاوەڕۆ لە نزیك کۆگاکانی شەقامی سەرەکی هەولێر- گوێڕ دەستیان پێکردووە، بە تەواوبوونی ئەو پرۆژانەش کێشەی ئاوەڕۆ لەو شوێنانە کۆتاییان دێت. ڕوونیشی کردەوە، لە ئێستادا تیمەکانی سەر بە سەرۆکایەتیی شارەوانیی هەولێر لە ڕێگەی بەڕێوبەرایەتییە شارەوانییەکان، وێڕای نۆژەنکردنەوەی شەقام و خزمەتگوزارییە جۆراوجۆرەکان، دەستی کردووە بە دروستکردن و جێبەجێکردن و دروستکردنی چەندین پرۆژەی ئاوەڕۆ لە گەڕەك و شوێنە جیاوازەکانی سنووری شارەوانی هەولێر، لە ڕۆژانی داهاتووشدا کارەکانیان بەردەوام دەبێت و بە تەواوبوونی ئەم پرۆژەیە کێشەی کۆبوونەوەی ئاوی سەر شەقامی سەرەکی هەولێر- گوێڕ و هەردوو گەڕەکی ڕۆشنبیری و فەرمانبەرانیش چارەسەر دەکرێن.

پارێزگاری هەولێر نرخی خزمەتگوزارییەکان لە نۆ پرۆژەی نیشتەجێبوون کەمدەکاتەوە



بە فەرمانی د. فرسەت سۆفی، پارێزگاری هەولێر قۆناخی دووەمی کەمکردنەوەی نرخی خزمەتگوزارییەکان لە نۆ پرۆژەی یەکەی نیشتەجێبوون لە سنووری پارێزگاکە دەچێتە بواری جێبەجێکردنەوە، هەر پرۆژەیەکیش پابەند نەبێت بە بڕیارەکە، ڕووبەڕووی ڕێکاری یاسایی دەبێتەوە.

بەپێی فەرمانێکی کارگێڕی کە ئیمزای پارێزگاری هەولێری لەسەرە، دوای بەدواداچوون لەلایەن لیژنەیەکەوە نرخی خزمەتگوزارییەکان لەو نۆ پرۆژەیەی کە ناویان هاتووە کەمدەکرێنەوە و لە 12ی ئابەوە بڕیارەکان دەچنە واری جێبەجێکردنەوە.

ئەو نۆ پرۆژەیەی نیشتەجێبوون بریتین لە، ناز سیتی، شوقەکانی 92، گوندی ئیتاڵی 1، کۆتارۆ MRF، گوندی ئیتاڵی 2، شوقەکانی زانیاری، ئازادیی نوێ، جیهان سیتی و هیوا سیتی.

دوو نموونە لە نرخەکان بەمشێوەیە: لە ناز سیتی، شوقەکانی 92، گوندی ئیتاڵی 1، کۆتارۆ MRF، گوندی ئیتاڵی 2، شوقەکانی زانیاری، ئازادیی نوێ، جیهان سیتی و هیوا سیتی، ئەگەر ڕووبەری شوقەیەك 125 مەتر دووجا بێت، نرخی خزمەتگوزارییەکان تێیدا لە 403 هەزار دینارەوە بۆ 75 هەزار دینار کەمدەکرێتەوە؛ لە گوندی ئیتاڵیش ئەگەر ڕووبەری ڤێللایەك 140 مەتر دووجا بێت نرخی خزمەتگوزارییەکانی لە 75 هەزار دینارەوە بۆ 55 هەزار دینار کەمدەکرێتەوە.

سوپاس و پێزانین

بەهۆی هاوخەمی و بەشداریکردنتان لە ناشتن و پەیوەندیتان لە کاتی پرسەی باوکی خوالێخۆشبوومان، بە ناوی بنەماڵەکەمان سوپاس و پێزانینی خۆمان ئاراستە دەکەین بۆ هەریەك لە:

بەڕێز جەنابی سەرۆك (مەسعود بارزانی) کە بەڕێزیان بە پەیوەندی تەلەفۆنی پرسەو سەرەخۆشی و هاوخەمی گەیاندە بنەماڵەکەمان.

بەڕێز کاك (نێچیرڤان بارزانی)سەرۆکی هەرێمی کوردستان پەیامی سەرەخوشی و هاوخەمی گەیاندە بنەماڵەکەمان.

بەڕێز کاك (مەسرور بارزانی) سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان بەڕێزیان بە پەیوەندی تەلەفۆنی پرسەو سەرەخۆشی و هاوخەمی بو بنەماڵەکەمان دەربڕی.

بەڕێز کاك (فازڵ میرانی) سکرتیری مەکتەبی سیاسی پارتیمان، پەیامی پرسەو سەرەخۆشی و هاوخەمی گەیاندە بنەماڵەکەمان.

سوپاس و پێزانین بۆ هەریەك لەبەڕێزان: کاك (سیداد بارزانی)، کاك (یوسف بارزانی)، فەرماندە(منصور بارزانی)، فەرماندە(ڕەوان بارزانی)، فەرماندە(سیهاد بارزانی)، کاك (دلشاد بارزانی)، کاك (ادهم بارزانی)، فەرماندە(بهزاد بارزانی)، کە لە ڕێگەی پەیوەندی تەلەفۆنی پرسەو سەرەخۆشی و هاوخەمییان بۆ بنەماڵەکەمان دەربڕی.

سوپاس و پێزانین بۆ بەڕێز نێچیرڤان بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان بۆ سەرەخۆشی و هاوخەمی بۆ بنەماڵەکەمان دەربڕی.

سوپاس و پێزانین بۆ بەڕێز جێگری سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان. بەڕێز سەرۆکی فراکسیونی زەرد و ئەو ئەندام پەرلەمانانەی کوردستان چ بەڕێگەی نامە چ پەیوەندیان پێوە کردووین.

سوپاس و پێزانین بۆ وەزیرەکان و پارێزگاری هەولێر و سەرۆك و کارمەندانی دەزگای خێرخوازیی بارزانی، گشت دامودەزگایەکانی هێزەکانی ناوخۆ و ئاسایش و سەرۆکی دەستەکان و بریکار و بەڕێوبەرە گشتییەکان و فەرمانگەو گشت یەکە ئیداریەکان.

سوپاس و پێزانین بۆ مامۆستایانی قەدرگرانی ئاینی پیرۆزی ئیسلام و کەسایەتی و پیاوماقوولان و ڕیشسپی هۆزەکان، مامۆستایانی زانکۆ و مامۆستای پەروەردەیی و ئەو بەڕێزو خۆشەویستانەی لە شارەکانی تری خواری عێراق و دۆست و خۆشەویستان خەڵکی دڵسۆز و بە ئەمەکی سەرجەم شارو شاروچکەکانی کوردستان، بەشداربوون لە بە خاکسپاردنی باوکمان و بەهاوخەمیەوە لەگەڵمان بوون.

سوپاس و پێزانین بۆ ئەو بەڕێزانەی لە ڕێگای سۆشیال میدیا و سایت و پەیج و گروپەکانی pdk و ڕۆژنامەی خەبات بە پۆست و کۆمێنت و نامەی هاو خەمی و سەرە خۆشی خۆیان ڕاگەیاند.

لە کۆتاییدا دەڵێین، کۆچی دوایی باوکمان (دەرویش سەفتی) کۆستێك و کەلەنێکی گەورە بوو، بۆ ئێمەو دوست و هەواڵانی ڕەواندشاد، کەچی لەم بارودۆخە بە جێبەجێکردنی بڕیاری حکومەتی هەرێمی کوردستان و ڕێنمایەکانی وەزارەتی تەندروستی، نەمانتوانی پرسەی بۆ دابنێین، بەڵام بەبەشداربونتان لە ناشتن و پەیام و پرسەنامەکانتان و پەیوەندیەکانتان دڵنەواییتان کردین و باری گرانی ئیمەتان سووك کرد، منەتباری هەموتانین، خودای گەورە پاداشتی خێرتان بداتەوە ڕەحمەتی باوکمان بە بەهەشت شاد بکات

إنا لله وإنا إليه راجعون

بنەماڵەی خوالێخۆشبێت
دەرویش سەفتی

محەمەد شوکری:

21 مۆڵەت هەڵوەشێندراونەتەوە و زەوییەکانیش بۆ حکوومەت گەڕێندراونەتەوە



سەرۆکی دەستەی وەبەرهێنان لە هەرێمی کوردستان دەڵێ، هەر وەبەرهێنەرێک لە ئەنجامدانی پڕۆژەکەی کەمتەرخەم بێت، زەویەکەی لێ وەردەگرنەوە و مۆڵەتەکەشی هەڵدەوەشێننەوە، تەنها لە یەك ڕۆژدا 21 مۆڵەت هەڵوەشێندراونەتەوە و زەوییەکانیش بۆ حکوومەت گەڕێندراونەتەوە.

دکتۆر محەمەد شوکری، بۆ ماڵپەڕی فەرمیی پارتی دیموکراتی کوردستان گوتی: دەستەی وەبەرهینانی هەرێمی کوردستان، بڕیارێکی داوە، کە هەر وەبەرهێنەرێك کەمتەرخەم بێت و پڕۆژەکەی ئەنجام نەدات، مۆڵەتی پڕۆژەکەی هەڵوەشێننەوە و زەویەکەشی لێ وەردەگرنەوە و دەیگەڕێننەوە بۆ حکوومەتی هەرێمی کوردستان.

سەرۆکی دەستەی وەبەرهێنانی هەرێمی کوردستان گوتیشی: هەر لە یەك ڕۆژدا لە شوێنێك 10 پڕۆژە و لە شوێنێك 8 پڕۆژە و لە شوێنێك 3 پڕۆژە، کە دەکاتە 21 پڕۆژە لە هەرێمی کوردستان هەڵوەشێندراونەتەوە. گوتیشی: بەردەوام دەبین لەو کارە و لەهەر شوێنێك کەمتەرخەمی هەبێت، پڕۆژەکانیان هەڵدەوەشێنینەوە.

بەپێی سیستەمێکی نوێ مینحەیەکی مانگانە بە خێزانە هەژارەکان دەدرێت

وەزارەتی کارۆباری کۆمەڵایەتی سیستەمێکی نوێی ئامادە کردووە بۆ ئەوەی مینحەیەکی مانگانە بەسەر خێزانە هەژارەکاندا دابەش بکرێت و بریکاری وەزارەتەکەش دەڵێت، ڕەوشی دارایی ئاسایی ببێتەوە خێزانە هەژارەکان سوودمەند دەبن لە پارەی حکوومەت.

زەکیە سەید سادق، بریکاری وەزارەتی کار و کاروباری کۆمەڵایەتی، بە ماڵپەڕی فەرمیی پارتی دیموکراتی کوردستانی ڕاگەیاند: پێش ساڵی 2015 پڕۆژەی تۆڕی چاودێریی کۆمەڵایەتی جێبەجێ دەکرا و خەڵکێکی زۆر تێیدا سوودمەند بوون، بەڵام دوای قەیرانی دارایی خەرجکردنی مینحەکە ڕاگیراوە و گلەییەکی زۆریش لەسەر هەبوو، چونکە خەڵکێك تێیدا سوودمەند بوو، کە ڕەوشی داراییان باش بووە، لەبەر ئەوەش پێویست بوو گۆڕانکاریی تێدا بکرێت.

بریکاری وەزارەتی کار و کاروباری کۆمەڵایەتی گوتی: وەزارەتی کارو کاروباری کۆمەڵایەتی بە هاوکاریی وەزارەتی پلاندانان و دوو ڕێکخراوی نێودەوڵەتی، ڕەشنووسی سیستەمێکی نوێی بۆ خەڵکی هەژار ئامادە کردووە و بڕیارە دوای دیاریکردنی پێوەرەکانی هەژاری سیستەمەکە پەسەند بکرێت و خێزانە هەژارەکان دیاری بکرێن.



زەکیە سەید سادق جەختی کردەوە: هەر خێزانێکی هەژار مەرجی هەژاریی تێدا هەبێت و لەگەڵ سیستەمی نوێ بگونجێت، ئەوە مانگانە مینحەیەکی بۆ خەرج دەکرێت لەلایەن حکوومەتی هەرێمی کوردستانەوە.

پەیوەست بە کاتی دابەشکردنی ئەو مینحەیە، زەکیە سەید سادق دەڵێت: بێگومان کاتەکەی دیار نییە کەی دەبێت، چونکە ئەمە پەیوەستە بە ڕەوشی داراییی حکوومەتی هەرێمی کوردستانەوە، باوەڕم وایە ڕەوشی داراییی حکوومەت ئاسایی ببێتەوە، ئەوکات مینحەکە بە خێزانە هەژارەکان دەدرێت و سیستەمەکە دەچێتە واری جێبەجێکردنەوە.

وەزارەتی کشتوکاڵ:

باخ و ڤێلاکان بە یاسا ڕێکدەخرێن و کرێیان لێوەردەگیرێت



پڕۆژەیەك لە سەرۆکایەتیی ئەنجوومەنی وەزیرانەوە بۆ یەکلاکردنەوەی کێشەی باخ و ڤێلا و مەزرەعەکان، بەڕپرسێکی وەزارەتی کشتوکاڵیش دەڵێ، بە یاسا ڕێك دەخرێن و کرێیان لێ وەردەگیرێت.

حوسێن حەمەکەریم، گوتەبێژی وەزارەتی کشتوکاڵ، بە ماڵپەڕی فەرمیی پارتی دیموکراتی کوردستانی ڕاگەیاند: پڕۆژەیەك پێشکەش بە سەرۆکایەتیی ئەنجوومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان کراوە بۆ ئەو زەویانەی کشتوکاڵ کە زێدەڕۆییان کراوەتە سەر و کراونەتە باخ و ڤێلاو مەزرەعە، چونکە ناکرێت ئەو بابەتە بمێنێتەوە و پێویستی بە چارەسەرکردن هەیە، لەبەر ئەوەی زەوییەکەی زۆری کشتوکاڵی بۆ مەبەستی دیکە بەکار هاتوون و زۆربەشیان کراونەتە ڤێلا و مەزرەعە.

گوتەبێژی وەزارەتی کشتوکال دەشڵێت: حکوومەت دەیەوێ چارەسەرێکی یاسایی بۆ بابەتی زێدەڕۆیی سەر زەویی کشتوکاڵ بدۆزێتەوە، کۆمەڵێك ئەرك و ماف دەکەوێتە سەر ئەو کەسانەی زێدەڕۆییان کردووە، وەك مافی دارایی و لەوانە هەندێ ڕێکاری یاسایی بەرامبەر خاوەنەکانیان دەگیرێتە بەر، کە بە یاسا ڕێك دەخرێن بۆ ئێستا و داهاتووش.

لە وەڵامی پرسیارێکی ماڵپەڕی فەرمیی پارتی دیموکراتی کوردستانداا کە ئایا ڕاستە کرێی مانگانەیان لێ وەردەگیرێت، حوسێن حەمەکەریم گوتی: بێگومان کرێیان لێ وەردەگیرێت، بەڵام جارێ لە دانوستاندایین و پڕۆژەکە لە سەرۆکایەتیی ئەنجوومەنی وەزیرانە.

تەندروستیی دهۆك داوای قەدەغەی هاتووچۆ دەکات

هاوکات لەگەڵ بەرزبوونەوەی ژمارەی تووشبووان، تەندروستی دهۆك لە سنووری پارێزگاکەیان، پێشنیازی ڕاگەیاندنی قەدەغەی هاتووچۆی کردووە، لە بەرامبەردا پارێزگاری دهۆك دەڵێت: چاوەڕوانی ڕۆژانی داهاتوو دەکەین، بزانین دۆخەکە بەرەو کوێ دەڕوات و تەشەنەی ڤایرۆسی کۆرۆنا چیی بەسەر دێت.

لەم ماوەی دواییدا ڕۆژانە زیاتر لە 50 کەس وەك هەڵگری ڤایرۆسی کۆرۆنا لە سنووری پارێزگای دهۆك تۆمار دەکرێن، بەڕێوەبەرایەتی تەندروستی پارێزگاکەش داوای ڕاگەیاندنی قەدەغەی هاتووچۆ دەکات.

لەبارەی داواکەی تەندروستی، عەلی تەتەر پارێزگاری دهۆك بە کوردستان24ی ڕاگەیاند: ئێستا ناتوانین ئەو بڕیارە بدەین، ڕۆژانی دواتر تاوتوێی ژمارەکان و ژمارەی تووشبووان دەکەین، ئەگەر زانیمان تووشبوون بە کۆرۆنا لە هەڵکشاندایە ڕێکاری دیکە دەگرینەبەر، بەڵام ئەگەر ڕێنماییەکان جێبەجێ بکرێن، ئەوا ئاسانکاری زیاتر بۆ خەڵك دەکەین، چونکە دۆخەکە وا دەخوازێت هاوکاربین لەپێناو ژیانی خەڵك.

د. موئەیەد غالی، سەرپەرشتیاری تووشبووانی کۆرۆنا لە پارێزگای دهۆك بە کوردستان24ی گوت: بە بڕوای من قەدەغەی هاتووچۆ ڕا بگەیەندرێت دۆخەکە باشتر دەبێت، چونکە ئێستا سەرچاوەی بڵاوبوونەوەی ڤایرۆسەکە دیار نییە.

بەگوێرەی ئاماری وەزارەتی تەندروستی تائێستا هەزار و 619 کەس لە سنووری پارێزگای دهۆك تووشی کۆرۆنا بوونە، لەو ژمارەیە 11 کەس گیانیان لەدەستداوە و 621 کەسیش چارەسەرکراون.



ئاگاداری

ماڵپەڕی ئاژانسی (m.p.k) تۆماری یاسایی دەکرێت لە سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی کوردستان هەرکەس و لایەنێك تیبینی هەیە پەیوەندی بکات بەم ژمارە مۆبایلانە (07501188040 – 07501188030).

پرسەنامە

بەناوی خودای بەخشندە و میهرەبان

خانەوادەی بەڕێزی حاجی شەهید سلێمان نەبی حاجی ئۆمەرانی

بەدڵگرانییەکی زۆرەوە هەواڵی کۆچی دوایی پێشمەرگەی دڵسۆز و کەسایەتیی تێکۆشەر و ناسراو، کاك حاجی شەهید سلێمان نەبی حاجی ئۆمەرانیمان پێ گەیشت. پرسە و سەرەخۆشی ئاراستەی خانەوادە تێکۆشەرەکەتان و تەواوی کەسوکار و ئاشنایانتان دەکەین و بەشداری خەمتانین. لە خودای گەورە داواکارین گیانی کاك حاجی بخاتە بەر ڕەحمەتی خۆی و ئارامی و سەبرتان پێ ببەخشێت.

•••

بەڕێز کاك قادر حەسەن ئاغا دێڵزی

بەدڵگرانییەکی زۆرەوە هەواڵی کۆچی دوایی باوکی بەڕێزتانمان پێ گەیشت. پرسە و سەرەخۆشی ئاراستەی بەڕێزتان و خانەوادە تێکۆشەرەکەتان و خزم و دۆست و ئاشنایانتان دەکەین و بەشداری خەمتانین. لە خودای گەورە داواکارین گیانی باوکی کۆچکردووتان بە بەهەشت شاد بکات و ئارامی و سەبرتان پێ ببەخشێت.

•••

خانەوادەی بەڕێزی خوالێخۆشبوو میرزا حەمەی حاجی برایم باوزی

بەدڵگرانییەکی زۆرەوە هەواڵی کۆچی دوایی کەسایەتیی دیاری قەڵادزێ و پشدەر، کاك ئەحمەد باوزی، کوڕە گەورەی خوالێخۆشبوو میرزا حەمەی حاجی برایم باوزیمان پێ گەیشت.

پرسە و سەرەخۆشی ئاراستەی خانەوادە بەڕێزەکەتان و خزم و دۆست و ئاشنایانتان دەکەین و بەشداری خەمتانین. لە خودای گەورە داواکارین گیانی کاك ئەحمەد بخاتە بەر ڕەحمەتی خۆی و ئارامی و سەبرتان پێ ببەخشێت.

•••

بەڕێزان، خانەوادەی مامۆستا چیا نازم گلی

بەدڵگرانییەکی زۆرەوە هەواڵی کۆچی هونەرمەندی دەست ڕەنگین و ئەندامی مەکتەبی پەیوەندییەکان» کوردستانی و عێراقی» هەڤاڵ (چیا نازم گلی) مان پێگەیشت.

خۆمان بە هاوبەشی خەمی خانەوادە بەڕێزەکەتان دەزانین، سەرەخۆشی لە ئێوە و دۆست و هەڤاڵانی خوالێخۆشبوو و خزمانی عەشیرەتی گلی دەکەین. لە خودای گەورە داواکارین خوالێخۆشبوو بەر ڕەحمەتی خۆی بخات و بە بەهەشتی شاد بکات و دڵنەوایی و ئارامیش بە هەموو لایەک ببەخشێت.

•••

بەڕێزان، خانەوادەی حەسەن حەمەد حاجی هەڵشۆیی

بەداخێکی زۆرەوە هەواڵی کۆچی دوایی پێشمەرگەی شۆڕشی گوڵان و کەسایەتی دیار(حەسەن حەمەد حاجی هەڵشۆیی)مان پێگەیشت. سەرەخۆشی لە خانەوادە بەڕێز و نیشتیمانپەروەرەکەتان دەکەین، هاوبەشی خەمی ئێوە و دۆست و خزمانی هەڵشۆیین.

لە خودای گەورە داواکارین خوالێخۆشبوو بەر ڕەحمەتی خۆی بخات و بە بەهەشتی خۆی شاد بکات و دڵنەوایی و ئارامی بەکەسوکاری ببەخشێت.

•••

بەڕێزان، لە خانەوادەی شەهید لیوا محەمەد ڕەشید،

بەداخێکی زۆرەوە هەواڵی شەهیدبوونی (لیوا محەمەد ڕەشید)مان پێگەیشت. سەرەخۆشی لە خانەوادە بەڕێز و نیشتیمانپەروەرەکەتان دەکەین، خۆمان بەهاوبەشی خەمی ئێوە و خزم و دۆست و ئاشنایانتان دەزانین. لە خودای گەورە داواکارین گیانی شەهید لیوا محەمەد ڕەشید بەر ڕەحمەتی خۆی بخات و بە بەهەشتی خۆی شاد بکات و ئۆقرەیی و دڵنەوایی بە خانەوادەکەتان و هەڤاڵانی ببەخشێت.

•••

بەڕێزان، لە خانەوادەی شەهید عەمید زوبێر حالی،

بەداخێکی زۆرەوە هەواڵی شەهیدبوونی (عەمید زوبێر حالی)مان پێگەیشت. سەرەخۆشی لە خانەوادە بەڕێز و نیشتیمانپەروەرەکەتان دەکەین، خۆمان بەهاوبەشی خەمی ئێوە و خزم و دۆست و ئاشنایانتان دەزانین. لە خودای گەورە داواکارین گیانی شەهید عەمید زوبێر حالی بەر ڕەحمەتی خۆی بخات و بە بەهەشتی خۆی شاد بکات و ئۆقرەیی و دڵنەوایی بە خانەوادەکەتان و هەڤاڵانی ببەخشێت.

•••

بەڕێز، سەباح محەمەد،

بەدڵگرانییەکی زۆرەوە هەواڵی کۆچی دوایی(جاسم محەمەد) برای بەڕێزتانمان پێگەیشت. سەرەخۆشی خۆمان ئاراستەی بەڕێزان و خانەوادەکەتان دەکەین، هاوخەمی ئێوە و خزم و دۆست و ئاشنایانتانین. لە خودای دلۆقان داواکارین خوالێخۆشبووی براتان بەر ڕەحمەتی خۆی بخات و بە بەهەشتی بەرینی شاد بکات، دڵنەوایی و ئارامی بە ئێوە و کەسوکارتان ببەخشێت.

•••

بەڕێزان، لە خانەوادەی ئەحمەد مەلا قادر،

بەدڵگرانییەکی زۆرەوە هەواڵی کۆچی دوایی خاتوو(دڵخواز ئەحمەد مەلا قادر)مان پێگەیشت. سەرەخۆشی ئاراستەی خانەوادە بەڕێزەکەتان دەکەین، خومان بەهاوبەشی خەمی ئێوە و خزم و دۆستانتان دەزانین. لە خودای گەورە داواکارین خوالێخۆشبوو بەر ڕەحمەتی خۆی بخات و بە بەهەشتی شاد بکات و ئۆقرەیی و ئارامی ببەخشێت بە خانەوادەکەتان.

•••

بەڕێزان، لە خانەوادەی عەبدوڵڵا عەلی ڕەسوڵ،

بەداخێکی زۆرەوە هەواڵی کۆچی دوایی (عەبدوڵڵا عەلی ڕەسوڵ)مان پێگەیشت. کۆچکردوو عەبدوڵڵا عەلی ڕەسوڵ یەکێک لە پێشمەرگە و فەرماندە دڵسۆزەکانی هەردوو شۆڕشی ئەیلوول و گوڵان بووە و تا کۆتا ژیانی لە خزمەتکردنی ڕێبازی پیرۆزی کوردایەتی بوو.

سەرەخۆشی ئاراستەی خانەوادە بەڕێز و نیشتیمانپەروەرەکەتان دەکەین، خۆمان بەهاوبەشی خەمی ئێوە و خزم و دۆست و ئاشنایانتان دەزانین.

لە خودای گەورە داواکارین گیانی خوالێخۆشبوو بەر ڕەحمەتی خۆی بخات و بە بەهەشتی خۆی شاد بکات و ئۆقرەیی و دڵنەوایی بە خانەوادەکەتان و هەڤاڵانی ببەخشێت.

انا لله وانا الیه راجعون

بارەگای بارزانی

•••

بەڕێزان خانەوادەی خوالێخۆشبوو ئەحمەد حەمە ئیبراهیم

خەمبار بووین بە بیستنی هەواڵی کۆچی دوایی کەسایەتی دەڤەری پشدەر و پێشمەرگەی شۆڕشی مەزنی ئەیلوول خوالێخۆشبوو ئەحمەد حەمە حاجی ئیبراهیم باوزی.

بەو بۆنە خەمناکەوە پرسە و سەرەخۆشیان ئاراستەی بنەماڵە تێکۆشەرەکەتان و کەسوکار و ئاشنایانی خوالێخۆشبوو دەکەین و هاوبەشی خەم و پەژارەتانین.


لە خوای گەورە داواکارین سەبووری و دڵنەوایی بە هەمووڵایەك ببەخشێت و گیانی کۆچکردویش بە بەهەشتی بەرین شادبکات.

انا لله وانا الیه راجعون

مەکتەبی سیاسیی



پارتی ئەو حزبەی هەمیشە پێشەنگ و پێشڕەوە



کاروان محەمەد سینو
(بەشی چوارەم و کۆتایی)

پاش تەواوبوونی جەنگی جیهانی یەکەم بەپێی (ڕێکەوتنامەی قەرسای لە 28ی حوزەیرانی 1919) و ڕوخانی ئیمپراتۆریەتی عوسمانی پاش ئیمزاکردنی ڕێکەوتنامەی لۆزان لە24ی تەموزی 1923)، ئینجا هاوکات لەگەڵ بونیاتنانی کۆماری تورکیا لە 29ی ئۆکتۆبەر 1923، گەل و میللەتانی کەنەوکات کەچوارچێوەی سنوور و ژێر ڕکێفی ئیمپراتۆریەتی عوسمانی بوون(وەکو زۆربەی وڵاتانی عەرەب) داوای ماف و نازادی و سەربەخۆیی خۆیان کرد. هەڵبەت کوردیش وەکو میللەتێکی خاوەن خاك و گەل و زمان و کەلتوری تایبەت بەخۆی، داوای نازادی و سەربەخۆیی کرد. لەم سەروبەندەدا و لەمیانەی پەیمانی (سیڤەر) کەلە 10ی ئابی 1920 لە نێوان وڵاتانی براوەی جەنگی جیهانی یەکەم و وڵاتانی دۆڕاوی جەنگەکە (ئیمپراتۆریەتی ئەڵمانی و ئیمپراتۆریەتی نەمسا و ئیمپراتۆریەتی عوسمانی) ئیمزاکرا، بەپێی بەندی 62 و 64ی پەیمانی (سیڤەر) مافی سەربەخۆیی درایە میللەتی کورد کە ریفراندۆم ئەنجام بدەن و داوای سەربەخۆی خۆیان بکەن. بەڵام مشتومڕی لایەنەکانی پەیمانی(سیڤەر) و سازانیان لەسەر بنەمای بەرژەوەندی و پێگەی سیاسی و ئابووری و سەربازی خۆیان، مافی میللەتی کورد کرایە کارتی گوشار و سازان لە نێو خۆیان و دواجار لە ئیمزاکراوەکەی پەیمانی (لۆزان 24ی تەموزی 1923) وڵاتانی زلهێزی جیهان و لایەنەکان پاشگەز بوونەوە لەو مافەی کورد کە لەپەیمانی (سیڤەر)دا دەستەبەر ببوو. لایەنەکانەمەر بەمەش نەوەستان بەڵکو داواتر لەڕێکەوتنامەیەکی نهێنیدا (سایکس پیکۆ) تەواوی خاکی کوردستان بەسەر چوار وڵاتی (عێراق و ئیران و تورکیا و سوریا) دابەشکرد. بەڵام نازادی خواز و سەربەخۆ خوازانی کورد هەرگیز ملکەچی ئەم واقیعەی جیهان نەبوون و هەرلە سەرەتاوە خەبات و شۆڕش دژ بەم واقیعە سەپێنراوە دەستی پێکرد. هەڵبەت بروسکەی شێخ عەبدولسەلام بارزانی لە بەهاری 1907 بۆ (باب ئەل عالی) دەوڵەتی عوسمانی لە (ئوستانە) و شەڕی شێخ ئەبدولسەلام بارزانی دژی (نەفیرعامی) دەوڵەتی عوسمانی بەسەرۆکایەتی (محەمەد فازل پاشا داغستانی کۆتای ساڵی 1907) و شۆڕشەکانی شێخ سعیدی پیران و شێخ مەحمودی حەفید و شۆڕشی یەکەمی بارزان لە 9ی کانونی یەکەم 1931و شۆڕشی دووەمی بارزان لە2ی ئۆکتۆبەری1943 و بۆردۆمانکرد بارزان لەلایەن فڕۆکەکانی ئیستیعماری بریتانی و ڕاگەیاندنی کۆماری کوردستان لە مهاباد و دامەزراندنی پارتی دیمۆکراتی کوردستان و هەڵکردنی شۆڕش ئەیلوول و گوڵان بەسەرۆکایەتی مستەفا بازرانی، ئەمانە چەند نمونەیەکن لە شۆڕش و بەرخودان لە پێناو نازادی و سەربەخۆیی میللەتی کورد.

پوختەیەک دەربارەی کۆنگرەکانی پارتی دیموکراتی کوردستان

کۆنگرەی یازدەهەم :

هەولێر پایتەختی هەرێمی کوردستان 16/8/1993

کۆنگرەی (11)ی (پارتی) لە دوای ئەم ڕووداوە گرنگانە بەسترا:

1.داگیرکردنی (کوێت) لەلایەن ڕژێمی (سەدام) و دواتر شکستخواردنی هێزەکانی (سەدام) بە دەستی سوپای (ئەمریکا) و هاوپەیمانەکانی و ئازادکردنەوەی (کوێت).

2. بەرپابوونی ڕاپەڕینی سەرتاسەری خەڵکی باشوری کوردستان و ئازادکردنی تەواوی شار و شارۆچکەکانی باشوری کوردستان.

3.کۆڕەوە ملیۆنییەکەی خەڵکی باشووری کوردستان و دواتر دیاریکردنی هێڵی (36) بە ناوچەی پارێزراو، بە بڕیاری ئەنجوومەنی ئاسایشی نێودەوڵەتی و گەڕانەوەی سەربەرزانەی خەڵکی کۆچ کردووی کوردستان بۆ شار و شارۆچکە و گوندەکانیان.

4. هەڵبژاردنی پەرلەمان لە 19/5/1992 لە باشووری کوردستان و دامەزراندنی کابینەی یەکەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە (4/7/1992) کۆنگرەی (11) لەژێر دورشمی (ئاشتی، ئازادی، دیموکراسی) بەسترا بە بەشداری (2,167) نوێنەری لق و ناوچە و ڕێکخراوە جەماوەری و پیشەییەکانی پارتی کە (124) یان ئافرەت بوون، بە ئامادەبوونی نوێنەرانی حزبە کوردستانی و عێراقییەکان و میوانە کوردستانی و عێراقی و بیانییەکان و ئاژانسەکانی دەنگوباس بەڕێوەچوو.

کۆنگرە بەکۆی دەنگ بەڕێز مەسعود بارزانی بە سەرۆکی پارتی هەڵبژاردەوە.

کۆمیتەی ناوەندیش بەم شێوەیە هەڵبژێردرا:
1. نێچیرڤان ئیدریس بارزانی
2. سامی عەبدولڕەحمان
3. جەوهەر نامیق
4. ڕۆژ نوری شاوێس
5. ئازاد بەرواری
6. هوشیار زێباری
7. فازڵ میرانی
8. دەزهەت حالی دۆڵەمەڕی
9. عومەر عوسمان (زەعیم عەلی)
10. شەوکەت شێخ یەزددین
11. مەحمەد مەلا قادر
12. د. کەمال کەرکوکی
13. د. جەرجیس حەسەن
14. کەریم سنجاری
15. نوری حەمە عەلی
16. عارف تەیفور
17.مامۆستا سەعد عەبدوڵڵا
18. فەرەنسۆ هەریری
19. فەریدون جوانڕۆیی
20. صلاح دەلۆ
21. ڕەمزی شەعبان
22. عومەر بۆتانی
23. شیرین ئامێدی
24. جەمال مورتکە
25. سەرباز هەورامی
26. عومەر عوسمان میرگەسۆری
27. بروسک نوری شاوێس
28. سەفین دزەیی
29. قادر قادر
30. عزەددین بەرواری
31. یونس ڕۆژبەیانی

هەروا (9) هەڤاڵیش بە ئەندامی یەدەگی کۆمیتەی ناوەندی هەڵبژێردران.

ئەندامانی مەکتەب (سیاسی)ش بەم شێوەیە لە لایەن ئەندامانی لیژنەی مەرکەزی هەڵبژێردران:

1. نێچیرڤان ئیدریس بارزانی
2. مەسرور مەسعود بارزانی
3. هوشیار زێباری
4. جوهەر نامیق سالم
5. فازڵ میرانی
6. سامی عەبدولڕەحمان
7. ئازاد بەرواری
8. دکتۆر ڕۆژ نوری شاوێس
9. عومەر عوسمان (زەعیم عەلی)

کۆنگرەی سێزدەهەم:

کۆنگرەی 13 ساڵی 2010

ڕۆژی 11/12/2010 بە دروشمی (نوێبوونەوە- داپەڕوەری- پێکەوەژیان) و بە ئامادەبوونی زیاتر لە 1200 ئەندامی کۆنگرەو 350 کەسایەتی کورد و عێراقی و دەرەوەی عێراق، کۆنگرەی 13 ی پارتی دیموکراتی کوردستان لە پارکی شەهید سامی عەبدولڕەحمان لە هەولێری پایتەختی هەرێمی کوردستان دەستی بە کارەکانی کردو ڕۆژی 18/12/2010 کۆتای هات.

کۆنگرە جارێکی دی بەڕێز مسعود بارزانی وەك سەرۆکی حزب هەڵبژاردەوە، دواتر سەرۆك بارزانی، بەڕێز نێچیرڤان بارزانی بۆ جێگری سەرۆك کاندید کردو کۆنگرەش بە گشتی دەنگ هەڵیبژارد،پاشان هەڵبژاردنی ئەندامانی ئەنجوومەنی سەرکردایەتی دەستی پێکردو 60 هەڤاڵ بۆ ئەنجوومەنی سەرکردایەتی هەڵبژێردران و 51 هەڤاڵ بەڕێوەچوو، ڕێژەی ئافرەتان (8%) بوو، ژمارەیەکی زۆر لە نوێنەرانی سەر بە ڕێکخراوەکانی نەتەوە یەکگرتووەکان و ڕێکخراوە (ناحکومییەکان) و نوێنەرانی حزبە کوردستانی و عێراقییەکان و سەدان کادری دێرین و کەسایەتی کۆمەڵگای کوردستان و ئاژانسەکانی دەنگوباس تیایدا ئامادەبوون. کۆنگرە بڕیاریدا (پرۆسەیگۆڕانکاریو نوێکردنەوە) بەتەواوەتی کارا بکرێت ئەو پرۆسەیەی کە پێشتر (سەرۆك بارزانی) لە مانگی (شوبات/1999)دا ڕایگەیاندبوو. کۆنگرە بڕیاریدا شێوازی دامەزراوەیی (موئەسەساتی) پیادە بکرێت و چەند ڕاسپاردە و پێشنیارێکیشی خستەڕوو:

1. هەڵبژاردنی ئازادانەی ئەنجومەنەکانی شارەوانییەکان بە پێی یاسا.
2. دامەزراندنی دادگایەکی (قەزای ئیداری).
3. بایەخدان بە ڕێکخراوەکانی مافی مرۆڤ و پێشکەشکردنی ئاسانکاری پێویست بۆیان.
4. دامەزراندنی ئەنجوومەنی خزمەت.
5. بایەخدانی تەواو بە چاودێری دارایی و کارگێڕی و پەرەپێدانی دامودەزگاکانی.

لەگەڵ چەندین پێشنیار و ڕاسپاردەی تر. لەم کۆنگرەیەدا جەنایی سەرۆك مەسعود بارزانی بە سەرۆکی پارتی دیموکراتی کوردستان هەڵبژێردرایەوەو (مامۆستا عەلی عەبدولڵا)ش بە جێگری سەرۆك هەڵبژێردرا.

کۆمیتەی ناوەندیش بەم شێوەیە هەڵبژێردرا:
1. نێچیرڤان ئیدریس بارزانی
2. مەسرور بارزانی
3. فازڵ میرانی
4. د. ڕۆژ نوری شاوێس
5. هوشیار زێباری
6. سامی عەبدالڕحمان
7. ئازاد بەرواری
8. جەوهەر نامق سالم
9. عومەر عوسمان (زەعیم عەلی)
10. شەوکەت شێخ یەزددین
11. مەحمەد مەلا قادر
12. د. کەمال کەرکوکی
13. د. جەرجیس حەسەن
14. کەریم سنجاری
15. نوری حەمە عەلی
16. عارف تەیفور
17.مامۆستا سەعد عەبدوڵڵا
18. فەرەنسۆ هەریری
19. فەریدون جوانڕۆیی

کۆنگرەی دوازدەهەم :

هەولێر پایتەختی هەرێمی کوردستان (6/10/1999)

ئەم کۆنگرەیە بە بەشداری (1473) نوێنەری لق و ناوچە و ڕێکخراوە جەماوەری و پیشەییەکانی پارتی (بەپێی ڕیزبەندیی ئەو دەنگانەی بەدەستیان هێنا) وەك ئەندامی ئەنجوومەنی سەرکردایەتی هەڵبژێردران، 9 ئەندامیش بە ئەندامی یەدەگی سەرکردایەتی.

(ڕیزبەندیی ناوەکانی ئەم لیستەبەپێی ئەو دەنگانەی بەدەستیان هێناوە):

1- مەسرور مسعود بارزانی
2- سیداد مستەفا بارزانی
3- کەریم شنگالی
4- یوسف ئیدریس بارزانی
5- ڕۆژ نوری شاوێس
6- هۆشیار زێباری
7- فازڵ میرانی
8- نەزهەت حالی دۆڵەمەڕی
9- نەوزاد هادی
10- بەیان سامی عەبدولڕەحمان
11- قادر قەچاخ
12- کەمال کەرکووکی
13- سەڵاح دەلۆ
14- ئازاد بەرواری
15- ئاراس حەسۆ میرخان
16- سیروان سابیر بارزانی
17- سەربەست لەزگین
18- عەلی حوسێن سورچی
19- کاکەمین نەجار
20- نوری حەمە عەلی
21- چنار سەعد عەبدوڵڵا
22- پشتیوان سادق
23- هێمن هەورامی
24- عەبدولخالق بابیری
25- ڕەمزی شەعبان
26- فەرەیدون جوانڕۆیی
27- زەعیم عەلی
28- دیاری حوسێن
29- ڕێبوار یەڵدا
30- دڵشاد شەهاب
31- جەعفەر ئیبراهیم
32- عارف تەیفور
33- یونس ڕۆژبەیانی
34- سەربەست تروانشی
35- ساسان عەونی
36- هیوا ئەحمەد مستەفا
37- ئەدهەم بارزانی
38- مەحمود مەحمود ئێزیدی
39- عەلی عەونی
40- مەحمود مەحمەد
41- خەسرەو گۆران
42- عەبدولموهەیمەن بارزانی
43- محەمەد هەرکی
44- عەلی تەتەر
45- ئەحمەد کانی
46- عزەدین بەرواری
47- سەفین دزەیی
48- شیرین ئامێدی
49- ئەڤین هروری
50- نازەنین محەمەد وسو
51- نەجات عەلی فاتم
52- عومەر عوسمان
53- عەبدوڵڵا عەلی
54- ئاکۆ چاوشین
55- بڵند ئیسماعیل جەرجیس
56- قادر قادر
57- ئەکبەر حەیدەر
58- سەربەست بابیری
59- حەمید دەربەندی
60- مەسعود سالمی

هەوهها (9) هەڤال بە ئەندامی یەدەکی ئەنجومەنی سەرکردایەیت پارتی دیموکراتی کوردستان هەڵبژێران:

1- عومەر عوسمان میرگەسوری
2- عەبدوللە عەلی
3- ئاکۆ چاوشین
4- بڵند ئیسماعیل جەرجیس
5- قادر قادر
6- ئەکبەر حەیدەر
7- سەربەست بابیری
8- دکتور حەمید دەربەندی
9- مەسعود سالمی

ئەندامانی مەکتەبی سیاسی لە لایەن ئەندامانی کۆمیتەی ناوەندای بەم شێوەی خوارەوە هەڵبژێران:

1- مەسرور مسعود بارزانی
2- فازل میرانی
3- دکتۆر ڕۆژ نوری شاویس
4- هوشیار زیباری
5- ئازاد بەرواری
6- دکتۆر کەمال کەرکوکی
7- کەریم سنجاری
8- عومەر عوسمان (زەعیم عەلی)
9- مەحمود محەمەد
10- فەرەیدون جوانڕۆیی، شەهید کرا و (عارف تەیفور) هاتە جێگەی.
11- سەڵاح دەلۆ
12- ڕێبوار یەڵدا
13- جەعفەر ئێمنکی
14- کاکەمین نەجار
15- عزەددین بەرواری

با یادی 16ی ئاب، بکەینە هەوێنی یەکڕیزی گەلی کوردستان و تەبایی و ئاشتەوایی کۆمەڵایەتی.



سەرۆک بارزانی نوێنەری ویستی سیاسی خەڵکی کوردستانە



هێما سۆفی

لە دوای دابڕمانی ئیمپراتۆریەتی عوسمانی و سەپاندنی پەیماننامەی نەگریسی سایکس پیکۆ لە ساڵی 1916ی زایینی، کوردستان بە سەر چوار وڵاتی ئێران و تورکیە و سوریە و عیراق دابەش و لەت لەت کرا. لە سەد ساڵی ڕابردوو لانی کەم دوای ئەو داگیرکاریەی جوگرافییەی کوردستان ، لەهەموو بەشەکانی کوردستان خەبات و تێکۆشان لە پێناو ڕزگاری نەتەوەیی هاتۆتە ئاراوە هەر لە شۆڕشی شێخ سەعیدی پیران و شێخ ڕەزای دەرسیم و سمکۆ شکاك و پێشەوا قازی محەمەد و بارزانی نەمر و .... لە هەموو بەشەکانی کوردستان ئاگری شۆڕش لە پێناو ڕامالێنی داگیرکەرانی کوردستان بە شێوەیەکی جیدی هاتە ئاراوە و لە ئاکام دا بەداخەوە ئەو شۆڕشانە بە ئیعدام کردن و شەهید کردنی ڕێبەرانمان تووشی نسکۆ هاتوون. ئەوەی جێگای ڕامانە بەو حاڵەش دیسان گەلی کورد دوای ئەو نسکۆیانەی بەسەری هات کۆڵی نەداوە و جارێکیتر هەستاوەتەوە سەر پێی و درێژەی بە ڕێباز ومیراتی ڕێبەرانی شەهید وشۆڕشە خوێناوییەکانی داوە. دەتوانین بڵێین، لە وەڵامی ئەوەی کە کورد بۆچی لە بەشە جیاجیاکانی کوردستان نەیتوانیوە سەرکەوتن بەدەست بێنی، دەکرێ وەڵام و هۆکارەکە بەسەر چەند خاڵی گرینگ دا دابەش بکرێت :

* بێجگە لە بەرژەوەندیی وڵاتانی زلهێز و گەلەکۆمی وڵاتانی ئەقلیم، دەکرێ بڵێین سەرەکیترین کێشە و گرفتی کورد کە هەردەم هۆکاری سەرەکی نسکۆکانی بووە، بریتییە ناتەبایی و ناکۆکی لە ناو ماڵی کورد، کە بۆتە ئامرازی سەرەکی پێنەگەییشتن و نەهاتنەدی هیوا و ئاواتەکانی گەلەکەمان:

* نەبوونی لۆبی لە پێناو بەرژەوەندی نەتەوەیی لە گەڵ وڵاتانی زل هێزی جیهانی کە قەرار بەدەستن و دەتوانن بۆ کورد پشتیوانییەکی باش بن.

* کورد هێچ کات هەوڵی نەداوە لە ڕەوتی دیپلۆماسی خۆی دا زلهێزان تێبگەێنێت کە ئەو بەرژەوەندییەی لەگەڵ داگیرکەرانی کوردستان هەیانە دەکرێ هەمان بەرژەوندی بەبەشداری کودر ئیدارە بدرێ کە لەبەرژەوندی هەردووڵا و دەڤەرەکەدا بێت. ئەم خاڵیان زۆر گرینگ و هەستیارە، دەبێ ئێمە بە مێژووی لانی کەم سەد ساڵەی خۆمان دابێینەوە و خەسار ناسی گشت ڕەهەندی بۆ بکەین کە بۆچی نەمانزانیوە یان نەماتوانیوە بکەوەینە بازنەی بەرژەوەنی ئابووری و سیاسی زلهێزان لە پێناو دەستبەرکردنی رزگاری نەتەوەیی . بۆ نمونە: ئینگلیزییەکان بەدروست کردنی سەنتەری (شیعیزیم) لانی کەم لە پێنج سەد ساڵی ڕابردوو لە ئێرانێکی غەیرە عەرەب و پێکان و دەست نیشان کردنی بەرژەوندی کورد گەلی کوردستان و خاڵی سۆزی بزاڤی ڕزگاری خوازی گەلەکەمانە بەو پێیەی لە سەد ساڵی رابردوو دەیان شۆڕشی کورد لە پێناو دەستەبەر کردنی مافەکانی خۆی بەو هۆکارانەی پێشتر ئاماژەم پێ کرد و تووشی نسکۆ هاتووە ، ئەوەی لە باشووری وڵات بە هیمەت و ویستی جەنابی سەرۆك مەسعود بارزانی بە پشتیوانی هەموو نێشتمانپەروەرانی باشووری وڵات و هەموو دڵسۆزانی کوردستانی گەورە وەك خاڵێکی گرینگی مێژووی هاتە ئاراوە و لەو ڕۆژەدا هەڵمەتێکی تاسەر نێسقان دژ بە خەڵکی کوردستان و شەخسی سەرۆك بارزانی لە لایەن داگیر کەران و نەیارانی سەربەخۆیی و بێدەنگی زلهێزان بووە هێڵایەك و ڕۆژێکی مێژووی لە مێژووی خەباتی گەلەکەماندا. کوردینە ، لە ڕاستی دا ئەوە سەرۆك مەسعود بارزانی بوو بۆ یەکەم جار لە مێژوودا بێ ترس و سڵکردنەوە لە داگیرکەرانی کوردستان و تەنانەت زلهێزانی جیهانی ، ئیرادەی سیاسی و خواستی پەنجا ملیۆن کوردی بە گشت جیهانداناسان و سەلماندی بەحەق سەرۆك بارزانی درێژەدەر و میراتگری ڕێبازی پێشەوا قازی محەمەد و مستەفا بارزانییە ، لێرەدا دەردەکەوێت خوێندەوەی سیاسی جەنابی سەرۆك بارزانی بە هەڵسەنگاندنی بارودۆخە پڕ مەترسی و ئاڵۆزی سیاسی حاکم لە ناوچەکەدا لەوپەڕی هەستیاری و لەکاتێکی گونجاو و شیاو دابووە ، بە ڕوالەت سەرۆك بارزانی لەگەڵ دەرك کردن بە هەموو مەترسییەکان و لەلایەکیتریش ئەگەری پشتیوانی نەکردنی زلهێزانی بەرژەوەندیخواز دروستترین بڕیاری گونجاوی بۆ گەلەکەمان لە مێژووی سیاسی کورد و کوردستان دا ئەویش پرسی ڕیفراندۆمی سەربەخۆیی باشووری وڵات بوو . بۆیە دەبێ گشت ڕەهەندەکانی ئەو دەستپێشخەریەی جەنابی سەرۆك بارزانی بێتە بەر باس و ئاماژەی پێ بکرێت کە بۆ یەکەم جار لە مێژووی کورد ئەوە بە هۆی سەرۆك بارزانی ئیرادەی سیاسی گەلەکەمان بە هەموو جیهان ناسێنرا و بووە هێما و هیوایەك کەلەدواڕۆژێکی نە زۆر دوور دێتەدی. بۆیە دەڵێم سەرۆك بارزانی نوێنەری ویستی سیاسی خەڵکی کوردستانە و خوڵقێنەری 25ی سێپتێمبرە و دەنگی 50 ملیۆن کوردی بێ دەوڵەتە.

ماوە و درێژ خایەن ،دەبێ بزانین ئەو بەرژەوەندییانە چین وچۆن جێ بە جێ کراون لە هەموو بوارێکدا بە تایبەتی ئابووری و سیاسی. کە ترامپی سەرۆکی ئامریکا لە پێناو چ بەرژەوەندییەکدا پشتی لە کورد کرد و تورکیەی لە ڕۆژئاوای کوردستان سەربەست کرد بۆ داگیر کاری و دژایەتی کردنی کوردان ، لە کاتێکدا کورد هاوپەیمانی سەرەکی ئەمریکا بوو لە شەڕی ترۆریستانی داعەش لەم ڕووەوە دەبێ خەسارناسی بکرێت و تێبگەین بۆچی ئەوە ڕوویداوە و چۆن دەتوانین ئەو ڕووداوانە بەهەند وەرگرین؟. لە پرسی ڕێفراندۆمی سەربەخۆیی باشووری وڵات ئەو خاڵانە بە ڕوونی هەستی پێ دەکرێ، بۆ نمونە دژایەتی کردنی راستەوخۆی داگیر کەرانی کوردستان و زلهێزانی جیهانی بە تایبەتی دەوڵەتی ئینگلیز کە راستەوخۆ و ناراستەوخۆ دژایەتی گەلی کوردستانی کردووە و دەیکات ((بڕوانە کۆماری کوردستان ئەرتەشی شای ئێران لە گەڵ بریتانییەکان دوو جار هێرشیان کرد و لە ناوچەی سەقز ژەنراڵە چاو نەترسەکەی کوردستان جەنابی بارزنی نەمر تیبشکاندن یان نموونەیەکی تر هیرَشی بریتانییەکان بۆ سەر جەنابی شیخ مەحمود ...))بەم پێیە لە پرسی ڕێفراندۆمی سەربەخۆیی کوردستان یەك معادلەی هەرە گرینگ هاتە ئاراوە ئەویش بێدەنگی وڵاتانی وەك ئەمریکا، دوو پەیامی پێ بوو و چاورێی ئاکامی ئەو گشت پرسیەی دەکرد بەڵام کە لە کەرکوکی دڵی کوردستان ڕووداوەکانی شازدەی ئۆکتوبرهاتەپێش، داگیرکەرانی کوردستان دەرفەتیان بە هەل قۆستەوە و هێرشیان کردە سەر کوردستان و بەتەمای شتی گەورەتر بوون. بەڵام کە هێزەکانی پارتی دیموکراتی کوردستان بەڕەنگاریان بوونەوە لە چەند بەرە و تێکی شکاندن و ئیزنی نەدان زیاتر پێشڕەوی بکەن ..بۆیە ئەمریکا خۆی لەم پرسەدا بە خاوەن یان باشترە بڵێم بەرگری لە هاوپەیمانە سەرکەوتووەکەی دژ بە تیرۆریستان نەکرد و لە ڕووی فیزیکییەوە هەرێمی کوردستان داکۆکی لێ نەکرا لەهەمبەر ئەو بەاس و خواستانەدا لەکاتێکدا گەلی کوردستان لەهەموو کوردستانی گەورە هێزی پشتگیری و مەعنەوەی پرسی ڕیفراندۆمی کوردستان بوو کە لە سایەی کەسایەتی و ڕێبەرایەتی بزاڤی نەتەوەییانەی جەنابی سەرۆك بارزانی هاتبووە ئاراوە.

بەو کورتە باسە و بەرچاو ڕوونییە سەرەوە دێمە سەر باسی پرسی ڕیفراندۆمی سەربەخۆیی کوردستان لە 25ی سێپتامبری 2017 ی زایینی لە باشووری وڵات بە ڕێبەرایەتی بزاڤی نەتەوەیی ئەوتۆ لە هەموو کوردستانی گەورە جەنابی سەرۆك بارزانی .پرسی ڕیفراندۆم بۆ سەربەخۆیی کوردستان خاڵی وەرچەرخان و مێژوویی



بەرەو بەرپرسیارێتی زیاتر

ئاسۆ عەلی فەرەج

٧٤ ساڵ بەسەر دامەزراندنی پارتی دیموکراتی کوردستان تێپەڕ دەبێت، چەند وێستگەیەکی پڕ لە سەرکەوتن وهەندێکجار نسکۆ مێژووی ئەم حزبەیە، بەڵام هەرگیز دەستبەرداری ئامانجی پیرۆزی نەبووە، نسکۆکان نەیتوانیوە ئەو بڕوا و ڕێبازە پیرۆزە لەناوببات، کە کۆڵەکە و بونیادنەری حزبەکەیە(ڕێبازی کوردایەتی و بارزانی). خەباتی شاخ بۆ پارتی دیموکراتی کوردستان مێژوویەك و وانەیەکی گرنگە، کە چۆن توانی ئامانجەکەی بە تۆمارێکی مەزنی قوربانیدان بپێکێت.

لە وێستگەی خەباتی حوکمڕانیدا، پارتی یادی ٧٤ساڵەی دامەزراندنی دەکاتەوە، یادێکە جیاوازە، کە چەند قەیرانێک بەرۆکی کوردستانی گرتووە، قەیرانی دارایی و دۆخی نالەباری تەندروستی بەهۆی ڤایرۆسی کرۆنا. کە ئەمانە بوونەتە هۆی ماندووکردنی هاوڵاتیان.

زۆرجار دۆخەکە بە ئەستۆی پارتی دەخرێت، ئەمەیان تاڕادەیەك پارتیش قبوڵیەتی، چونکە بەرپرسیارێتی پارتی جیاوازە لە حزبەکانی دیکە، بەوەی حزبێکە خۆی بەخاوەن میللەت دەزانێت و ژیان و گوزەرانی میللەتیشی کردوە بەرپرسیارێتی یەکەمی خۆی دوای پرسی سەربەخۆیی و پاراستنی شکۆی نەتەوەیی و نیشتیمانی.

نە شەرمە و نە ترسنۆکیە دان بنێنین بە هەندێک هەڵەی خۆمان، پێچەوانە ڕاستگۆترین حزب لەگەڵ میللەتەکەیدا پارتیە، ڕاناکا لەژێرباری هەر کەموکوڕییەك و هیچ دۆخێکی قورسیش نەیتوانیوە مەیدان بەم حزبە چۆڵ بکات، فەزڵی ئەمەش بۆ متمانەی ڕێبازی پیرۆزی بارزانییە دەگەڕێتەوە.

ئەوەی جێی هەلوەستەیە لەم یادەدا بخرێتەڕوو و دەست لەسەر کەموکوڕییەکان دابنێین و دانان بەوەش کە پێویستمان بە تەکاندانێکی دیکەی مێژوویی لەوە دەستپێدەکات کەموکوڕیی و کەلێنەکانمان دڵسۆزانە چارەسەر بکەین، هەموومان بەرپرسیارین بەرامبەر ئەمانەتی(بارزانیی نەمر) کە حزبێکی خاوەن پێگەیەکی مەزن و خودان مێژووی پڕ سەروەری بۆ جێهیشتووین.

ڕاستە لە ٢٠١٨ و لە دوو هەڵبژاردنی گرنگ لەسەر ئاستی عێراق و کوردستان بەدەنگ و ژمارەی کورسی پەرلەمانی یەکەم حزبین،(پەرلەمانی عێراق ٢٥ کورسی و پەرلەمانی کوردستان ٤٥ کورسی)، بەڵام ئەمە مانای ئەوە نییە هێشتا دەست بۆ قۆناغێکی دیکەی ژیانی حزبایەتی نەبەین، بەڵکو ئەم ژمارانە هاندەرە بۆ ئەوەی ئایندەیەکی باشتر زامن بکەین، کە ئەو سەرکەوتنانە بەشێکی زۆری لەسەر متمانەی ڕێبازی پیرۆز و ڕێگەی خەباتی دروستی نەتەوەیی و نیشتیمانی بووە و پاداشتی میللەتە بۆ ڕێبازەکەمان و پێشمەرگە و پەرۆشی جەنابی(سەرۆك بارزانی).

وە فەرمانی گرتنت درا وە بۆت هەیە خۆت تەسلیم بكەیت بەم دادگایە یان بەنزیكترین بنكەی پۆلیسی وە مافی (اعتراض)ت هەیە لەم بریارە بەگوێرەی یاسا.
دادوەر/ سروەر علي جعفر
* * *

دادگای كەتنی هەولێر/٢
ژمارە/١٢٦٠/ك٢/٢٠١٩
ڕێكەوت/ ٢٠٢٠/٧/٢٢
بۆ تۆمەتبارانی هەڵاتوو/ فاخر عبدالقادر
محمد و جلال عمر اسعد و دیدار مصطفی
محمد و گۆران صلاح رحمان
ئاگاداركردنەوە
ئاماژە بەداوای ١٢٦٠/ك٢/٢٠١٩ تۆمەتبارانی هەڵاتوو/ فاخر عبدالقادر محمد و جلال عمر اسعد و دیدار مصطفی محمد و گۆران صلاح رحمان شوێنی نیشتەجێتان نادیارە بۆیە بە پشت بەستن بە ماددە (١٤٣) لە یاسای بنەماكانی دادگاكردنی سزا دادگا بریاری دا لە رێگای دوو رۆژنامەی رۆژانەی ناوخۆیی ئاگادارتان بكاتەوە بەمەبەستی ئامادەبوونتان لەبەردەم ئەم دادگایە لە كات ژمێر (٩)ی بەیانی لە ڕێكەوتی ٢٠٢٠/١٠/٥ بەمەبەستی دادگایی كردنت بەپێی ماددە (٤٦٧) لە یاسای (سزاكان) بە پێچەوانەوە دادگایی كردنت بەشێوەی پاشملە (غیابی) بەرێوە دەچێت بەگوێرەی رێساكان.
دادوەر/ حسن علي مراد امین

ئاگاداری

ئاگاداری گشت لایەك دەكەینەوە كە لقی كۆمپانیای (جاسم جمال جشنی) بۆ (بازرگانی گشتی/ تاك) بریاری پاكتاوكردنی لقی كۆمپانیای داوە، بۆیە هەر كەسێك یان هەر لایەنێك مافێكی لەسەر لقی كۆمپانیا هەیە با لە ماوەی یاسایی دا ئاگاداری پاكتاوكار بكاتەوە لە (پارێزگای هەولێر)
پاكتاوكار/ محمد میكائیل حمد
ناونیشان/ ژووری پارێزەران
ژمارەی مۆبایل/ ٠٧٥٠٣٨٧١٩١٩

بەڕێوەبەرایەتی گشتی تۆماركردنی كۆمپانیاكان
بەڕێوەبەرایەتی كۆمپانیای هەولێر
هۆبەی یاسا

ژمارە: ٧٦٢٨
ڕێكەوت: ٢٠٢٠/٧/٢٨
بڕیاری پاكتاوكردنی كۆمپانیای (جاسم جمال جشنی) بۆ (بازرگانی گشتی/ تاك)
پاڵپشت بەناوەڕۆكی بڕیاری دەستەی گشتی لقی كۆمپانیای (جاسم جمال جشنی) بۆ (بازرگانی گشتی/ تاك) لە ڕێكەوتی (٢٠٢٠/٧/٢٧) تایبەت بەدانانی كۆمپانیا لەژێر پاكتاوكردن وە دانانی بەڕێز (محمد میكائیل حمد) بەپاكتاوكاری كۆمپانیای نابراو, من بەڕێوەبەری كۆمپانیاكانی هەولێر بڕیاری ناوبراوی سەرەوەم پەسەندكرد بەمەرجێك بڵاوبكرێتەوە بەپێی ئەحكامی ماددەی (١٦٠) لەیاسای تۆماركردنی كۆمپانیاكان ژمارە (٢١) ساڵی ١٩٩٧ی هەمواركراو.
ئەم بڕیارە نووسراوە لەبەرواری ٢٠٢٠/٧/٢٨
پشتیوان مصطفی قادر
بەڕێوەبەری كۆمپانیاكانی هەولێر

بەڕێوەبەرایەتی گشتی تۆماركردنی كۆمپانیاكان
بەڕێوەبەرایەتی بەدواداچوون و پشكنین
ژمارە: ٢٧٠٧
ڕێكەوت: ٢٠٢٠/٨/١٢
بڕیاری سڕینەوەی كۆمپانیا سنووردار
دوای تەواو كردنی سەرجەم ڕێكارەكانی پاكتاوكردنی كۆمپانیای (شادڤان) بۆ (بازرگانی بۆ بازرگانی گشتی و بریكاری بازرگانی/ سنووردار) وە پاڵپشت بە ئەحكامی ماددەی ١٧٧ لەیاسای تۆماركردنی كۆمپانیاكان ژمارە (٢١) ساڵی ١٩٩٧ هەمواركراو.
من تۆماركاری كۆمپانیاكان بڕیارمدا بە سڕینەوەی ناوی كۆمپانیای ناوبراوی سەرەوە لە تۆمارەكانمان بەمەرجێ ئەم بڕیارە بڵاوبكرێتەوە بەپێی ئەحكامی ماددەی (١٦٠) لەیاسای تۆماركردنی كۆمپانیاكان ژمارە (٢١) ساڵی ١٩٩٧ی هەمواركراو.
أراس رؤوف عارف
بەڕێوەبەری گشتی تۆماركردنی كۆمپانیاكان/ بەوەكالەت

لەیادی 16ی ئابدا، پارتی سوورە لەسەر ڕێزگرتن لە ئیرادەی گەل و قووڵکردنەوەی دیموکراسی و باڵادەستی یاسا لە کوردستاندا..

سەرۆکایەتی دادگای تاوانی سێیەم لە هەولێر
ژمارە/ ٥/ج/٢٠١٩
ڕێکەوت: ٢٠٢٠/٨/١٢
بۆ/ تۆمەتباری هەڵاتوو (عوسمان بیگی علی)
ئاگادارکردنەوە
لەبەر ئەوەی تۆ تۆمەتباری بەپێی مادەی ٢٨٩ لەیاسای سزایی وە سەلماندنی هەڵاتنت و نادیاری جێگاکەت لەکاتی ئێستادا بۆیە بڕیاردرا و پالپشت بەمادەی ١٤٣ لەیاسای بنەما دادگاییەکانی سزایی بەپێی ڕاگەیاندنت لە دوو ڕۆژنامەی ناوخۆیی بۆ ناماەبوونت لەبەردەم دادگای تاوانی سێیەم لە هەولێر لەڕۆژی ٢٠٢٠/١٠/١٠ وە بەپێچەوانەوە دادگایی کردنەکە ئەنجام دەدرێت دەرهەقت بەشێوەی پاشملە بەپێی یاسا.
دادەر/ زرار محمود مرادخان
***
سەرۆکایەتی دادگای تاوانی سێیەم لە هەولێر
ژمارە/ ٤٦/ج/٢٠٢٠
ڕێکەوت: ٢٠٢٠/٨/١٢
بۆ/ تۆمەتباری هەڵاتوو (یاسین علی احمد)
ئاگادارکردنەوە
لەبەر ئەوەی تۆ تۆمەتباری بەپێی مادەی ١٥ لەیاسای دەسپاکی وە سەلماندنی هەڵاتنت و نادیاری جێگاکەت لەکاتی ئێستادا بۆیە بڕیاردرا و پالپشت بەمادەی ١٤٣ لەیاسای بنەما دادگاییەکانی سزایی بەپێی ڕاگەیاندنت لە دوو ڕۆژنامەی ناوخۆیی بۆ ناماەبوونت لەبەردەم دادگای تاوانی سێیەم لە هەولێر لەڕۆژی ٢٠٢٠/١١/١٠ وە بەپێچەوانەوە دادگایی کردنەکە ئەنجام دەدرێت دەرهەقت بەشێوەی پاشملە بەپێی یاسا.
دادەر/ زرار محمود مرادخان
***
ئیدارەی ڕاپەڕین/ کاروباری هونەری
بەڕێوەبەرایەتی گڕیبەستە گشتییەکان
بەشی چاودێری و ڕاهێنان
ژمارە:٢٨٥
کۆدی پڕۆژە: (MI-RA-٦-٢٠٢٠)
کەمکردنەوەی نهێنی/ کەمگیری کراوە
بۆ پڕۆژەی: (دابینکردنی مەوادەکانی پاککردنەوەی ئاوی خواردنەوە بۆ بەڕێوەبەرایەتی ئاوی ڕاپەڕین) بەپێی نوسراوی وەزارەتی دارایی و ئابووری/ بەڕێوەبەرایەتی گشتی ژمێرکاری/ خەرجیەکان ژمارە (٣١٤٥/٩/٢) لە ڕێککەوتی (٢٠٢٠/٣/٢٣)، کە لەسەر بودجەی ئاسایی وەزارەتی شارەوانی و گەشتوگوزار/ بەڕێوەبەرایەتی ئاوی ڕاپەڕین جێبەجێ دەکرێت. ئیدارەی ڕاپەڕین بانگهێشتی سەرجەم کۆمپانیاکان دەکات کە ئارەزووی بەشداریکردنیان هەیە، با سەردانی ئیدارەی ڕاپەڕین/ کاروباری هونەری/ بەڕێوەبەرایەتی گڕیبەستە گشتییەکان بکات بەمەبەستی وەرگرتنی تەندەر بەرامبەر (٥٠٠٠٠) پەنجا هەزار دیناری عێراقی کە ناگەڕێتەوە بۆ کۆمپانیا، وە کرێی بڵاوکردنەوەی ئەم بانگەوازە دەکەوێتە ئەستۆی ئەو بەڵێندەرەی کە تەندەرەکەی بۆ دەردەچێت.
١- وەرگرتنی تەندەر لەڕۆژی یەک شەممە بەروارى (٢٠٢٠/٨/١٦) دەستپێدەکات تا ڕۆژی یەک شەممە بەروارى (٢٠٢٠/٨/٣٠) لە کاتژمێر (٩)ی سەرلەبەیانی تا کاتژمێر (١١:٣٠)ی پێش نیوەڕۆ.
٢- دوا ڕۆژی گەڕاندنەوەی تەندەر ڕۆژی چوار شەممە بەروارى (٢٠٢٠/٩/٢) تا کاتژمێر (١١:٠٠) پێش نیوەڕۆ دەبێت.
٣- ڕۆژی کردنەوە و ئاشکراکردنی تەندەر ڕۆژی چوار شەممە بەروارى (٢٠٢٠/٩/٢) کاتژمێر (١١:٠٠) پێش نیوەڕۆ دەبێت.
٤- ئەگەر ڕۆژی گەڕاندنەوەی تەندەر بوو بە پشوی فەرمی بەهەر هۆیەکەوە بێت ئەوا بەمەبەستی وەرگرتنی زانیاری لەسەر ئەسپاردەکردنی پڕۆژەکە.
٤. ئەو کۆمپانیایانەی بەشداری کەمکردنەوەکە دەکەن بۆ وەرگرتنی زانیاری دەتوانن سەردانی بەڕێوەبەرایەتی ئاوی ڕاپەڕین بکەن.
٥. پێویستە ئەو کۆمپانیایانەی کە بەشداری دەکەن ئەستۆپاکی نوێی سالّی (٢٠٢٠)ز بهێنن.
٦. پێویستە لەسەر کۆمپانیا (بەڵێن نامەی نوسراو بۆ دەستەبەری تەندەر) (التعهد الخطی للضامن العطاء) پێشکەش بە بەڕێوەبەرایەتیان بکات.
٧. پێویستە لەسەر کۆمپانیاکان نوسراوی تەندەر (کتاب العطاء) پێشکەش بە ئیدارەمان بکەن بەنووسراوی فەرمی کۆمپانیا بەپێی نمونەی هاتوو لەناو تەندەر/ بەشی چوارەم – (نماذج العطاء) (کتاب العطاء).
٨. ئیدارەی ڕاپەڕین پابەند نییە بە کەمترین نرخ لەسەر هەژماری لایەنی هونەری و مەرجەکانی تەندەر.
ئەندازیار/ دلاوەر قباد احمد
جێگری سەرپەرشتیاری ئیدارەی ڕاپەڕین
***
ئیدارەی ڕاپەڕین/ کاروباری هونەری
بەڕێوەبەرایەتی گڕیبەستە گشتییەکان
بەشی چاودێری و ڕاهێنان
ژمارە: ٢٨٦
کۆدی پڕۆژە: (MI-RA-٧-٢٠٢٠)
کەمکردنەوەی نهێنی/ کەمگیری کراوە
بۆ پڕۆژەی: (دابەشکردنی ئاوی خواردنەوە بە تانکەر) بەپێنی نوسراوی وەزارەتی دارایی و ئابووری/ بەڕێوەبەرایەتی گشتی ژمێرکاری/ خەرجیەکان ژمارە (٤١٩٦/٢/٢) لە ڕێککەوتی (٢٠٢٠/٦/٢٨)، کە لەسەر بودجەی ئاسایی وەزارەتی شارەوانی و گەشتوگوزار/ بەڕێوەبەرایەتی گشتی خوێندنەوە و سەیرکردنی تەندەریان هەیە پێش کرینی تەندەر.
٧- ماوەی کارکردنی تەندەرەکان (٩٠) نەوەد ڕۆژە لەدوای بەروارى کردنەوەی تەندەر دەست پێدەکات.
مەرجەکانی بەشداری کردن:-
١. پێویستە ئەو کۆمپانیا ناوخۆییانەی کە بەشداری دەکەن تایبەتمەند بن بە بواری دابینکردنی کەلوپەل، وە پێناسی وەزارەتی پلاندانان یان وەزارەتی بازرگانی کوردستان یان عێراقیان (ئەوانەی کە تۆمارن لە هەرێمی کوردستان) پێبێت وە بە سە ر نە چو بێت .
٢. ئەو کۆمپانیا بیانیانەی کە بەشداری دەکەن پێویستە ئۆفیسی بەناوی کۆمپانیاوە هەبێت لە هەرێمی کوردستان، وەلەلایەن بەڕێوەبەرایەتی گشتی تۆمارکردنی کۆمپانیاکان تۆمارکرابێت، وە پشتگیری بکرێن بەمەرجێک پشتگیریەکە ماوەی بە سە ر نە چو و بێت .
٣. پێویستە کۆمپانیاکان لەدوای بەروارى پڕۆسەی کردنەوەی تەندەر بەبەردەوامی سەردانی بەڕێوەبەرایەتی گڕیبەستە گشتییەکان لە ئیدارەی ڕاپەڕین بکەن، بەمەبەستی وەرگرتنی زانیاری لەسەر ئەسپاردەکردنی پڕۆژەکە.
٤. ئەو کۆمپانیایانەی بەشداری کەمکردنەوەکە دەکەن بۆ وەرگرتنی زانیاری دەتوانن سەردانی بەڕێوەبەرایەتی ئاوی ڕاپەڕین بکەن.
٥. پێویستە ئەو کۆمپانیایانەی کە بەشداری دەکەن ئەستۆپاکی نوێی سالّی (٢٠٢٠)ز بهێنن.
٦. پێویستە لەسەر کۆمپانیا (بەڵێن نامەی نوسراو بۆ دەستەبەری تەندەر) (التعهد الخطی للضامن العطاء) پێشکەش بە بەڕێوەبەرایەتیان بکات.
٧. پێویستە لەسەر کۆمپانیاکان نوسراوی تەندەر (کتاب العطاء) پێشکەش بە ئیدارەمان بکەن بەنووسراوی فەرمی کۆمپانیا بەپێی نمونەی هاتوو لەناو تەندەر/ بەشی چوارەم – (نماذج العطاء) (کتاب العطاء).
٨. ئیدارەی ڕاپەڕین پابەند نییە بە کەمترین نرخ لەسەر هەژماری لایەنی هونەری و مەرجەکانی/ تەندازیار/ دلاور قباد أحمد
ج .سەرپەرشتیاری ئیدارەی ڕاپەڕین
***
ئاگاداری
بەڕێوەبەرایەتی ئەندازەی پارکەکانی هەولێر لەڕێگای لیژنەی زیادکردنی ئاشکرا (المزایدة العلنیة) هەلدەستێ بە بەکرێدانی کۆشکی ژمارە ١ یەک و ٢ دوو لە پارکی منارە لە ڕێگای زیادکردنی ئاشکرا بۆ ماوەی ١ یەک سال بەپێی یاسای ژمارە ٣٢ی سالی ١٩٨٦ زیادکردنەکە لە کاتژمێر ١٢ی نیوەڕۆ دەست پێدەکات کە دەکاتە ٣٠یەمین ڕۆژ کە دەکەوێتە ڕێکەوتی ٢٠٢٠/٩/١٠ لەناو دیوانی بەڕێوەبەرایەتییەکەمان ئەنجام دەدرێ جا هەر کەسێک ئارەزووی بەشداری کردنی هەیە سەردانی بەڕێوەبەرایەتی بکات بۆ دانانی بارمتە تامیناتی یاسایی بەشێوەی چەک، کرێگرتە و پارەی بانگکردن و بڵاوکردنەوەی دەکەوێتە ئەستۆی.
ڕاگەیاندنی بەڕێوەبەرایەتی
ئەندازەی پارکەکانی هەولێر
***
دادگای بەرایی عەنکاوە
ژمارە/ ٣٥٩/ب/٢٠٢٠
ڕێکەوت/ ٢٠٢٠/٨/١١
جاردان
بۆ داوالێکراو: کۆمپانیای EDTS
شوێنی نیشتەجێبوون نادیار.
داواکار (یحیی مجید علی) داوای ژمارە ٣٥٩/ب/٢٠٢٠ لەسەرت تۆمارکردووە تێدا داوای فسخ العقد مع التعویض لەبەر ئەوەی شوێنی نیشتەجێ بوونت نادیارە بەپێنی اشعاری موختاری گوندی کۆری بۆیە دادگا بڕیاریدا بە پێراگەیاندنت لە ڕێگەی دوو ڕۆژنامەی ڕۆژانەی ناوخۆیی هەرێمی کوردستان بۆ دەرچێت بۆ ناماەبوونت لە ڕۆژی دادبینی ٢٠٢٠/١٠/٥ کاتژمێر ٩،٣٠ بەیانی ئەگەرنا دادبینی دەرهەقتان بە پاشملە ئەنجام دەدرێت بەپێنی یاسا.
دادەر/ تەرزە سالار عثمان
***
دادگای کەتنی هەولێر/٢
ژمارە/٢١/ك/٢٠٢٠/٢
ڕێکەوت/ ٢٠٢٠/٧/٢٢
بۆ تۆمەتبارانی هەڵاتوو/ قارەمان عبدالرحمن سیسو و ازاد فارس عزیز
ئاگادارکردنەوە
ئامازە بەداوای ٢١/ك/٢٠٢٠/٢ تۆمەتبارانی هەڵاتوو/ قارەمان عبدالرحمن سیسو و ازاد فارس عزیز شوێنی نیشتەجێتان نادیارە بۆیە بە پشت بەستن بە مادەی (١٤٣) لە یاسای بنەماکانی دادگاکردنی سزا دادگا بریاری دا لە ڕێگای دوو ڕۆژنامەی ڕۆژانەی ناوخۆیی ئاگادارتان بکاتەوە بەمەبەستی ئامادەبوونتان لەبەردەم ئەم دادگایە لە کات ژمێر (٩)ی بەیانی لە ڕێکەوتی ٢٠٢٠/١٠/١٩ بەمەبەستی دادگایی کردنت بەپێنی مادەی (٤٥٦) لە یاسای (سزاکان) بە پێچەوانەوە دادگایی کردنتان بەشێوەی پاشملە (غیابی) بەڕێوە دەچێت بەگوێرەی ڕێساکان.
دادەر/ حسن علی مراد امین
***
دادگای کەتنی هەولێر/٢
ژمارە/٦٥/ کفالە/٢٠١٨
ڕێکەوت/ ٢٠٢٠/٨/١٠
بۆ تۆمەتباری هەڵاتوو/ سیاکۆ ابراهیم عزت
ئاگادارکردنەوە
ئامازە بەداوای ٦٥/کفالە/٢٠١٨ تۆمەتباری هەڵاتوو (سیاکۆ ابراهیم عزت) شوێنی نیشتەجێت نادیارە بۆیە بە پشت بەستن بە مادەی (١٤٣) لە یاسای بنەماکانی دادگاکردنی سزا دادگا بریاری دا لە ڕێگای دوو ڕۆژنامەی ڕۆژانەی ناوخۆیی ئاگادارت بکاتەوە بەمەبەستی ئامادەبوونت لەبەردەم ئەم دادگایە لە کات ژمێر (٩)ی بەیانی لە ڕێکەوتی ٢٠١٩/١٠/١٩ بەمەبەستی دادگایی کردنت بەپێنی مادەی (١٢٩) لە یاسای (بنەماکانی دادگەری سزایی) بە پێچەوانەوە دادگایی کردنت بەشێوەی پاشملە (غیابی) بەڕێوە دەچێت بەگوێرەی ڕێساکان.
دادەر/ حسن علی مراد امین
***
دادگای کەتنی هەولێر/١
ژمارە/١٧٩/ك/٢٠٢٠/١
ڕێکەوت:٢٠٢٠/٨/٥
بۆ تۆمەتبارانی هەڵاتوو/ صقر احمد صقر سعد و محمد حسن حبش
ئاگادارکردنەوەی سزا
ئەم دادگایە بریاری حوکمی دەرکردووە بە ژمارە/١٧٩/ك/٢٠٢٠/١ لە ٢٠٢٠/٦/١٠ لەسەرت بە زیندانی کردن الحبس بۆ ماوەی ٩ نۆ مانگ بەپێنی مادەی ٤٥٦ لە یاسای سزاکان. بەشێوەیەکی پاشملە غیابی لەبەر ئەوەی شوێنی نیشتەجێت نادیارە بەپێنی اشعاری موختاری گەرەکی /- بڕیاردرا بەهۆی دوو ڕۆژنامەی ناوخۆی ڕۆژانە پێت ڕابگەینرێت مافی تانوو لێدانت هەیە لە بڕیارەکە بەڕێگای نارازیبوون لەماوەی یاسایدا ٣ مانگ لەڕۆژی بلاوبوونەوەی ئەم ئاگادارییە بەپێچەوانەوە بڕیارەکە پلەی بنبروەردە گڕێت.
دادەری یەکەم/ گیلانی احمد محمدامین
***
دادگای کەتنی هەولێر/١
ژمارە/٩٨١/ك/٢٠١٩/١
ڕێکەوت:٢٠٢٠/٨/١١
بۆ تۆمەتبارانی هەڵاتوو/ هەرێم رمضان حمد و ئەفین مجید رحمن
ئاگادارکردنەوەی سزا
ئەم دادگایە بریاری حوکمی دەرکردووە بە ژمارە/٩٨١/ك/٢٠١٩/١ لە ٢٠٢٠/١/٥ لەسەرتان بە زیندانی کردن الحبس بۆ ماوەی ٩ نۆ مانگ بەپێنی مادەی ٣٧٧ لە یاسای سزاکان. بەشێوەیەکی پاشملە غیابی لەبەر ئەوەی شوێنی نیشتەجێت نادیارە بەپێنی اشعاری موختاری گەرەکی /- بڕیاردرا بەهۆی دوو ڕۆژنامەی ناوخۆی ڕۆژانە پێت ڕابگەینرێت مافی تانوو لێدانت هەیە لە بڕیارەکە بەڕێگای نارازیبوون لەماوەی یاسایدا ٣ مانگ لەڕۆژی بلاوبوونەوەی ئەم ئاگادارییە بەپێچەوانەوە بڕیارەکە پلەی بنبروەردە گڕێت.
دادەری یەکەم/ گیلانی احمد محمدامین
***
دادگای کەتنی هەولێر/١
ژمارە/١٣٤٠/ ك/ ١/ ٢٠١٩
ڕێکەوت:٢٠٢٠/٧/٢٩
بۆ تۆمەتباری هەڵاتوو/ براء احمد زیدان
ئاگادارکردنەوەی سزا
ئەم دادگایە بریاری حوکمی دەرکردووە بە ژمارە/١٣٤٠/ك/٢٠١٩/١
لە ٢٠٢٠/١/٥ لەسەرت بە زیندانی کردن الحبس بۆ ماوەی ٦ نۆ مانگ بەپێنی مادەی ٤٥٦ لە یاسای سزاکان. بەشێوەیەکی پاشملە غیابی لەبەر ئەوەی شوێنی نیشتەجێت نادیارە بەپێنی اشعاری موختاری گەرەکی / ٧ی حەسارۆک و زانایان و هەڤاڵان بڕیاردرا بەهۆی دوو ڕۆژنامەی ناوخۆی ڕۆژانە پێت ڕابگەینرێت مافی تانوو لێدانت هەیە لە بڕیارەکە بەڕێگای نارازیبوون لەماوەی یاسایدا ٣ مانگ لەڕۆژی بلاوبوونەوەی ئەم ئاگادارییە بەپێچەوانەوە بڕیارەکە پلەی بنبروەردە دەگڕێت.
دادەری یەکەم/ گیلانی احمد محمدامین
***

SWEDO
Swedish Development Aid Organization
THE SWEDISH DEVELOPMENT AID ORGANIZATION - SINCE 1991

TENDER ANNOUNCEMENT:

SWEDO, as part of a joint project with the World Food Program, invites interested professionals to submit their bid/tender for the "provision of 1,100 palm date trees for Thi-Qar governorate and its districts".

Project Code & Name: FLA13-SWEDO-01-2020, Sustainable Livelihoods for Resilient Communities in Thi-Qar Governorate.

Proposals shall be submitted in two sealed, signed and stamped envelopes, where technical and commercial information are submitted separately, each Envelope should contain the hard copy documents and soft copy **(Flash disk)**.

The documents that are attached to this Tender are:

- **For the Commercial (priced envelop)**
  - ✓ Request for Proposal
  - ✓ Annex A Pricing list
- **For the Technical (Non priced envelop)**
  - ✓ Annex A – TOR "Terms of Reference"
  - ✓ Annex B – Bidder response document

Deadline for submission of Bid packages is 24 August 2020, 12:00PM to one of the following addresses:

- **Address #1:** Erbil office Address: 4Towers, Baharka Road, 128 Ankawa, Tower A, 7th Floor, 33A. Attention: Sandy Afram, Mob #: +964 751 726 1350.
- **Address #2:** Thi Qar Office Address: Nassiria, Baghdad Street, Al-Malk Madares Street. Attention: Salam Ebadi, Mob #: +964 780 565 1755.

Tendering Fee: free of charge.

Tender Documents: for those companies who may wish to obtain the tender documents it can be downloaded from the following websites:

- https://swedoaid.org/
- https://www.ncciraq.org

Queries shall be addressed to:

- ✓ Name: Sandy Afram
- ✓ E-mail: sandy.af@swedoaid.se

JOB VACANCY ANNOUNCEMENT

TAQA **TAQA - WE MEAN ENERGY!**

TAQA is an international energy company with assets in the Middle East, North America, Europe, Africa and India. TAQA's principal activities are divided into three segments:

- ❖ Upstream Oil and Gas Exploration & Production
- ❖ Midstream Processing, Storage and Pipelines
- ❖ Power Generation & Water Desalination

As part of its expansion plans, TAQA Atrush B.V. (Oil and Gas Sector) is now seeking talented individuals for the roles below:

JOB TITLE: Contracts Specialist

LOCATION: Erbil Office

JOB SUMMARY: To provide dedicated Contracts Advice, Development, Negotiation, Execution and Post Award Administration support to the Operations, Production, Projects, and Engineering Departments.

KEY RESPONSIBILITIES

- •Provide hands on support and advice to stakeholders on the full range of Contracts and Procurement initiatives. "Cradle to Grave" support across all aspects of the Contracts and Procurement Plan.
- To provide dedicated Contracts Advice, Development, Negotiation, Execution and Post Award Administration support to the Operations, Production, Projects and Engineering Departments.
- Development of Contracting Strategies, Technical & Commercial Evaluation Support, and subsequent Award Recommendation request for stakeholder endorsement
- Contract Negotiation post Award Approval
- Development and mentoring of Local Contracts Specialists

QUALIFICATIONS/EXPERIENCE/SKILLS REQUIRED

- 5-15 years Contracts Specialist, Advisor or Manager roles with 5-10 years in various roles representing client.
- Familiarity with all aspects of Contracts and heavy mechanical and process SOWs
- Experience and success in leading commercial negotiations along with collaborative strategy and planning development
- Robust background in contracts formulation with capacity to lead and guide stakeholder collaboration
- Presentation of CRT and BidCom to MNR working committee
- ROK experience in O&G contracts roles

NOTE:

- These positions will remain open until one-week post-advertisement date.
- Please submit your CV to this email address: TIR.HR@TAQAGLOBAL.COM
- Please indicate the vacancy title that you are applying for at the email Subject line. CVs without mentioning the vacancy title will not be considered.
- Only shortlisted candidates will be contacted.



کوردانی تاراوگە ڕۆژی لە دایکبوونی سەرۆک بارزانی و 74 ساڵەی دامەزراندنی پارتی پیرۆز دەکەن




فەوزی تەسعەد



نادر دۆغاتی




فەزیلە شۆڕش



تەها درۆژ نادر



عەلی شوکری تیرویی



مەلا شوان



ئاسۆ عەبدوڵڵا

ساسان دەرۆش – هۆڵەندا

٧٤ ساڵ لەمەوبەر لە ١٦ ی ئابی ١٩٤٦ پارتی دیموکراتی کوردستان لەسەر دەستی باوکی ڕۆحی نەتەوەییان بارزانیی نەمر دامەزرا و هاوکات لەژێر پەرچەمی کۆماری مهابادیش ڕۆڵەیەکی نەبەرد و پێشمەرگە سەرۆک بارزانی لەدایکبوو کە لە مێژووی هاوچەرخی نەتەوەییاندا بە ڕۆژێکی پڕشنگدار لە سالنامەی مێژوودا تۆمارکراون و یادیان بەرزو پیرۆز ڕادەگیرێن، ئەگەر چی بەدرێژایی ئەو مێژووە لە ڕابردوو بەئێستاشەوە لە کاڵفامەکانی ناوخۆ و دوژمنانی کورد زۆر بەربەستیان هێناوەتە بەردەم خەبات، بەڵام پارتی ئەو سووڕە چنارەیە کە هەمیشە ڕووی لە بەرزی دایەو بە ڕەشەبای هیچ قۆناغ و سەردەمێك نەچەمیوەتەوەو لە هەناوی گەل و بەئایدیەکی نەتەوەییانە و سەردەمانە بۆ ئامانجە پیرۆزەکانی کورد لەسەربەخۆیی و کیانێکی سیاسی خۆی بینیوەتەوە و خۆی نوێ دەکاتەوە. بە بۆنەی ٧٤ ساڵەی دامەزراندنی پارتیش چەند کەسایەتی و ڕۆشنبیرێکی کورد لە تاراوگە بەم شێوەیە بۆ خەبات دوان:

پارتی هەمیشە داکۆکیکاری سەروەرییەکانی خاک و گەل بووە

سەرەتا فەوزی ئەسعەد جێگری بەرپرسی لقی شەشی ئەوروپای پارتی لە ئەڵمانیا لەبارەی 74 ساڵەی دامەزراندنی پارتی گوتی: 16 ی ئاب ساڵڕۆژی دامەزراندنی پارتیمان و هاوکات ڕۆژی لەدایکبوونی سەرۆک بارزانییە کە هەردووکیان پێکەوە ڕۆژێکی مێژووییین. پارتی وەك حزبێکی نەتەوەیی هەمیشە کاری لەسەر ئامانجە پیرۆزەکانی گەلی کورد بۆ بەدەستهێنانی مافەکانی کردووە و لەمبارەیەوە هەنگاوی مەزنیشی ناوەو سەرکەوتنی گەورەشی تۆمار کردووە. هەروەها 16 ی ئاب ڕۆژێ لەدایکبوونی سەرۆك بارزانی ڕێبەر و هێمای مەزنی نەتەوەییشمانە، بۆیە پیرۆزبایی گەرمی خۆمان ئاراستەی سەرۆك بارزانی و هەموو هەڤاڵانمان دەکەین و دروود دەنێرین بۆ گیانی بەرز و پیرۆزی شەهیدانی کورد وکوردستان، پارتییوون وەك خەسڵەتێکی حزبایەتی و جیاواز لە پارتەکانی تر هەمیشە داکۆکیکاری سەروەرییەکانی خاك و گەل بووە لە ناساندنی ناسنامەی نەتەوەییمان، پارتی زۆر جار هەڵکشان و داکشانی بەخۆیەوە بینیوە، بەڵام هیچ کات سازشی لەسەر ئەرکی نەتەوەیی بوونی خۆی نەکردووە. هەر شەکاوە بێت ئاڵای پیرۆزی کوردستان و گەیشتنی کورد بە خەونی سەربەخۆیی کە پارتی هەنگاوی مەزنی لەوپێناوەدا بڕیوە.

دامەزراندنی پارتی وەرچەرخانێکی مێژوویی بوو

دواتر خاتوو فەزیلە شۆڕش بەرپرسی ئۆفیسی ئەوروپای یەکێتی ئافرەتانی کوردستان لەبارەی یادی 74 ساڵەی پارتییەوە گوتی: بە دامەزراندنی پارتی دیموکراتی کوردستان بەرەیەکی یەکگرتووی خەبات و تێکۆشان لە کوردستان دروست بوو، پارتی حزبی دایکە و وەرچەرخانێکی مێژووییە لە هەموو قۆناغەکانی بزاڤی ڕزگاریخوازی کوردیدا لە هەرچوار پارچەی کوردستان، تا ئەمڕۆ پێشڕەوی بزاڤی ڕزگاریخوازی میللەتی کورد دەکات و بەردەوامە لە بەدەستهێنانی دەستکەوتەکان بۆ میللەتی کورد، پارتی خەمخۆری هەر چوار پارچەی کوردستانە، خاوەنی دوو شۆڕشەکەی ئەیلوول و گوڵانە، باوەڕی بەنوێبوونەوە هەیە و سوودیش لە ئەزموونی گەلانی تر وەردەگرێت کە لەگەڵ واقیعی کوردستاندا دەگونجێن. دوژمنانی کورد زۆر بەباشی زانیویانە ئەگەر کورد مافی خۆی و ئاواتە گەورەکەی کە کوردستانێکی سەربەخۆیە بەدەست بهێنێت، ئەوە بێگومان لەسەر دەستی پارتی دیموکراتی کوردستان دەبێت، بۆیە هەمیشە لە ناوخۆ و دەرەوەی نیشتیمان بەپلانی تۆکمە و داڕێژراو هەوڵی لەناوبردنی ئەم پارتە دراوە، بەڵام بەشانازییەوە سەرکردایەتی حەکیمانەی بارزانیی نەمری ئەوکات و ئێستاش بە ڕێبەرایەتی جەنابی سەرۆك بارزانی ئەو خەونە گلاوەی دوژمنانی کوردیان لە گۆڕناوە، پیرۆزبێت ڕۆژی لەدایکبوونی سەرۆك بارزانی هێمای بەرزی نەتەوەییان

بە داگیرساندنی مۆم و پەیوەندیکردن و نامەنارین ئەم یادانە بەرز ڕادەگرین

هەروەها عەلی شوکری تیرویی بەرپرسی لیژنەی ناوچەی هانژقەر و بەرپرسی پشکا عەرەبی ڕاگەهاندنی لقی 6ی ئەورووپا ژ بۆ خەبات ڕاگەهاند: بەهەلکەفتنا سالڤەگەرا 74 یا دامەزراندنا پارتی دیموکراتی کوردستان لە 16ێ تەباخێ 1946 و ڕۆژا ژدایکبونا پێشمەرگە و سەرۆکێ نەتەوی مەسعود بارزانی، پر ژ دل پیرۆزباهیەکا گەرم لگەل قەفتەکا گول و نێرگزێن چپایێن کوردستانێ ئاراستەی جەنابی سەرۆك و تەڤایا پێشمەرگە و کادر و جەماوەرێ گەلێ مەیێ کوردستانێ یێ خوڕاگر دکەین، هیڤی یا مە ئەوە ئەڤ هەلکەفتا پیرۆز ببیتە هاندەرەك ژ بۆ یەکریزیا گەلێ مە وپتر چەسپاندنا پێکڤەژیان و ئارامی و ئاشتی لکوردستانێ و تەڤایا جیهانێ، هەروەسا پاراستنا هەمی دەستکەفتییێن مێژوویی یێن کو بخوینا کاروانێ قوربانی و جانگوری و سەرکاروانێ شەهیدا بارزانیێ نەمر و ئیدریسێ جوانمەرگ و گەلێ مە و خەباتا پێشمەرگێن قەهرەمان و دلێر ژ گەندەل و نەحەزێن کورد و کوردستانێ وپارتی بپارێزن و بەرەڤ پێکئینانا پێشەڕۆژەکا گەش و بەختەوەر ژ بۆ گەلێ مە، هەروەسا بڤێ هەلکەفتنا پیرۆز بانگەوازیا خو ئاراستەی جەنابێ سەرۆکێ حکوومەتا هەرێما کوردستانێ مەسرور بارزانی پارێزەرێ ئاسایشا کوردستانێ و هەلگرێ دروشمێ چاکسازیێ دکەین کو دڤێ قۆناغا هەستیاردا نەمازە هێرشا دژواریا فایرۆسا کۆرۆنا و باندۆرا وێ لسەر ژیانا جەماوەرێ کوردستانێ پتر گرنگی یێ بدەتە ڕەوش و بژێوا خەڵکێ کوردستانێ دا ئەم ژڤێ قۆناغا سەخت و دژوار ڕزگاربیین.

پارتی و بارزانی لەکوێ بن مەرجەعی باڵای کورد لەوێ یە

لای خۆیەوە (تەها دەرۆیش نادر) نووسەر و ڕۆشنبیر و بەرای شەهید، لە هۆڵەندەوە لەبارەی 74 ساڵەی دامەزراندنی پارتیمان دەڵێت: پارتیمان هەر لە دروستبوونیەوە بە هەستێکی پرجۆشی نەتەوایەتییەوە هاتۆتە مەیدان، چونکە مێژووی ڕابەر و سەرکردەکانی گەواهی دەدەن، بێ کۆڵنەدان قۆناغ بە قۆناغ لە ستراتیژیەتی نەتەوەییان نزیکبۆتەوە، هەر لەو پێناوەشدا لەبەر سازش نەکردن لەسەر بستێ خاکی کوردستان تووشی نسکۆ بووە، بەڵام پارتی بۆ ساتێکیش دەستبەرداری خەباتی ڕەوای نەتەوەییان نەبووە، تا گەیشتن بە ئاواتی دێرینەی نەتەوەییان کە ئەویش ئەنجامدانی ڕیفراندۆمی سەربەخۆیی بوو، هەرچەندە دنیایەکیش بەربەست و ئاریشە هاتە ڕێی، بەڵام پارتی بوێرانە بە هەموو جیهانی گوت «ئەمەیە ئێمەی کورد داوای دەکەین»، هۆکارەکەشی دەگەڕێتەوە بۆ ئەو خەسڵەتەی کە هەموو نەتەوەیەکی خاوەن کیان هەیەتی کە بریتییە لە خاك و زمان و مێژوو هەروەها ئابووری. هەر جەنابی سەرۆك بارزانی و پارتەکەی بوو کە کوردستانی خستە سەر نەخشەی ئابووری جیهان، کە ئەمڕۆ کارتێکی گەورەی گوشارە بەدەست کوردەوە جگە لە گرێبەستی دێژخایەن لەگەڵ چەندین کۆمپانیای دەرهێنانی نەوت و کانزاکان. هەروەها لە ململانێی سیاسیی ناوخۆ و ئیقلیمیشدا پارتی بە نەفەسێکی دێژ مامەڵەی لەگەڵ تەواوی ڕووداوەکان کردووەو هەمیشە لە سەنگەری نەتەوەکەیدا بووە. پارتی هەر لە سەرەتاوە لەوە تێگەیشتووە کە وڵاتانی دەورووبەر، هەرچەند لەنێوخۆیان ناتەبابن بەڵام بۆ لێدانی کورد و دەسکەوتەکانی (کۆکن)، ئەمانە هۆکارن بۆ تەمەندرێژی پارتی کە وەك ڕیش سپییەك سەبارەت بەدۆزی ڕەوای کورد سەیر بکرێ، بۆیە پارتی و بارزانی لەکوێ بن مەرجەعی باڵای کورد لەوێ یە .

پارتی هەموو جیهانی لەوە بەئاگا هێنا کە کورد هەر دەبێت بگات بە ئاواتی سەربەخۆیی

هەروەها مەلا شوان پێشمەرگەی دێرین و نووسەر و ڕۆشنبیر لە بارەی یادی 16ی ئابەوە دەڵێت: لە یادی 74 ساڵەی دامەزراندنی پارتی و لەدایکبوونی سەرۆك بارزانی پیرۆز ڕادەگرم و پڕ بەدڵ پیرۆزبایی لە خۆم و هەموو هەڤاڵانم دەکەم و ستایش دەنێرم بۆ ڕۆحی بیری نەتەوەیی بارزانیی نەمر و هەموو شەهیدانی ڕێگەی ئازادی و سەربەخۆی کورد و کوردستان، هیوادارم ئەم یادە هاندەرێك بێت بۆ نوێبوونەوە و دژە گەندەڵی و نادادپەروەری و سووربوون لەسەر بیری نەتەوەی و سەربەخۆخوازی، ئەمڕۆش لە مەیداندا پارتێکی تری نەتەوەیی جگە لە پارتی نابینم، بۆیە بە هەمیشەیی یادی دەکەمەوە و ئامانج و هەنگاوەکانی بەرزدەنرخێنم لە داکۆکیکارێکی سەرسەختی نەتەوەیی بوونم و هەنگاوانی بەرەو ئامانجە پیرۆزەکەی سەربەخۆی کوردستان و هێنانەدی ئاوات و خەونی شەهیدان، پارتی ئەمەشی لە دووهەنگاوی گەورەی بەڵگەداریدا سەلماندووە لە یانزەی ئاداری ساڵی 1970 و ئەنجامدانی ریفراندۆم کە پارتی هەموو جیهانی لەوە بەئاگا هێنا کە کورد نەتەوەیە و دەبێت هەر بگات بەئاواتی سەربەخۆیی کوردستان، ئەمەش بەڵێهاتوویی و سیاسەتی حەکیمانەی سەرۆك بارزانی بوو وەك پێشمەرگەیەکی دانەبڕاوی ناو سەنگەرەکان دژ بەداگیرکاران.

پارتی لە گۆڕەپانی بەرەڤانیکردن بۆ مانەوەی شکۆی نەتەوەی کورد هەمیشە لە پێشڤەچوون دایە

دواجاریش ئاسۆ عەبدوڵڵا دارایی کۆڕی شەهید لە سویسراوە بۆ خەبات گوتی: پیرۆزبێت یادی پڕ شکۆی 74 هەمین ساڵڕۆژی دامەزراندنی پارتیمان پارتی دیموکراتی کوردستان و ڕۆژی لەدایکبوونی سەرۆك بارزانی ڕابەری نەتەوەییمان، گەلی کورد وە ك گەلێکی مەزن و دێرینترین نەتەوەی ڕۆژهەڵاتی ناوڕاست و جیهان، گەلی زاگرۆس، لانەی شارستانیەتی جیهان، گەلی فەرهەنگی گوڵان، گەلی پەیامبەران، گەلی باوکی فەلسەفەی جیهان، زەردەشت، گەلی سەرهەڵدانی شارستانیەتی جیهان لە لۆرستان، گەلی ماد لە جەمەزانەو ئاکباتانەی دێرین، پێش پێنجسەدساڵ لە چالدێران سەفەوییەکانی پرسۆپۆلس، عوسمانیەکانی دەریای ئارڵ بایکاڵ لە مە نگۆلیا ڕوحی دایکە کوردستانیان کرد بە دوو پارچە، پاشان وڵاتانی ئیمپریالیزمی جیهانی بەریتانیاو ئەنجوومەن لە پەیماننامەی سایکس بیکۆ کوردستان کرا بە چوارپارچە، پارتیمان وەك پارتێکی خەمخۆری کوردستانیان، هەمیشە لە گۆڕەپانی بەرەڤانیکردن بۆ مانەوەی شکۆی نەتەوەی کورد، لەپێشڤەچوون دایە بەرەو ئامانجە مەزنەکەمان لە سەربەخۆیی کوردستان کە ئاواتی باوکی شەهیدم و هەموو شەهیدانی کوردستانە.

ئەنجامی تاقیکردنەوە گشتییەکان ڕاگەیەنراو لە 144142 قوتابی 47328 قوتابی لە خولی یەکەم دەرچوون

یەکەمەکانی هەرێمی کوردستان تایبەت بە خەبات دەدوێن



خەبات/ ڕۆشنا عەلی

ڕۆژی 12 /2020/8 لە کۆنگرەیەکی ڕۆژنامەوانیدا ئالان حەمە سەعید وەزیری پەروەردە و کەریم لە تیف بەڕێوەبەری گشتی ئەزموونەکان ئەنجامی تاقیکردنەوەکانی پۆلی 12 ی هەرسێ بەشی زانستی و وێژەیی و پیشەیی و خوێندنی ئیسلامی و ناوی یەکەمەکانی هەرێمی کوردستانیان ڕاگەیاند، لە کۆنگرەکەدا وەزیری پەروەردە ئاماژەی بەوەدا کە 144142 قوتابی مافی بەشداربوونیان هەبووەو ژمارەی ئەوانەی کە لە خولی یەکەم سەرکەوتنیان بەدەست هێناوە 47328 قوتابیە و 86 قوتابیش لە ڕیزبەندی یەکەمەکانن ڕێژەی دەرچوون لەبەشی زانستی(41.71 %) لەبەشی وێژەیی (35.34%) بووە و لەبەشی پیشەیی (21%) ە. لاپەڕەی پەروەردەو خوێندن دیمانەی تایبەتی لەگەڵ سەرجەم یەکەمەکانی هەرێمی کوردستان ئەنجامدا کەژمارەی یەکەمەکان لە هەموو بەشەکان یانزە قوتابیە .

مامۆستای قوتابخانە

*سەرەتا قوتابی دەریا سلێمان عەلی یەکەمی هەرێمی کوردستان لەبەشی زانستی پارێزگای دهۆك لە قوتابخانەی ئامادەیا بژاریا تێکەڵ پەروەردەی ڕۆژهەڵات بە کۆ نمرەی 700و نمرەی 100 کە باوکی کاری پارێزەرەو دایکی مامۆستایە لەبارەی یەکەمییەکەی خۆی بۆ خەبات وتی: من لە هاوینەوە دەستم بە خوێندن کردو مامۆستای تایبەتم هەبوولەوانە زانستییەکان ،بەڵام هەمان مامۆستاکانی قوتابخانەکەی خۆم بوون، چاوەڕێی ئەوەم دەکرد لە یەکەمەکانی هەرێم بم ، کاتێك وەزیری پەروەردە تەلەفۆنی بۆکردم پێم وانەبوو لە یەکەمەکان بم ، چاوەڕێی دووەم و سێیەمم دەکرد، چونکە غەڵەتم هەبوو، بەڵام لەقەرەبووکردنەوەکە سوود مەند بووم لە بابەتی عەرەبی بە چوار نمرە.


دەریا دەربارەی پرسیارەکان وتی:کێشەی ئێمە ئەوەبوو لەوەرگێڕانی پرسیارەکان بۆ بادینی هەڵە زۆر هەبوو ئێمە تێنەدەگەیشتین بە ئاسانی .

یەکەمێك لە نێوان فەلسەفەو کشتوکاڵدا

*حەسیبە جەمال عومەریە کەمی هەرێم لەشاری هەولێر لە پەروەردەی ناوەندی هەولێر ئامادەیی کشتوکاڵی هەولێر کۆنمرەی(827) بە نمرەی(91.89) باوکی خانەنشینە حەسیبە دەربارەی کۆنمرەکەی و کە بۆچی بەشی کشتوکاڵی هەڵبژاردووە بۆ خەبات وتی : ساڵانی ڕابردووش نمرەکانم زۆر باش بووە خۆم زۆرحەزم لەو بەشە بوو بەخواستی خۆم لە پۆلی نۆهەچوومە بەشی کشتوکاڵ پێم وابوو ئەتوانم لەبەشی کشتوکاڵەوە خزمەت بە کوردستان بکەم هیچ مامۆستایەکی تایبەتم نەبووە تەنها خۆم لە ماڵەوە دەمخوێند.


دەربارەی ئەوەی تاچەند سودی لە تۆڕی کۆمەڵایەتی وەرگرتووە دەریا وتی : تەنها لە یوتیوب سەیری وانەی هەندێك مامۆستام دەکرد و سوودم لێوەرگرت من خۆم حەزم لە بواری فەلسەفەیە توانیومە ناميلكەيەك دابنێم بە ناوی گوڵێژێرك لە وتەکان کە ئێستا تەنها بە سی دی ئامادەم کردووە و دەمەوێ بیکەم بە کتێب ئەگەر لەتوانامدا هەبوو .

دەربارەی ئەوەشی کێ هەواڵی یەکەم بوونی پێداوە حەسیبە وتی : بەڕێز سەرۆکی حکومەتی هەرێم تەلە فۆنی بۆ کردم و پیرۆزبایی لێکردم زۆر زۆر هەستێکی خۆشم هەبوو وام هەستکرد کە دڵخۆشترین کەسم لەجیهان.




دەریا سلێمان:

لەوەرگێڕانی پرسیارەکان بۆ بادینی هەڵە زۆر هەبوو ئێمە تێنەدەگەیشتین بە ئاسانی




میر ڕەحیم:

هەر لە سەرەتای ساڵی خوێندنی (2019_2020) بریارم دا کە یەکەمی هەرێم بم




مینا زاهیر:

زۆربەی بەرنامەکانی سۆشیاڵ میدیام داخست تەنها ئەوانەم هێشتەوە کە پێویستم پێی بوو بۆ پرسیارکردن




زەینەب عبدلکەریم:

پرسیارەکانمان ئەوانەی لە عەرەبیەوە کرابوون بە کوردی هەڵەیەکی زۆری وەرگێڕانی تێدابوو




دەرباز ئیسماعیل:

چوار ساڵ لە خوێندن دابڕام وەریان نەگرتمەوە وتیان تەمەن گەورەیە بە ناچاری چوومە خوێندنی ئێواران



سارا بەدرخان:

ئەو ماوەیەی لەماڵ بووین زۆر باش بوو کاتێکی زۆرمان لەبەردە ستبوو دەمانتوانی بە ئیسراحەت بخوێنین



حەسیبەجەمال:

بەخواستی خۆم لە پۆلی نۆهەچوومە بەشی کشتوکاڵ پێم وابوو ئەتوانم لە کشتوکاڵەوە خزمەت بە کوردستان بکەم



حەسەن ئامانج :

پێم وایە جوانترین و وردترین پرسیار دانرابوو ،خوێندن هیچ پەیوەندی بە ماموّستای تایبەت و خولەوە نییە قوتابی ئەگەر خۆی زیرەك بێت

توشبووی کۆرۆناو یەکەمی هەرێم

*لەنجە هیدایەت عبدلڕەحمان یەکەمی هەرێم لە پارێزگای سلێمانی پەروەردەی ڕۆژئاوا ئامادەیی بازرگانی سلێمانی کچان بە کۆنمرەی 629 بەنمرەی(89.86)باوکی فەرمانبەرە لەنجە بەوتەی خۆی ساڵانی ڕابردوو نمرەکەی وەك ئەمساڵ بەرز نەبووەلەمبارەیەوە وتی: ساڵانی ڕابردوو نمرەکانم زۆر بەرز نەبوون، بەڵام ئەمساڵ هەوڵم بۆ داوە هیچ ماموّستایەکی تایبەتم نەبوو تەنها بە هەوڵی خۆم

لەنجە دەڵێت: ئەو پڕۆگرامەی داغڵ نەبوو زۆر نەبوو ئەگەر داغڵیش بوایە هەمان نمرەم ئەهێنا پێش تاقیکردنەوەکان توشی ڤایرۆسی کۆرۆنا بووم و ماوەیەك دابڕام لە دوای 6/20 دەستم بە خوێندن کردەوە.

یەکەمێکی خوێندنی ئێواران

*دەرباز ئیسماعیل حەسەن یەکەمی هەرێم لەبەشی وێژەیی لە پارێزگای سلێمانی بەڕێوەبەرایەتی پەروەردەی دوکان لە دوکان ئامادەیی ساوێنی ئێواران بە کۆنمرەی(690) و نمرەی(98.57) دەربارەی خوێندنی ئێواران و دابڕانی لە قوتابخانەو ئەم نمرەیە بۆ خەبات وتی : من چوار ساڵ وازم لە خوێندن هێنابوو دوای گەڕامەوەو لە پۆلی 10وە دەستم پێکردو هەموو ساڵێك یەکەم و دووەم بووم سەرەتاش وەریان نەئەگرتمەوە وتیان تەمەن گەورەیە بە ناچاری چوومە خوێندنی ئێواران و بەشی وێژەیی، چونکە بەشی زانستی ئێواران لە دوکان نەبوو نەخولی هاوینەو نە مامۆستای تایبەتم نەبوو تەنها مامۆستاکانی ساوێنی ئێواران بوون.

یەکەمی لە گەشت و گوزار

زەینەب عەبدولکەریم یەکەمی هەرێم لە پارێزگای سلێمانی بەڕێوەبەرایەتی پەروەردەی ڕۆژئاوا لە ئامادەیی پیشەیی گەشت و گوزار بە کۆنمرەی 760 بە نمرەی 95 دایکی مامۆستایە زەینەب بۆ خەبات ئاماژەی بەوەدا کە بە نیازی نمرەی بەرزتر بووە ،چونکە بە حسابی وەڵامدانەوەکەی 100 نمرەی بەدەست ئەهێنا، ئەو وتی : من لە بەغداد ژیاوم تا پۆلی نۆ هەر بەعەرەبی خوێندم دواتر چوومە سەر زمانی کوردی سەرەتا زەحمەت بوو بۆ من هەموویم ئەکردەوە بە کوردی ئینجا لەبەرم ئەکرد. دەربارەی شێوازوو دەنگۆی هەڵەی پرسیارەکانیش زەینەب وتی: وەرگێڕانەکان ئەوانەی لە عەرەبییەوە کراون بە کوردی هەڵەیەکی زۆری وەرگێڕانی تێدابوو.

دوو جار یەکەمی هەرێم

*حەسەن ئامانج بورهان یەکەمی بەشی زانستی لەسەر ئاستی هەرێم پەروەردەی ناوەندی هەولێر ئامادەیی ژیاری ناحکومی بە کۆنمرەی 700 و بە نمرەی 100 باوکی ودایکی پزیشکن حەسەن لەپۆلی نۆزش لەیەکەمەکانی هەرێم بووە ، لەبارەی مامۆستاکانی و مامۆستای تایبەت وتی : من مامۆستاکانی خۆم زۆر باش بوون و چەند مامۆستایەکی تایبەتیشم هەبوو ،بەڵام بۆچوونم وایە خوێندن هیچ پەیوەندی بە مامۆستای تایبەت و خولەوە نییە قوتابی ئەگەر خۆی زیرەك بێت بە گرنگییەوە بخوێنێ دەتوانێت نمرەیەکی باش بەدەست بهێنێت .

دەربارەی ئەوەشی ئەگەر لە قوتابخانەیەکی حکومی بویتایە هەمان نمرەت ئەهێنا ئەو وتی: قوتابخانەکەم ڕۆڵێکی گرنگی هەبوو ناسراوەو سەڵانە قوتابییەکی زۆری یەکەمی هەیە مامۆستاو ئیدارەکەی هەوڵی ئەوە دەدەن سەڵانە یەکەمەکانییان هەبێت ژینگەیەکی پەروەردەی و زانستییان بۆ قوتابی ڕەخساندووە تا رادەیەکی زۆریش پەیوەندی بە قوتابییەکەوە هەیە قوتابی لە قوتابخانەکەی من هەیە دەرنەچوە، بەڵام هاندانێکی زۆری تێدایە بۆ قوتابی.

دەربارەی ئەوەی کەتاچەند وەك قوتابییەك هەست بە هەڵەی پرسیارەکان کرد ئایا هەڵە هەبووحەسەن وتی : پێم وایە زیادەڕۆییەکی زۆر کراوە لەسەر هەڵەی پرسیارەکان کە بەو شێوەیە نەبوو بە بۆچونی من ئەمە زەختی کۆمەڵێك مامۆستایە پێم وایە جوانترین و وردترین پرسیار دانرابوو حاڵەتی دوو وەڵامی هەبوو ، بەڵام بەو جۆرە زۆرە نەبوو.

خواستی وێژەیی

سارا بەدرخان محەمەد یەکەمی هەرێم لە بەشی وێژەیی لە پارێزگای هەولێر پەروەردەی ناوەندی هەولێر ئامادەیی نەوژینی کچان کۆنمرەی 690بەنمرەی 98.57 باوکی فەرمانبەرەو دایکی کابانی ماڵە دەربارەی یەکەمبوونی بۆ خەبات وتی: هەموو ساڵێك لە ئامادەیی نمرەکانم بەرز بوون خۆم حەزم لەبەشی وێژەیی بووە تەنها خولی هاوینەم بینیوە پشتم بە مامۆستاکانی قوتابخانەکەم بەستووە.

دەربارەی ئەو ماوەیەی لە ماڵ بوو تاچەند سودی هەبوو وتی : ئەو ماوەیە زۆر باش بوو ماوەکەی زۆر بوو دەتتوانی بە ئیسراحەت بخوێنی و ئەوەبابەتانەی داغڵ نەبوون کاریگەری زۆرنەبوو

بێزاری و قەلەقی

*ڤانیا شێرکۆ حسێن یەکەمی هەرێم لە بەشی زانستی لە پارێزگای هەڵەبجە بەڕێوەبەرایەتی پەروەردەی هەڵەبجەی شەهید کۆلێژی هەڵەبجەی هاوبەشی کچان بە کۆنمرەی 700 و بەنمرەی 100 باوکی سەرپەرشتیاری پەروەردەییە قوتابخانەکەی هاوبەشە حکومی و ئەهلییە . دەربارەی مامۆستاکانی وتی : مامۆستام نەبووە و تەنها مامۆستاکانی خۆم بوون ، ساڵانی پێشووش نمرەکانم بەرز بوون و هەموو ساڵێك یەکەم بووم.

دەربارەی ئەو ماوەیەی ئیزن دڕابوون تاچەند سوودی هەبوو وتی : ئەو ماوەیە بێزار بووین بەراستی جاری وابوو بە دەڕۆژ هیچ وانەیەکم نەخوێندووە قەلەقی زۆرمان هەموو ڕۆژ دوانەخرا زۆر سوودی نەبوو بە بۆچوونی من . دەربارەی هەڵەی پرسیارەکانیش ڤانیا وتی: من هەستم نەکردووە هیچ هەڵەیەك لە پرسیارەکان هەبووبێت.

دانیشتووی ناحیەی سیروان

*لەنیا فەلاح حەسەن یەکەمی هەرێم لەبەشی زانستی لە پارێزگای هەڵەبجە پەروەردەی هەڵەبجەی شەهید ئامادەیی هەڵەبجەی کچان کۆنمرەی 700 بە نمرەی 100 دانیشتووی ناحیەی سیروانەو لە هەڵەبجە ئەخوێنێ هەموو ساڵێك نمرەی بەرزی هێناوە و یەکەم و دووەم بووە لەبارەی شێوازی خوێندنی وتی : من تەنها پشتم بە مامۆستاکانی خۆم بەستبوو قوتابخانەکەشمان ئەمە یەکەم ساڵ نییە نمرەی بەرزی تیا بێت ساڵی 2014 یەکەمی هەرێمی هەبوو خۆم پیشبینی نمرەکەم ئەکرد، چونکە هەوڵێکی زۆرم بۆ دابوو کاتێك پرسیارەکانم ئەبینی هەموویم ئەزانی هیچ شتێیەکی تیا نەبوو نەیزانم.

یەکەم لە پیشەسازی

* میر ڕەحیم کەریم یەکەمی بەشی پیشە سازی لە پارێزگای سلێمانی بەڕێوەبەرایەتی پەروەردەی ڕۆژئاوا ئامادەیی پیشەیی زانستی کۆمپیوتەر بە کۆنمرەی 750 و بە نمرەی(93.75) کاری باوکی مامۆستایەو باوك و دایکی هاندەری سەرەکی ئەو بوون. دەربارەی هەڵبژاردنی بەشی پیشە سازی و کۆمپیوتەر وتی : لەگەڵ ئاوات و ئامانجی خۆم دا بوو ، قۆناغەکانی پێشتر باش بووم ، بەڵام هەر لە سەرەتای ساڵی خوێندنی {٢٠١٩-٢٠٢٠} قۆناغی ١٢ بریارم دا کە یەکەمی هەرێم بم ، پشت بە خودای گەورە توانیم بە ئامانجەکەم بگەم و خۆشم چاوەڕێم دەکرد یەکەم بم .

داخستنی سۆشیال میدیا

*مینا زاهیر مستەفا یەکەمی بەشی خوێندنی ئیسلامی لە پارێزگای سلێمانی پەروەردەی ڕۆژئاوا لە دواناوەندی شافیعی کچان بۆ خوێندنی ئیسلامی بە کۆنمرەی (874)و بە نمرەی (97.11) باوکی پزیشکەو بە خواستی خۆی چۆتە بەشی خوێندنی ئیسلامی. دەربارەی هەڵبژاردنی بەشی خوێندنی ئیسلامیش مینا وتی : زۆرم حەز ئەکرد ببمە قوتابیەکی خوێندنی ئیسلامی وهەڵبژاردنم بۆ ئەم بەشە لای من باشترین بریاری ژیانم بوو باوکم زۆر هاندەرم بوو متمانەی پێ دەدام هەمیشە پێی ئەوتم تۆ ئەتوانی ودڵنیاشم کە سەرم بەرزئەکەیت ،

دەربارەی ئەوەشی کە ئایا هەست چی بوو کاتێك بیست کە یەکەمی مینا وتی : کاتێك بەڕێوبەری قوتابخانەکەمان پەیوەندی بە باوکم کردوتی : کچەکەت لە یەکەمەکانە وپەروەردە داوای ژمارەکەتانی کردووە ئەو کاتە هەستم ئەکرد کە دڵخۆشترین کەسم لەم ژیانەلەخۆشیا گریام دڵم زۆر ئاسوودە بوو.

دەربارەی بەکار هێنانی سۆشیاڵ میدیاش مینا وتی : زۆربەی بەرنامەکانی سۆشیاڵ میدیام داخست ئەوکاتە تەنها ئەوانەم هێشتەوە کە پێویستم پێی بوو بۆ پەیوەندی وپرسیار کردن وزەرەرپیشی نەبوو بۆم ، چونکە خۆم بەباشی بەکارم ئەهێنا بەرژەوەندی خۆمم ئەزانی.

ئابڕووچونێکی گەورە بۆ بەرشلۆنە


خولی ئیسپانیا لەئاستی ئەوروپا گەڕایەوە دواوە

یانەی بەرشلۆنە دووچاری گۆڕانێك بوو كە هەرگیز لە بیرەوەرییەكانی لەبیری ناچێتەوە كاتێك یانەی بایرن میونشن بەئەنجامی 8-2 گۆڵ لە میانی یاریی چارەگی پێش كۆتایی خولی یانەپاڵەوانەكانی ئەوروپا لێی بردەوە. ئەمە گەورەترین دۆڕانی یانەی بەرلشۆنەیە لەمێژووی خولی پاڵەوانەكان، ئەویش دوای دۆڕانەكەی وەرزی رابردوو بەچوار گۆڵ لەسەر دەستی یانەی لیڤەرپوول، دۆڕانی ئەمجارەی، كەتالۆنیای گەڕاندەوە دوای 75 ساڵ لەمەوبەر كاتێك یانەی سیڤییە لەساڵی 1946 بەئەنجامی 8-0 گۆڵ لەبەرشلۆنەی بردەوە.

ئەم دۆڕانە هەر زیانی بە بەرشلۆنە نەدا، بەڵكو ئەمە یەكەمجارە دوای 13 ساڵ هیچ یانەیەكی خولی ئیسپانی لەم قۆناغەی خولی یانە پاڤلەوانەكانی ئەوروپادا نابیندرێت، بەمەش خولی ئیسپانی گەڕانەدە دواوە.

پیکێ هەڕەشە دەکات

ئەگەر گۆڕانکاری بنچینەیی نەکەن من و چەند یاریزانێکی دیکە بەرشلۆنە جێدەهێڵین



دوای دۆڕانە ئابڕوبەرانەكەی یانەی بەرشلۆنە بەرامبەر بایرن میونشن بە 8 گۆڵ بەرامبەر 2 گۆڵ لە چامپیۆنسلیگ، پێكێ هەڕەشەی جێهێشتن لە یاناكە دەكات.

لە گفتوگۆیەكی رۆژنامەوانیدا دوای یاریەكەیان جێرارد پیكێی بەرگریكاری یانەی بەرشلۆنە رایگەیاند: "یاریەكی كارەساتباوی بوو بۆ ئێمە، لەسەر ریگەیەكی هەڵە رۆشتنین و هەست بە شەرمەزاری دەكەین."

پیكێ بۆ مارکا گوتیشی: "ئەوە جاری یەكەم و دووەم و سێیەم نیە تو و شی ئە و ئابڕووچوونە دەبین، پێویستە گۆڕانكاری گەورە لە یانەكەدا ئەنجامبدرێ، ناشمەوێ بە دیاری كراوی لەسەر یاریزان یان راهێنەر قسە بەكەم، تەنها ئەوە دەڵێم لە رووی پەیكەربەندییەوە یانەكە پێویستی بە نوێبوونەوە هەیە."

لەكۆتایی قسەكانیدا پیكێ هەڕەشەدەكات و دەڵێ:" ئەگەر گۆڕانكاری نەكەن یەكەم یاریزان دەبم یانەكە بەجێدەهێڵم!، پێویستە لەو زەلكاوە دەربچین، گرنگە گفتوگۆی جدی بكرێ بۆ ئەنجامدانی باشترین كار لە پێناو یانەكەدا."

بەرشلۆنە کیکی سیتینی دوورخستەوە

دوای دۆڕانە سەختەكەی یانەكەی بەرامبەر بایرن میونشن، كیكی سیتینی راهێنەر، بەفەرمی لەلایەن ئیدارەی بەرشلۆنە دوورخرایەوە.

یەكەم كاردانەوەی خێرا و بەپەلە دوای دۆڕانی بەرشلۆنە بە 8 گۆڵ بەرامبەر 2گۆڵ لە یاری قۆناغی هەشتی چامپیۆنسلیگ، یانەی بەرشلۆنە كیكی سیتینی راهێنەری یانەكەیانی دوورخستەوە و بەپێی زانیاریەكانی رۆژنامەنووس دی ماریزیۆ، هەفتەی ئایندە لەنێوان پۆچیتینۆ و چافی هێرناندز یەكێكیان دەبێتە راهینەری یانەكە.

هەر لەدوای یاریەكە سەرۆكی یانەی بەرشلۆنە بارتۆمیۆ رایگەیاند: " پیرۆزبایی لە بایرن میونشن دەكەم، پێش یاریەكەی ناپۆلی هەندێك بریارماندا‌وە، بەڵام جارێ ئاشكرای ناكەین و هەفتەی داهاتوو بڵاوی دەكەینەوە."



ئینتەر کرووسی دەوێت



یانەی ئینتەرمیلان بۆ گواستنەوەی تۆنی كرووسی یاریزانی هێڵی ناوەڕاستی یانەی ریال مەدرید هاتە سەرهێڵ و داوای ئەو ئەستێرە ئەڵمانییە دەكات.

بەپێی هەواڵی رۆژنامەكانی ئیسپانیا و بەشێك لە رۆژنامەكانی ئیتالیا، یانەی ئینتەرمیلان بیرۆكەی گواستنەوەی تۆنی كرووسی لەلا دروستبووە و دەیەوێ لەم هاوینەدا ئەو یاریزانە ئەڵمانییە بگوازێتەوە.

كرووس ئێستا تەمەنی 30 ساڵانە و ساڵی 2023 گرێبەستەكەی لەگەڵ ریال مەدرید تەواودەبێت، بۆیە یانە مەدریدییەكە تاوەكو شوێنگرەوەی بۆ نەدۆزێتەوە وابەئاسانی دەستبەرداری نابێت.

سەرچاوەكانی ئیسپانیا دەڵێن، زیدان بۆیە ئۆدیگاری گەڕاندووەتەوە، دەیەوێ دەستبەداری كرووس ببێت، چونكە ئەو یاریزانە تەمەنی زۆر بووە و موچەكەشی زۆرە، ئەگەر یانەی ئینتەرمیلان 30 ملیۆن یۆرۆ بە كرووس بدەن، ئەوا یانەی ریال مەدرید رازین و لەم دۆخە داراییە خراپەی ئێستادا سوودی زۆری لێوەردەگرن.



74 ـمین ساڵیادی دامەزراندنی
پارتی دیموکراتی کوردستان
١٦ی ئابی ١٩٤٦ - ١٦ی ئابی ٢٠٢٠

سڵاو دەنێرین بۆ رابەرو پێشمەرگە (سەرۆك بارزانی) و تەواوی فەرماندە و پێشمەرگە دێرینەکانی شۆرشی مەزنی ئەیلول و گوڵان و راپەرین، کە خودان مەزنترین تۆماری سەروەرین.

ماسك بەستن

خەبات XEBAT

Sun. 16 Aug. 2020 No.:(5987)

KHABAT Daily Newspaper Kurdistan - Iraq

info@xebat.net
www.xebat.net

Organ of KDP

Concessioner: Ali Abdulla Editor-in-chief: Salam Abdulla

خاوەنی ئیمتیاز
عەلی عەبدوڵڵا

سکرتێری نووسین
دڵشاد مستەفا وەسانی
dilshadmstafa@yahoo.com

سەرنووسەر
سەلام عەبدوڵڵا
07702969696 07504459940

بەڕێوەبەری هونەری
شکار عفان نەقشبەندی
shkaraffan@gmail.com

ناونیشان: هەولێر - شەقامی سەرەکی مەسیف سەلاحەدین - بەرامبەر وەزارەتی پێشمەرگە - میدیا سەنتەر

بۆ رێکلام کردن پەیوەندی بکەن بە: 07509069595 یان ئیمێڵی reklam@xebat.net بەشی ئاگادارییەکان: 07505881616